# کڵێسا و ڕۆڵی لە مەملەکەتی ئورشەلیم

# ( ١٠٩٩_ ١١٨٧ی زاینی)

دکتۆر فەتحی عەبدولعەزیز موحەمەد

# کڵێسا و
# ڕۆڵی لە مەملەکەتی ئورشەلیم
# ( ١٠٩٩_ ١١٨٧ی زاینی)

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
شێرزاد هەینی

هەولێر 2020

# پێشەکی

بابەتی ئەو کتێبە رۆڵی کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیمی لاتینی تا ساڵی ١١٨٧ی زاینی، واتە لە رۆژی دامەزراندنی مەملەکەتی لاتینی تا گرتنەوەی ئورشەلیم لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی. لەبەر کەمی ئەو بابەتە لە کتێبخانەکانمان ئەوەم هەڵبژاردووە، هەروەها ئەو توێژینەوە بۆ زانینی رۆڵی کڵێسا لە ئورشەلیم و سروشت و مەبەست و قەبارەکەی و کاردانەوەکانی لەسەر هەڵمەتی خاچپەرستەکانە لەو ناوچەیە، ئەوەش قۆناخێکی گرنگە لە مێژووی کڵێسای لاتینی.

ئەو کتێبە چوار بەشە، کە سوودمان لە زۆرترین سەرچاوە و بەڵگەنامە بینیووە. بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە توێژینەوەکەمان کردووە بە چوار بەش.

سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستای گەورەم دکتۆر قاسم عبده قاسم هەیە، کە ئاراستەی دەکردم و ئامۆژگاری کردووم و کاتی زۆری بۆ تەرخانکردووم، بەوەش ئەرکی سەرشانم لەکاتی سازکردنی بابەتەکە ئاسانتر ببوو.

د. فەتحی عەبدولعەزیز موحەمەد

میسر

مارسی ٢٠١٤ی زاینی.

# دەروازەیەک

**ئەشرەف ساڵح موحەمەد سەید**
**ئەندامی دەستەی وانەبێژی زانکۆی ئینی روشد هۆڵەندا**

پەیوەندییەکانی نێوان خۆرهەڵاتی ئیسلامی و خۆرئاوای ئەوروپی، لایەنێکی گرنگە لە توێژینەوەکانی سەردەمەکانی ناوەڕاست لە خۆرهەڵات و لە خۆرئاواش، ئەوەش تیشک دەخاتە سەر سروشت و جۆری ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو هێزە، کە هەر یەکە پێکهاتەی سیاسی و مرۆیی و شارستانی جیاوازیان هەبووە. توێژینەوەکان باس لە جۆری ململانێیەکان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی بە ئاڵای ئایینەوە ئارەزوو و ویستی سیاسییان هەبووە، یان هەڵگری پەیامی شارستانیەتی و رۆشنبیری و ئاستی نزیکبوونەوەی مرۆیی و هزریی بوون، کاردانەوەی ئەوانە لەسەر هزر و ژیانی کۆمەڵگای هەردوو بەرەکە دیار و زۆر بووە[1].

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە مێژووی شەڕەکانی خاچپەرستەکان، دەبێتە ئەزموونێک لە ئەزموونەکانی عەروبە و ئیسلام، ئینجا لە خۆرهەڵات یان لە خۆرئاوا بووبێت، ئەزموونێکی فرەلایەنە، ترسناکە، تژییە لە پەند و وانە و گوتار، بۆیە باشە ئەگەر لێیان وردببینەوە، لاپەڕەکانی هەڵبدەینەوە و ماوەماوە سەیری هەڵەکانی رابردوومان بکەین، تا بتوانین رووبەڕووی

1 _ العلاقات السياسية بين الامبراطورية الرومانية المقدسة و الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، ١٩٨٩ ص ٧.

مەترسییەکانی سەردەم ببینەوە و بەسەریاندا زاڵ بین، تا مەترسییەکانی ئایندەش بزانین و لێیان دەرباز بین.[2]

مێژوونووسان زاراوەی (شەڕەکانی خاچپەرستان)یان لەو هەڵمەتانە ناوە، کە فەرەنگییەکان، لە سەدەکانی ناوەڕاست کردویانەتە سەر وڵاتی شام و فەلەستین لەنێوان (١٠٩٥_ ١٢٩٠ی زاینی). بەڵام دیارە ئەو چەمکە تەسک و کورتبینە، شەڕەکانی خاچپەرستەکان، لەوە فراوانتر بووە و بەر لەو مێژووەش هەر هەبووە. شەڕەکانی خاچپەرستەکان لە سەرەتای بڵاوبونەوە و کردنەوەی دوورگەکانی ناوەڕاست و وڵاتی ئەندەلوس لەلایەن ئیسلامەوە هەبووە. لەو نیگایەوە، دەکرێ شەڕەکانی خاچپەرستەکان بکەینە سێ قۆناخ، ئەو شەڕەی خاچپەرستە نەسرانیەکان دەیانکردە سەر موسڵمانەکانی ناو ئەندەلوس، لەکاتی داگیرکردنی نیمچە دوورگەکە، لە سەدەی هەشتی زاینییەوە تا کاتی دەرکردن و وەرگرتنەوەی لە کۆتایی سەدەی پازدەهەمینی زاینییەوە، ئینجا شەڕەکانی خاچپەرستەکان، کە فەرەنگییەکان دەیکەنە سەر وڵاتانی عەرەبی لە خۆرهەڵاتەوە، ئەویش لە سەرەتای سەدەی یازدەی زاینییەوە تا کاتی دەرکردنیان لە کۆتایی سەدەی سێزدەهەمینی زاینییەوە. دواشەڕیش، هێرشی ئەوروپییەکان بوو بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی، هەر لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمینی زاینی، کە بە داگیرکردنی زۆربەری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ئەفریقیا و ئاسیا کۆتایی دێت.[3]

[2] _ تاريخ الحروب الصليبية، محمود سعيد عمران، دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠م، ص ١١.

[3] _ محمد عباسة، الحروب الصليبية و نزعة الكورتوازى، مجلة انسانيات، العدد ٩ سنة ١٩٩٩م، وهران _ جزائر.

کاکڵی مەبەستەکە، خاچپەرستی دەرئەنجامێکی خۆرئاوایی ئەورووپیی بووە و پەیوەندی بە غوفرانی کڵێسایی لە تاوان و گوناهەکانا هەبووە[4].

ململانێییەکانی ئیسلامی خاچپەرستی لە جەوهەردا، ململانێییەکی شارستانی سیاسی سەربازیش بووە، ململانێی دوو شارستانیەتی بووە، شارستانیەتی عەرەبی، کە ئێستا هەندێک ئامرازەکانی بەهێزەوە ماوە، لەگەڵ شارستانیەتی ئەورووپی، کە لە هێز و فراوانبوونەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیەش ئەورووپای کاسۆلیک ویستویەتی لەسەر هێزە عەرەبییە ئیسلامییەکان، کە لەودەمانە شپرزەی سیاسییان پێوە دیار بوو، گەشە بکات. دەرئەنجام خاچپەرستەکان، دەتوانن قەوارەی خاچپەرستی لەسەر خاکی عەرەبی دروست بکەن و مەملەکەتی لاتینی لە فەلەستین و وڵاتی شام دادەمەزرێنن، ماوەی دوو سەدە، هاوشانی ئەمارەتی ئەلرەها و ئانتاکیا و تەرابلوس بمینێنەوە.[5]

لەڕاستییدا ناتوانین شرۆڤەی شتەکان و رووداوەکان، لە رەهەندە رۆحی یان ئاینییەکە دووربگرین.[6] ناکرێ لە سەدەکانی ناوەڕاست و شەڕەکانی خاچپەرستەکان، دوور لە چەمکەکانی سەردەمەکە و عەقڵیەتی خەڵکەکە تێبگەین، کە دیاردە ئاینییەکانی تێدا قەبە دەکرا.[7] شەڕەکان بۆ ئەوە بووە شوێنە پیرۆزەکانیان لە چەپۆکی موسڵمانەکان دەرباز بکەن.

---

[4] ــ محمد مونس احمد عوض، الحروب الصليبية: العلاقات بين الشرق و الغرب فى القرنين ١٢ و ١٣م، ط ا، الجيزة: عين للدراسات و البحوث، ١٩٩٩م ص ٣٢.

[5] ــ يوشع براور، الاستيطان الصليبى فى فلسطين مملكة بيت المقدس اللاتينية، الجيزة ٢٠٠١م.

[6] ــ عبدالعظيم رمضان، مقال بعنوان، خواطر مورخ، جريدة الجمهورية، القاهرة العدد ١٧٥٥٣ .

[7] ــ ارنست باركر، الحروب الصليبية، ترجمة: السيد باز العرينى، بيروت، دار النهضة العربية، ١٩٦٧م، ص ٩ــ١٠.

بزاڤە خاچپەرستییەکان دەرئەنجامی رەوشە سیاسییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە کەلتوورییەکە بووە، هەندێ لە توێژەران، وادەزانن دەرئەنجامی ئاوێتەبوونی هەردوو دەزگای سەرەکی ئەودەمانەی ئەوروپا بووە، دەزگای کڵێسا و دەرەبەگایەتی، چەندین لقی و بەرنامەی تریشی هەبووە وەک حەجکردنی ئەوروپییەکانPeregrination .[8]

کاروانی حاجییەکان لەرووی هزریی و پراکتیکییەوە بۆ شەڕەکە بوارەکان ساز و گەرم دەکات، گەشەسەندنی چەشە و مەیل و ئارەزووە ئاینییەکانیش کاریگەرییان هەبووە، ئەوروپییەکان بە خۆرهەڵات دەناسێنێت و دەزانن رەوشەکە لەوێ چۆنە.[9]

زووتریش حەجکردن لە ئەوروپا هەر هەبووە، بەڵام ئەو کاروانانە دەبنە هەوێنی بیرۆکەی هەڵمەتەکانی سەدەی یازدەهەمینی زاینی، پەرۆش دەبن ئەو خاکەی پیرۆزییەکانی ئەوانی تێدایە، لە دەست ئیسلام دەربهێنن، کە دەنگۆکانی کڵێسا زۆر بەدڕندەیی باسی رەوشی ناوچەکانی بن دەسەڵاتی موسڵمانانی کردبوو.[10] حەجی چەکداری واتە هەڵمەتی خاچپەرستەکان، مەبەستی دەرهێنانی خاکە پیرۆزەکانیان بووە.[11] هەروەها بۆ ئەوان هەڵمەتەکە و بەشداربوون، باشترین بوار بووە تا لە دونیا پاک ببنەوە لە دوارۆژیش خێریان زۆرتر بگاتێ.[12]

سەرچاوەکانی مێژوو، ئەوەیان باسکردووە، کە کریستیانەکان لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە، لەو ناوچانە لەژێر سێبەری ئیسلام ئارام ژیاون. پاتریکی ئورشەلیم لە سەدەی نۆیەمی زاینی نامەیەکی نهێنی

---

[8] _ سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە٤١.

[9] _ میخائیل زابوروف، الصلیبیون فی الشرق، موسکو دار التقدم، ١٩٨٦م ص ٢٤.

[10] _ قاسم عبدة قاسم، ماهیة الحروب الصلیبیة، الکویت، سلسلة عالم المعرفة، ص٢٢.

[11] _ سەرچاوەی پێشوو ... ل٢٢_ ٢٣.

[12] _ انتونی ویست، الحروب الصلیبیة، ترجمة: شکری محمد ندینم، ص٢٤_ ٢٥.

بۆ هاوپیشەکەی پاتریکی قوستەنتینیە نووسیوە، تێدا نووسیویەتی: موسڵمانەکان نەتەوەیەکی دادپەروەرن، هیچ ئازارو ئەشکەنجەیەکمان بە دەستی ئەوان نەخواردووە. یەکێک لە نووسەرە خۆرئاواییەکان لەسەر ئەو نامەیە رامانێکی هەبووە و نووسیویەتی: حەق وایە ئیمەی کریستیان دان بەوەدابنێن، ئەوان لەبن دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی زۆر خۆشتر دەژین، لەوەی لەبن هەژموونی ئاینزا کریستیانەکان لە دەوڵەتی بیزنتی دەژیان.[13]

یەکێک لە مێژوونووسە ئەورووپییەکان وتوویەتی، رەوشی چەوسانەوەی تاکەکان، کە کریستیانەکان لە وڵاتانی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی خواروو لەسەدەی دەیەمی زاینی چێشتوویانە، فاکتەری سەرەکی و پێویست نەبووە هەڵمەتی خاچپەرستەکان بکرێت، چونکە کریستیانەکان لەوێ ئازادی ئایینی و ئازادییەکانی تریان هەبووە و ئارام و سەربەست ژیاون.[14]

کاروانی حەجی کریستیانی بۆ ئورشەلیم، لە سەدەی چوارەمەوە تا سەدەی یازدەهەمینی زاینی هەبووە.[15]

ئارەزووی حەجکردن رەگەکانی لە ناخی سروشتی مرۆڤایەتی داکوتاوە، وەستانی مرۆڤ لەو شوێنەی کەسە پیرۆزەکانی تێدا وەستاون، یان دیتنی شوێنی بوون و خەبات و مردنیان بەسەربکاتەوە, هەستێکی رۆحی پەیدا دەکات، خەڵکەکە پەرۆش بووە بگاتە ئەو شوێنە پیرۆزانە.[16]

---

[13] _ سعيد عبدالفتاح عاشور، اضواء جديدة على الحروب الصليبية، القاهرة، دار القلم ١٩٦٤م ص ١٦ _ ١٧.

[14] _ سعيد عبدالفتاح عاشور، تاريخ العلاقات بين الشرق و الغرب فى العصور الوسطى، دار النهضة العربية، ص ٢٠.

[15] _ اشرف صالح محمد سيد، مقال، حركة الحج المسيحى الى فلسطين، مجلة الفسطاط ٢٠٠٧م. www.fustat.com

[16] _ ستيڤن رنسيمان، الحملات الصليبيبة من كليرمونت الى اورشليم: ترجمة نورالدين خليل، القاهرة،ج١ ص ٦٧.

حەجکردن، لەلایەن کڵێساوە موبارەک کراوە، بۆ ئەوانەی هەڵە و گوناهیان هەیە، ئەو کاروانە بۆ ئەوان باشترین شوێنە بۆ تۆبەکردن و پاکبوونەوە.[17]

لەڕاستییدا، ئاینی کریستیانیەت لە سێ ئەرک و بنەما دامەزراوە، بەرجەستەبوون، لەخاچدان، هەڵسانەوە، بیرۆکە و ئەرکی حەجی تێدا نییە،[18] لە (پەیمانە نوێ)یەکەش هەرگیز ئاماژە بە حەجکردن بۆ ئورشەلیم بوونی نییە،[19] ئینجا کریستیانەکان بەپەرۆشەوە ئارەزووی ئەو کاروانەیان کردووە، ئەو ئارەزووەش بۆ ماوەیەکی کۆن دەگەڕێتەوە و دووری و نزیکی شوێنەکانیش بەربەست نەبووە لەسەر حەجکردن، هەر چەند رێگاکە دوور و بە ئازار بووبێت، بە دووری و ئازارەکانی رێگاکە دڵنیاتر دەبوون، وایاندەزانی لە گوناهەکانیان باشتر پاک دەبنەوە، بەڵام کە کڵێساکەی قیامەت دروست دەکرێت، کاروانەکە گەرمتر و پیرۆزتر دەبێت.[20]

لە سەردەمی سەرەتاکانی کریستیانیەت زۆر بەکەمی و دەگمەن حەج کراوە، هزری کریستیانی زۆرتر جەختی لەسەر خودایی مەسیح و گشتگەرییەکانی کردەوە نەک جەستەکەی، دەسەڵاتی رۆمانییەکان هانی خەڵکیان بۆ ئەو کاروانە نەداوە. سەدەی یەکەم و دووەمی زاینی پرۆسەی حەجکردن ئاسان و ئاسایی نەبوو،[21] شاری ئورشەلیم بە دەستی هێرش و پەلامارەکانی تیتوس Titus (٣٩_ ٨١ی زاینی)[22] ببووە کەلاوە.

---

[17] _ قاسم عبدة قاسم ...... ص ٤١_ ٤٢.

[18] _ محمد مونس احمد عوض، الحروب الصليبية ... ص ١٤.

[19] _ محمد مونس احمد عوض، الرحالة الاوربيون فى مملكة بت المقدس الصليبية، القاهرة، ص ١٧.

[20] _ علية عبدالسميع الجنزوى، الحروب الصليبية المقدمات السياسية، القاهرة، ١٩٩٩م، ص ٢٤٩.

[21] _ محمد مونس عوض .... ص ١٧

[22] _ لە سپتەمبەری ساڵی ٧٠ی زاینی سوپاکە دەگاتە ناو ئورشەلیم و پەرستگاکەی هیرودوس پاشای جوولەکە دروستیان کردبوو ئاگری تێبەردەدەن.

شارەکە بەکەلاوەیی دەمینێتەوە تا ئیمپراتۆر هادریان Hadrian (٧٦_ ١٣٨ی زاینی) دووبارە نۆژەنی دەکاتەوە و ناوی دەبێتە ئیلیای Aleia Capitolina رۆمانی،[23] بەڵام کریستیانەکان ژیان و یادی مەسیحیان هەر لەبیر بووە و رێزی هەواری کالفارییان Calvary دەگرت، بۆیە هادریان، پەرستگای ڤینوس کابیتولیین Venus Capitolina لەوێ دروست دەکات.[24]

کریستیانەکانی سەدەی سێیەم ئەشکەوتەکەی زێدی لەدایکبوونی مەسیح لە بەیت لەحم دەدۆزنەوە، بۆیە بە سەردان دەچنە ئەو ئەشکەوتە و چیای زەیتون، لەوێ نوێژ دەکەن و چاکەی رۆحی وەردەگرن،[25] بەڵام گەشەی دیار و زۆر لە پرۆسەی حەجکردنەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی قوستەنتین Constantius (٢٧٥_ ٣٣٧ی زاینی)، یەکەم ئیمپراتۆری کریستیانەکان لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەم، ئەو هەموو ئەشکەنجە و ستەمانەی لە کریستیانەکان دەکرا رادەگرێت، کاردەکات سیاسەتێکی هاوسەنگ بۆ هەموو هێزە ئاینییەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رابگرێت.[26]

دایکی ئیمپراتۆر هێلینا Helena دەچێتە ئورشەلیم بۆ دۆزینەوەی مەزار و هەوارگەی مەسیح، مێژوونووسە خاچپەرستەکە ستیڤن رنسیمان Steven Runciman وتوویەتی: ئەو ژنە مەزنترین شوێنەوارناسی گەورەی جیهان بووە،[27] چونکە پارچەکانی داری خاچەکە

---

[23] _ مصطفت كمال عبدالعليم، اليهود فى مصر فى عصرى البطالمة و الرومان، القاهرة ١٩٦٨م، ص ١٩٥_ ١٩٦.

[24] _ ستیڤن نسیمان.... ص ٦٧.

[25] _ ستیڤن... ص ٦٧_ ٦٨.

[26] _ سەبارەت بە قوستەنتین سەیری نورمان کانتور، التاريخ الوسيط، ص ٦٢_ ٧٢ بکە.

[27] _ ستیڤن ... ص ٦٨.

دەدۆزێتەوە،[28] هانای کوڕەکەشی دەدات کار بکات لەوێ کڵێسایەک لەسەر گۆڕە پیرۆزەکە دروست بکات.

ئیتر لەورۆژەوە حەجکردن دەبێتە نەریتێکی ئاسایی لەلای کریستیانەکان، لەبەر ئازار و ماندبوونی زۆرە کە مەسیح فەرموویەتی:

ئەو نەخۆشییە بۆ مردن نییە، ئەوە بۆ نەمری خودایە (ئەنجیل یوحنا ٤:١١).

هەموو ئازارەکانی رێگاکە و گەرما و ساردی کاروانەکە، بۆ گەورەیی و پیرۆزی خودا و باوەڕە ئاینییە بێگەردەکە بووە، ئەوەش ئیمانە بۆ خۆشەویستی ئورشەلیم، حاجییەکان کە قاچ دەخەنە سەر ئەو خاکەی تێدا مەسیح هاتووەتە دونیا، لەوێ هەست بە ژانەکانی ئەو دەکەن.[29]

حاجییەکان نەدەکرا بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە، تا ساڵی ٣٣٣ی زاینی، فەرەنسییەک کە لە بەنداوی بوردوBordeaux دەگاتە ئورشەلیم و هەندێک لە بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە.[30] پاش پەنجا ساڵ ژنێک بەناوی ئاثیریاAetheria و قەدیسە سیلڤیاش St.silvia سەردانەکانیان نووسیوەتەوە.[31] ئەوەش ئاماژەیە بە رۆڵی ژنان لە مێژووی سەردەمەکانی ناوەڕاست، حەجیش تەنها بۆ پیاوان نەبووە، ئەوان بۆ پیرۆزی شوێنە پیرۆزەکانی بنەماڵە پیرۆزەکە بووە پەیوەندییان هەبووە

---

[28] _ ئەو جوولەکەیەک رازی دەکات شوێنی خاچەکەی نیشان بدات، لەوێ سێ خاچ دەدۆزێتەوە، یەکێکیان خاچەکەی مەسیح بوو، دووەکەی تریش خاچی ئەو دوو دزە بووە کە لەگەڵ ئەو لە خاچدراون، بۆ ناسینەوەی خاچەکەی مەسیح، خاچەکان تاقیدەکەنەوە، دەیانەوێ بزانن کامیان مردووی ناو گۆڕەکان زیندوو دەکاتەوە و هەڵدەستێتەوە، کە یەکێکیان مردوو زیندوو دەکاتەوە، بەوە دەزانن لەو سێ خاچە، ئەوەیان خاچەکەی مەسیح بووە.

[29] _ حسن حبشی، الحرب الصليبية، ط ١، القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٥٨م ص ٢٠.

[30] _ See,Ltinerary from Bordeaux ro Jerusalem.

[31] _ Steven Runciman The oilgrimages to palestine before 1095.

و سەردانیان کردووە، بۆیە بۆ تەواوکردنی حەجەکانیان چوونەتە میسریش.[32]

لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی سێیەم ئیماندارەکانی ئاینی کریستیان ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، گەشە دەکەن و دەبنە وزەیەکی گەورە، بۆیەش گەورەکانی رۆما ناچار دەبن پێداچوونەوەیەک لە هەڵوێستەکانی بکات، نەک بۆ رۆژە ئاساییەکان، بەڵکو لەکاتی تەنگژەکان و شەڕەکانی ناوخۆش.[33]

لە سەرەتای سەدەی چوارەم، یەکێک لە گەورە قەشەکانی کریستیانی لاتینی قەدیس جیروم St. Jerome دەگاتە ئورشەلیم، لەوێ نیشتەجێ دەبێت،[34] ئەو ژنانەی لە ئیتاڵیا لەناو خانەوادە گەورەکان دەژیان، سەردانیان کردبوو و لەبن دەستی ئەو زانست فێرببوون،[35] لەناو خەڵوەتگەکەی بەردەوام خەڵک سەردانیان دەکرد و سۆزیان بۆ دیداری شوێنە پیرۆزەکان زۆر بوو.[36] ئەگەرچی ئەو زۆر لەگەڵ ژیانی ناوچەکە نەبوو، بەڵام ئەو خاکەی مەسیح تێدا ژیابوو بە پیرۆز و مەزنی

---

[32] _ گەشتی خێزانە پیرۆزەکە، (مەسیح بە مناڵی و دایکی مریەمی پاکیزە و یوسفی نەجار)، مریەم مناڵەکەی بەناو دارستان و بیابان و چیاکان دەبات تا دەگاتە سینا، دەگاتە میسر، لەکن دارێک دەمینێنەوە، دارەکە هێشتا ماوە و تەمەنی سەرووی هەزار ساڵە و بەردەوامیش سەوزە. ئینجا ژنەکە، دەگاتە سەر رووباری نیل، شوێنی کڵێسایە هەڵواسراوەکەی ئێستا، لەوێ بە بەلەمێک دەگەنە مینا، تا شاری ئەسیوت، لە شوێنێک دەمینێنەوە کە دوایی دەبێتە دێرە سووتاوەکە.

[33] _ ولیم الصوری، تاریج الاعمال المنجزة فیما وراء البحار، دمشق، دار الفكر، ١٩٩٩م ص ١٣.

[34] _ قەدیس جیروم یەکێک بوو لە قەدیسە زیرەک و بەتواناکانی کڵێسا، هەژدە ساڵ لە رۆما خوێندویەتی، لە ساڵی ٣٧٤ی زاینی دەچێتە وڵاتی شام و لەوێ لەگەڵ رەهبان و ناسکەکان دەژیت.

[35] _ خەڵکە دەوڵەمەندەکان بە سامان و ژیانە خۆشەکانیان دەستبەرداری سرووتە ئاینییەکان نەدەبوون.

[36] _ قاسم عبدە قاسم ... ص ٢٤.

دەزانێت.[37] بۆچوونەکە پەسند دەکرێت، وەک چۆن رامانەکەی قەدیس ئۆگستین St. Augustine قبووڵ کرابوو.[38]

جیروم داوا لە دیزیدروسیDesiderius هاوڕێی دەکات سەردانی مەزارە پیرۆزەکە بکات، بۆشی شیدەکاتەوە، سەردانەکەی بۆ بوار ساز دەکات تا باش لە مانای ئینجیلەکان تێبگەیت. لە نامەیەکیان تووڕەیی پێوە بووە، کە وتوویەتی دەزانیت چ خەسارەتێکی گەورەیە ئەگەر ئەو سەفەرە نەکەیت.[39] دەڵێن لە سەرەتای سەدەی دووەمی زاینی، ژمارەی میوانخانە و دێرەکانی ناو ئورشەلیم[40] بۆ پێشوازی حاجییەکان بە سەرپەرشتی ئیمپراتۆر، دەگاتە نزیکەی دوو سەد هەزار.[41]

بەر لەوەی ئیماندارەکان بەرەو حەج بەڕێبکەون، سەردانی ئەسقفەکەیان کردووە، گۆپاڵ و هەگبەیان لێی وەرگرتووە، ئەوەش لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان هیچ جۆرە جیاوازییەک نەبووە. گۆپاڵەکەش بەقەد درێژایی کەسەکە بووە، گرێی ناوەندەکەشی کەمێک لە سەرووی نیوەی هەورازتر بووە، سەرەکەی لە شێوەی خاچیش دەبەسترا، هەگبەکەشی بە پەتێک دەبەسترا، حاجییەکان بۆ هەموو دێرەکانی سەر ڕێگاکەیان نووسراویان هەڵدەگرت.

حاجییەکان کە دەگەنە سنووری دەسەڵاتی ئیسلامەکان، باجی چوونەژوورەوەیان داوە، ئینجا لە دەرگای حەجەوە چوونەتە ژوورەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە تەنها دەوڵەمەندەکان حەقیان هەبووە بچنە ژوورەوە،

---

37 _ ستیڤن ... ص ٦٩.
38 _ کاروانی حاجییەکان پڕ مەترسی بووە.
39 _ Steven Runciman Tle Pilgrimages to Pileštine before 1095.
40 _ دێر، خانووێک بووە راهیب و ژنە راهیبەکان خوداپەرستیان تێدا کردووە، لە بیابان یان لە چیاکان بووە، دێرەکان بووە بەهەوار و شوێنی پشوودانی حاجییەکان.
41 _ ستیڤن... ص ٦٩.

ئینجا حاجییەکە، دەچێتە کڵێسای قیامە و قوربانییەکە دەبینێت، دەچێتە سەر چیای زەیتون و لەناو ئەشکەوتەکەی بەیت لەحم دەبێت، لە ئاوەکەی رووباری ئوردن مەلە دەکات، دەست دەداتە لقی خورماکە و بەرەو وڵاتەکەی هەڵیدەگرێت و دەگەڕێتەوە و لەسەر قوربانی کڵێساکە دایدەنێتەوە.[42]

لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم، ژنێکی ئیمپراتۆر بەناوی ئایودوسیا لە ژیانی ناو کۆشک بێزار دەبێت، سەرهەڵدەگرێت و دەڕوات و دەگاتە ئورشەلیم، لەوێ دەست دەکات بە کۆکردنەوەی گەنجینەی هونەری نایاب، تابلۆکەی پاکیزەی قەدیس لۆقا دروستی کردبوو، دەنێرێتە خۆرئاوا، ئیتر لەودەمانە دەست دەکرێت بە تاڵانکردنی کڵێساکانی خۆرهەڵات و بردنی گەنجینە هونەرییە نایابەکان.[43]

بە هاتنی گەنجینە هونەرییەکان بۆ خۆرئاوا، کڵێساکانیان دەڕازێتەوە، بۆیە حاجییەکانیان بە تێپەڕبوونی چەند سەدەیەک، هەموو کڵێساکانی ئورشەلیم لە جوانکارییەکان رووت دەکەنەوە.[44]

سۆزداری بۆ قەدیسەکان زۆر دەبێت، رێگای دوور دەبڕن بۆ گەیشتن بەو مەزارانە و دەسکەوتی پەرجووەکان، بەو هیوایەی چاکە و دیارییەکان لەناو گۆڕەکان بەکەڵکیان بێت، حاجییەکان بۆ دۆزینەوە و هێنانی کەلوپەلە نازدارەکان خۆیان ماندوو دەکرد، تا لەناو گۆڕەکانیان بۆیان بە چاکە و خێر زیندوو ببێتەوە.[45]

---

[42] ــ یوشع براور، الاستیطان الصلیبی، ص ٢٣٩. حسن حبشی، الحرب الصلیبیة، ص ٢١ــ ٢٢.

[43] ــ ستیڤن ... ص ٦٩ــ ٧٠.

[44] ــ عزیز سوریال عطیة، الحروب الصلیبیة و تاثیرها علی العلاقات بین الشرق و الغرب، القاهرة، ١٩٩٠م ص ٢٩.

[45] ــ جوناثان ریلی، الحملة الصلیبیة الاولی و فکرة الحروب الصلیبیة، القاهرة، ١٩٩٣م ص ١٧ــ ١٨.

بازرگانییەکانی سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، پەیوەندییەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات پتەو و گەرم دەکات، بەڵام لەبەر برسیەتی و نەهامەتییەکانی خۆرئاوا، ئەو بازرگانییە سست و لاواز ببوو، ماوەماوەش نەدەما، بۆیە دەریاکان راووڕووتی تێدەکەوێت و نەدەکرا بازرگانی بێ چەک، ئەو کاروانە دەرياييەيان بکات.[46]

لە سەدەی شەشەمی زاینی لەگەڵ پەرەسەندنی کاروانی حاجییەکان ڕێبەی ئورشەلیم The Breviarus of Jerusalem بۆ ناسینەوە لەسەر خەڵکەکەی ئەوروپای خۆرئاوا دابەشکراوە، تا بتوانن هەموو شوێنەکان ببین و شارەزا بن.[47]

لە سەدەی حەوتەم هەڵمەتەکانی ئیسلامی بۆ ناوچەکە دەست پێ دەکات، ولاتی شام بە فەلەستینەوە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی عەرەبی ئیسلامی، سیاسەتەکەیان بەرامبەر کریستیانەکان لێبووردیی و نەرم دەبێت، هەڵسوکەوتی دەمارگیرییان لێ بەدی ناکرێت.[48] لەبەر رەوشە نوێیەکە و پەیدابوونی چەتەکانی دەریا دیاردەی حەج کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی ژنەکان.[49]

لە سەردەمی هارون رەشید پەیوەندییەکانی عەباسییەکان و کارولنجیەکان باش دەبێت، بۆیە ژمارەی حاجییەکان زیاد دەکاتەوە.[50] بەڵگەنامەیەکی مێژوویمان هەیە، بەناوی بیرەوەری لە کڵێساکانی ئورشەلیم، ناوی کڵێسا و دێر و ناوچە نزیکەکانی تێدایە، هەروەها ناوی

---

[46] _ ستيڤن رنسيمان، تاريخ الحروب .. ص ٧٨.

[47] _ قاسم عبدة قاسم، الخلفية الايدلوجية للحروب الصليبية، الجيزة، عين للبحوث و الدراسات ،١٩٩٩م، ص ٣٠.

[48] _ محمد مونس... ص ١٦.

[49] _ستيڤن رانسيمان، الحملات .. ص ١٦.

[50] _ محمد حلمى محمد احمد، مصر و الشام و الصليبيون، القاهرة، دار الثقافة العربية، ١٩٨٢م، ص ٤٥_ ٤٦.

شەماس و ئەسقف و رەهبانەکانی خزمەتی دەزگا ئاینیەکانیان کردووە تۆمارکراوە.[51] رنسیمان نووسیویەتی لەبەر گەرمی دۆستایەتی شارلی مەزن charlemangne (٧٦٨_ ٨١٤ی زاینی) و هارون رەشید (٧٨٦_ ٨٠٨ی زاینی)، ژمارەیەکی زۆر کریستیانی حەجی خۆیان کردووە، لەوانە ژنیشیان لەگەڵ بووە.[52]

له سەدەی نۆیەمی زاینی، ئەو بینایانەی شارلمان له فەلەستین دروستی کردبوون لار ببوونەوە و نزیکی رووخان ببوون.[53] له خۆرئاوا و لەو سەدەیە جۆش و پەرۆشی زۆر دەبێت بۆ کۆکردنەوەی روفات و کەرەستە پیرۆزەکان، لەسەر راسپاردەی یاساناسی کڵێساکان، خەڵکەکە بۆ ئەو مەبەستە کەلوپەلی زۆر لەناو کڵێسا و دێرەکانی کارولنجی کۆدەکەنەوە.[54]

سەدەی دەیەم سەردەمی زێڕینی حەج بووە. ئەوانەی تاوانێکیان دەکرد، بۆ دەربازبوون و ونبوون له شوێنی تاوانەکە، بەو حەجکردنەکە دووردەکەوتنەوە، بۆیە حەجی کوفریش پەیدا دەبێت، بەوەش خۆیان له سزادان رزگارکردووە.[55] بیرۆکەی غوفران ئەوەندە کاریگەری نەبوو، تا بە بیرۆکەی حەج بۆ ئورشەلیم نەبەسترایەوە.[56]

---

[51] _ John Wilkinson , Jeruaslem Pilgrims Before the Crusades Warminster, Aris and Philips, 1977.

[52] _عباس عاجل جاسم الحيدري، سمير صالح العمر، الحروب الصليبية، مجلة جامعة بابل م ١٩، ٢٠١١م، ص ٦٨٦.

[53] _ ستيڤن رانسيمان، الحملات ... ص ٧٢ _ ٧٣.

[54] _ جوناثان ريلي سميث، الحملة الصليبية، ص ٣٠.

[55] _ يوشع... الاستيطان... ص ٢٣٤.

[56] _ قاسم ... ماهية الحروب ... ص ٢٧.

له سەدەی دەیەم گۆڕانکاری گەورە لە ئەورووپا پەیدا دەبێت، بزاڤی دێر کلۆنی لە ساڵی ٩١٠ی زاینی لە فەرەنسا دادەمەزرێت،[57] ئەوانیش چاکسازی لە دێرەکانی ئەورووپا دەکەن، بەوەش کاروانی حەجیش گەشە دەکات، هەموو ئاسانکارییەکان بۆ حاجییەکان دابین دەکەن.[58]

لەو سەدەیە دەیانگووت مەزار و روفاتی پیرۆزی پیاوچاکان و شوێنەکان پارێزراون و دێر و کڵێساکان ماون.[59] لە کۆتایی ئەو سەدەیە بانگەشەیەک پەیدا دەبێت، کە لە کۆتایی ئەو سەدەیە مەسیح بۆ ئیماندارەکان دەردەکەوێتەوەو موژدەی ئەوەیان لەناو خەڵکەکە بڵاودەکردەوە،[60] لەبەر ئەوەش خەڵکەکە بەلێشاو بەرەو حەج دەچوون، دەڵێن حاجییەک لەسەر خاچەکە پاڵدەداتەوە و دوعا دەکات و دەنوزێتەوە: گەورەمان حەزرەتی مەسیح، ئەی ئەوەی لەسەر عەرشی بەرزەوە دادەبەزیتەوە سەر زەوی بۆ دەربازکردنی رەگەزی مرۆڤ، ئەی ئەوەی لەسەر شێوەی ئادەمیزاد چوویتە ئاسمان، لەبەر شکۆ و گەورەییەکەت لێت دەپاڕێینەوە، لەو شوێنەی تۆ بۆ ئاسمان بەرزبوویتەوە، گیانمان بەرە و رزگارمان بکە.[61]

لە سەدەی یازدەهەم خەلیفەی فاتیمی ئەشکەنجەی زۆری خەڵکی کریستیانی دەوڵەتەکەی دەدا،[62] هەموو موڵکەکانی کڵێساکان دەکاتە موڵکی دەوڵەت و سرووتەکانیان و هەڵواسینی خاچیش قەدەغە دەکات.[63]

---

[57] _بزاڤی چاکسازی کلۆنی، یان چاکسازی لەناو دێرەکان لە سەرووی حەوزی راین، لەلایەن ولیم کونت اوفرن دێرێکی نوێ لە ساڵی ٩١٠ی زاینی لە کلۆنی دادەمەزرێنێت، باوەڕدارەکانی دەیانویست دەسەڵاتی ئاین و دەوڵەت لەیەک جیابکەنەوە.

[58] _ بۆ زۆرتر زانیاری لەسەر دێری کلۆنی و هزر و چالاکییەکانی سەیری کتێبی: دیر کلونی و دورة فی الحروب الصلیبیة، جامعة الازهر ٢٠١٢م بکە.

[59] _ جوناثان سمیث، الحملة الصلیبیة، ص ٢١.

[60] _ حسن حبشی، الحرب الصلیبیة، ص ٢٠.

[61] _ علیة عبدالسمیع الجنزوری، الحروب الصلیبیة، ص ٢٤٩_ ٢٥٢.

[62] _ کلود کاهن، الشرق و الغرب زمن الحروب الصلیبیة، ١٩٩٥م، ص ٣٦_ ٣٧.

له ساڵی ١٠٠٩ی زاینی فەرمان دەدا، کڵێسای قیامە بڕوخێنن، کردەوەکانی ناو کڵێساکە بە کردەی دوور لە ئاین ناو دەبات. لە ساڵی ١٠١٤ی زاینی ژمارەی کارە تێکدەر و سووتانی کڵێساکان دەگاتە نزیکەی سی هەزار کڵێسا، بۆیەش زۆر لە کریستیانەکان لە ترسی گیانی خۆیان وەک ئیسلام خۆیان نیشاندەدەن.[64] لەگەڵ زۆربوون و ئەشکەنجە گرانەکانی سەریان، لەناو شەقامەکانی قاهیرە و فستات لەبەردەم کۆشکی حاکمەکەیان کۆدەبنەوە و دەنگی گلەییان بەرز دەکەنەوە، داوا دەکەن ئازار و ستەمەکانیان لەسەر سووک بکەنەوە، ئەویش لێیان دێتە دەنگ و ئارامیان دەکاتەوە، بەوەش هەڵچوون و گردبونەوەکەیان کۆتایی دێت.[65]

راستییەکەی ئەو توندکاری و دەمارگیرییە پیشە و هزری ئیسلامی نییە، کە داوای لێبووردەیی و هاوژینی ئاینی دەکات،[66] ئەوەی شایانە باسە حاکمەکە بامر الله، تەنها مەبەستی چەوساندنەوەی کریستیانەکانی نەبوو، بەڵکو دژی جوولەکەکانیش توندکار بووە، موسڵمانەکانیش بە دەست ستەم و زۆرداری خەلیفەکەیان هاواریان لێ هەڵسابوو.[67]

رێگای حاجییەکان بە سەرباز و پاسەوان چاودێری دەکران، نان و ئاویان بۆ دادەنرا، بەڵام هەندێ جار سروشتی ناڵەباری چیاکانی ئەنادۆڵ شەکەتی دەکردن. لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئورشەلیم و کڵێسای

---

[63] _خەڵکە موسلمانەکە دەرفەت وەردەگرن کاری ناڕەوا دەکەن، دەچنە ناو دێرەکان و دارەمەیتەکان دەبەن و کتێب دەسوتێنن. بۆ زیاتر سەیری: ظهور الخلافة الفاطمية و سقوطها في مصر، دار الفكر العربي، ١٩٩٤م، ص ٢٩٦ _ ٢٩٧ بکە.

[64] _ ستیڤن رنسیمان ... ص ٦٠ _ ٦١.

[65] _ محمود خلف، ثورات المصرين فى العصر الفاطمى، القاهرة، الهيئة العامة للكتاب، ٢٠١٢م ص ١٨٤_ ١٨٧.

[66] _علية عبدالسميع ... ص ٢٥٢.

[67] _ ستیڤن رنسیمان ... ص ٦٠_ ٦١.

ئورثۆزکسی ناو شارەکە پێشوازی گەرمیان لێ دەکرا، کە نورمانەکان هێرش دەکەنە سەر سەر و سامانی بیزنتییەکان لە باشووری ئیتاڵیا، حاجییەکانی نورمان لەلایەن فەرمانبەرانی ئیمپراتۆریەت بەساردییەوە پێشوازییان دەکەن.[68] بێجگە لە ئازاردانیان لەلایەن موسڵمانەکان، حاجییەکان لەلایەن ئیمپراتۆری بیزنتییەوە فەرمان دەدرێت بوار نەدەن بچنە ناو گۆڕە پیرۆزەکە، باسیلی دووەم Basil II (٩٥٨_ ١٠٢٥ی زاینی) فەرمان بە فەرمانبەرەکانی دەکات باج لە حاجی و ئەسپەکانیان وەربگیردرێت.[69]

دیارە رەوشەکان گونجاو بووە بۆ حەجکردنەکە، بۆیە خەڵکەکە بە لێشاو هاتووون، رالف جلاب Ralph Glaber (٩٨٥_ ١٠٤٧ی زاینی) یەکێک بوو لە رەهبانەکانی دێری کلۆنی، ئەو نووسیبویەتی: خەڵک زۆر دێنە سەردانی مەزاری گەورەمان لە ئورشەلیم، تەنها خەڵکی سادە نین، پاشا و بەگزادە و سەرکردەی زۆریان تێدایە، تا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەژاریش هاتوون، زۆریان دەیانەوێ بمرن بەس نەگەڕێنەوە ولاّتەکانیان.[70]

لە سەدەی یازدەهەمی زاینی، کاروانە گەورەکەی حاجیانی ئەڵمانیا کراوە کە بە رێبەرایەتی سیجفردSiegfried سەرۆک ئەسقفەکانی ماینزMainz و جونسرGunther ئەسقفی بامبرج Bamberg و ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینییان لەگەڵدا بووە،[71] هەندێک دەڵێن ژمارەیان حەوت یان دە هەزار کەس بووە،[72] هەندێکیش وتوویانە ژمارەیان دوازدە هەزار ژن و پیاو بووە.

---

68 _علیة ... ص ٢٥٢.

69 _ میشیل بالار، الحملات الصلیبیة و الشرق اللاتینی، ترجمة: بشیر السباعی، ٢٠٠٣م، ص ٢٥، ٢٦، ٣٥_ ٣٧.

70 _ قاسم ... ص ٤١_ ٤٢.

71 _ محمد عبدة ... ص ١٩.

72 _Stevan Runciman...

ململانێی سەلجۆقی فاتیمی لەو سەدەیە، کاردانەوەی لەسەر گەیشتن و هاتنی حاجییەکان بۆ ئورشەلیم هەبووە، ژمارەیان کەم دەبێتەوە و ئارامی و سەلامەتییان وەک جاران نابێت، لەبەر شەڕەکان و نەمانی دەسەڵاتی توندی دەوڵەت، کاروانەکان سەلامەت نەدەبوون، ئەوەش مانای ئەوە نییە چەوسانەوەیەکی زۆر و راگرتنی یەکجاری کاروانەکە بووە.[73] زۆر لە مێژوونووسی ئەورووپی کریستیانی بە ئینساف و راشکاوانە نووسیویانە کە سەلجۆقییەکان گۆڕانی گەورە و کاردانەوەی زۆریان لە رەوشی کریستیانەکانی خۆرهەڵات نەکردووە،[74] کریستیانییەکانی بن دەسەڵاتی سەلجۆقییەکان باشتر بوون، لەوانەی لەناو دڵی ئیمپراتۆریەتی بیزنتی دەژیان، کێشە و ئازارەکانی کریستیانی وڵاتی شام و ئاسیای ناوەڕاست، دەرئەنجام و کاردانەوەی ململانێیەکانی نێوان سەلجۆقییەکان و بیزنتییەکان بووە.[75]

کریستیانییەکان خۆیان بڕوایان وابوو، ئەگەر ئازار و کێشەی زۆرتر بێتە رێگای کاروانەکەیان گەشتەکانیان زۆرتر مەبەستەکانی دەپێکێت و سەرکەوتووتر دەبن.[76] موسڵمانەکان، بە کاروانی زۆر و گەورەی حاجییەکانی لەڕووی داراییەوە قازانجیان کردووە، ئەوەی شایانی باسە زوهد و کەمکردنەوەی مەسرەف یەکێک بووە، لە نمونەی باڵای رفتارەکانیان.[77]

---

[73] _ محمد مونس ... ص ٢٠.

[74] _ محمد مونس ... ص ٢٦.

Thompson, J,W, Economic and social history of the Middle Ages london 1959.

[75] _ علیه ... ص ٢٥٢.

[76] _ Paul Alphandery, Lachretiente et lidee, les premiers, Paris , Michel, 1945.

[77] _ قاسم عبده ... ص ٣١.

فەرەنگییەکانی ئەوروپا، شەڕەکانی موسڵمانەکانی خۆرهەڵاتیان بە بیانوو زانیوە بۆ گلەیی حاجییەکان، بۆیەش پاپا ئاربانوسی دووەم Urbanus II (١٠٨٨_ ١٠٩٩ی زاینی) پیاوی ئاینی فەرەنسی پوترسی راهیبPierre L, Ermite رادەسپێرێت بانگەشەی شەڕی موسڵمانەکان بکەن بۆ رزگارکردنی شوێن و مەزارە پیرۆزەکان.[78] پاپا کلیرمونت فراندClermont Ferrand له باشووری فەرەنسا، کۆنگرەیەک دەبەستێت، لەوێ پاپا پوترس وتەیەک پێشکەش دەکات و هانیان دەدات بۆ شەڕکردنی موسڵمانەکان، لەوێ پاپا گوتبووی: ئەرکی سەرشانی نەسرانییەکان شەڕ بۆ پاراستنی خۆیان لە کاروانی حەجدا بکەن، گیانیان بکەن قوربانی رێگای گەیشتن بە مەسیح، ئەگەر نەتوانن با پارە بەو شەڕە پێشکەش بکەن. هەروەها پوترسی راهیب گوتبووی: من گۆڕەکەی حەزرەتی مەسیحم بە ریسوایی و شەرمەزاری، میوان و حاجییەکانیشم بە چەوساوەیی بینیووە.[79]

ئامادەبوان هاوار دەکەن و داوای جەنگ دەکەن و دەڵێن: خودا ئەوەی دەوێتDieux Le volt. ئەو هاوارە دەبێتە هاواری کریستیانەکان بۆ شەڕی موسڵمانەکان، خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن و خاچی بە قوماشی سوور لەسەرشان دادەنێن و بەرزی دەکەنەوە، ئیتر شەڕەکان بە خاچپەرستەکانCruzada دەناسرێت.[80] مێژوونووسی عەرەب ئیبن تەغری بردی ناویان لێ دەنێت، بزاقی فەرەنگ، بەشداربووەکانیش لەلایەن

---

[78]_ فاکتەرەکانی شەڕەکانی خاچپەرستەکان بڵاوکردنەوەی هزری کڵێسای کاسۆلیک بووە، جا ئەگەر کۆششەکە بە چەک و شەڕیش بێت. بڕوانە: مصعب حمادی الزیدی، الموسسة الدينية فيدولة القدس الصليبية، مجلة جامعة كركوك م ٧، ٢٠١٢م ص ٤٩٠.
[79]_ عبدالمنعم ماجد، ظهور الخلافة الفاطمية، ص ٣٦٨.
[80]_ مختصر تاريخ لبنان، تعريب كمال اليازجي، ص ١٢٨.

عەرەبەوە ناونراون فەرەنگییەکان، مەبەستیان لەوە جەنگاوەر کریستیانەیە عەرەبەکان نەبوو.[81]

ئەوەی دیارە و روون دەبێتەوە، حەجی کریستیانەکان رۆلێکی زۆری لەسەر هەڵگیرسانی شەڕی خاچپەرستەکان دەبێت، پاش وتارەکەی پاپا ئاوربانی دووەم کە ئاگری شەڕەکە خۆش دەکات، لەناو دڵی خۆرئاواییەکان ناکوژێتەوە، مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا وتاری وا کارگێر و بەجۆشی تری نەدیووە. ئەو مەسەلەیە ئاینی کریستیانی لە ئاینێکی ئاشتییانەی دژ بە شەڕ و نەفرەتی هێز و زۆرداریەکان، شەڕی ئاینێکی تری کردووە، باوەڕدارەکانی هاندەدات ئامرازی گەورەی کوشندە ساز بکەن، بۆ دەستدرێژی و شەڕکردنی میللەتانی تری ئیماندار بە ئاینی تری بێجگە لە کریستیانیەت.[82]

## مەزارە موقەدەسەکانی کریستیانییەکان لە ئورشەلیم [83]

لە سەردەمی قوستەنتینەوە بایەخ بە دروستکردن و سازکردنی هەوار و شوێنەکانی ئاینی کریستیانی ناو ئورشەلیم دەدرێت،[84] ئینجا شارەکە دەبێتە شاری هەرە پیرۆز و مەڵبەندی حەجی گرنگی جیهانی کریستیانی.[85] کە تەختە دارەکانی خاچەکەی مەسیح و گۆڕەکەی لە

---

[81] _ عبدالمنعم ماجد ... ص ٣٦٨.

[82] _ محمد مونس عوض، سندباد فی عصور الحروب الصلیبیة، ص ١٥، محمد مونس.. الرحالة الاوربیون، ص ٢٦_ ٢٧.

[83] _ موسی دیب الخوری، تاریخ القدس المسیحیة قبل الاسلام، موسسة القدس للثقافة و التراث، ٢٨ی مارس ٢٠١١. www.alquslana.com

[84] _ صلاح الدین محمد نوار، العدوان الصلیبی علی العالم الاسلامی، ط ١ الاسکندریة دار الدعوة، ١٩٩٣م، ص ٣٥، شوقی شعث، القدس الشریف، الرباط، بابل للطباعة و النشر، ١٩٨٨م ص ١٨٢.

[85] _ لەسەر پایە و گرینگی ئورشلیم بۆ کریستیانییەکان بڕوانە:

ساڵی ٣٢٥ی زاینی[86] لە کاروانەکەی قەدیسە هێلینا دەدۆزرێتەوە، هەروەها دۆزینەوەی کڵێسایە گومبەتدارەکانی سەر گۆڕەکە و بازیلیکا ئایلیونا لە چیای زەیتون و ئەشکەوتەکەی مەسیح  کە خوێندکارەکانی تێدا فێری دەکرد و دانوستیان دەکرد،[87] ئورشەلیم دەبێتە سومبڵی کریستیانییەکان.

لە سەدەی چوارەم لەسەر چیای سەهیون بە یارمەتی و پێشنیار ئەسقف و دەوڵەمەندەکان، لە (شوێنی شکۆداری مەسیح پاش قیامەت و دابەزینی رۆحە موقەدەسەکەی، کە دوایی دەبێتە شوێنی دوا ئێوارەکە)، لە شوێنی ئازاردانەکە لە جیشیمانی و لووتکەی چیای زەیتون (شوێنی بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان پاش قیامەتەکە) چەندین کڵێسا دروست دەکەن. لە سەدەی پێنجەمی زاینی کڵێسای زۆر لە چەندین شوێن و

---

Hunt Janin, Four Paths to Jerusalem, Jwish, Christian, 1943. Muslim

[86] _ کالڤاری (جلجلة)، ناوی ئەو شوێنەیە لە نزیک ئورشەلیم، کە مەسیحی تێدا لە خاچدراوە، لەوێ کە دوا قۆناخی کاروانەکەی گەورەمان مەسیح دەست بە خاچەوە کردویەتی، کە بە کاروانی ژان و ئازارەکان، یان بە کاروانی خاچ دەناسرێت. مێژوونووس و شوێنەوارناس و زاناکان، کۆکن لەسەر شوێنەکە، گردی جلجلة دەرەوەی شوورەی ئورشەلیمی باکووری خۆرئاوا لە رۆژانی مەسیح، کە مەسیحی تێدا لە خاچدراوە، بۆ ئەو بابەتە بڕوانە: احمد دراج، وثائق دیر صهیون فی القدس الشریف، القاهرة، مکتبة انجلو، ١٩٦٨م ص ١٣٧. پەراوێز ٤٤. میخائیل مکس اسکندر، القدس و بیت لحم، القاهرة، مکتبة المحبة، ١٩٩٩م، ص ٧٩.

[87] _ کڵێسای قیامەت: ئەو کڵێسایە لەلایەن هێلینا دایکی قوستەنتین لە ساڵی ٣٢٥ی زاینی، لەسەر گردی جلجلة و لە شوێنی دۆزینەوەی تەختەدارەکەی خاچەکە دروستکراوە. لە سەردەمی کوسرا، لە ساڵی ٦١٤ی زاینی کڵێساکە سوتێندراوە، ئینجا لەسەر دەستی راهیب مورستس، کڵێساکە لە ساڵی ٦١٧ی زاینی دووبارە دروستکراوەتەوە. کە موسلمانەکان شارەکە لە ساڵی ٦٣٩ی زاینی دەگرن، کڵێساکە زیانی بەرناکەوێت، خەلیفە عومەر رەفزی ئەوەش دەکات بیکەنە مزگەوت، بەڵام خەلیفە حاکم بامر الله دەیڕوخێنێت، بەڵام کوڕەکەی نۆژەنیدەکاتەوە. سەیری ئەو سەرچاوەیە بکە: محمد مونس عوض، الجغرافیون و الرحالة المسلمون فی بلاد الشام فی عصور الحروب الصلیبیة، ط ١، الجیزة، عین للدراسات و البحوث، ١٩٩٥م، ص ٦٢، هامش ٥٠.

مەزاری جیاواز لە ئورشەلیم دروست دەکەن، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی مەسیح دەگەیەنن، وەک کۆشکی قیافا، کە دەبێتە کڵێسای قەدیس پوترس، بارەگا و دادگای بیلاتس، گۆڕی مریەم، بەرەکەتی سلوە، بەرەکەتی مەڕەکە، گۆڕی عازر لە بیت عنیا و چەند شوێنی تر.

لە سەدەی شەشەم کڵێسای مریەم دروست دەکەن، چەند گەنجینەیەکی مریەمی پاکیزەی لێ دادەنێن. لەتەنیشت ئەو کڵێسانە، دیوەخان و هەواری نیشتەجێبوون بۆ حاجییەکان دروست دەکەن. دێری زۆریش دروست دەکەن، لەوانە لە چیای زەیتون، دێر میلانیای گەورە ساڵی ٣٧٢ی زاینی، دێر میلانیای بچووک ساڵی ٤١٧ی زاینی، لە ساڵی ٤٥٠ی زاینی ئیمپراتۆر ئاڤدوکیا، شوورەیەک بۆ شارەکە دروست دەکات، کە چیای سەهیونیش بگرێتەوە و بکەوێتە ناو شوورەکە.

ژمارەی کریستیانەکانی ناو ئورشەلیم زۆرتر دەبێت، بوار نادەن جوولەکە بێنە ناو شارەکە، بەڵام لە یادی بیرەوەری هەیکەلەکە بواریان دەدەن، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی جولیانوس (٣٦١_ ٣٦٣ی زاینی)، کار دەکەن بۆ نۆژەنکردنەوەی هەیکەلەکە بەڵام سەرناگرێت.

لە ساڵی ٦١٤ی زاینی فارسەکان گەمارۆی شارەکە دەدەن، خەڵکێکی زۆر دەکوژن و شوێنەوارەکان دەروخێنن و داگیرکردنەکەیان تا ساڵی ٦٢٩ی زاینی درێژە دەکێشێت. لە ساڵی دوایی، هەرقل ئەو زەخیرە و کەرەستە پیرۆزانەی لەگەڵ خۆیان بردبوویان لە سلوقیا تیسفون دەگێڕێتەوە. پاتریک مودستوس چەندین بەشی رووخاوەکانی کڵێساکان نۆژەن دەکاتەوە. بەڵام ئەو ڕەوشە زۆر ناخایەنێت عەرەب گەمارۆی شارەکە دەدەن، گەمارۆدانەکە حەوت مانگ دەخایێنێت، دەکەوێتە بن دەستی عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خودای لەسەر بێت. پاش وەرگرتنی باج و سەرانە شارەکە ئارام دەژیت.

شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانییەکان[88] دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی خۆرئاوا، بۆیەش ئەو ناوچەیە یەکپارچە دەبێتە هەواری کریستیانەکان، موسڵمانەکان نزیک ئەو شوێنە ناکەون، چوونە ناو کڵێساکانی چیای زەیتون و دۆڵی قدرونیان لێ قەدەغە دەکرێت، بەتایبەتی کڵێسای بەرزبونەوە[89] Ascension و مەزاری مریەم. بەبێ سانسۆر و چاودێرییەکان، کریستیانەکان دەست دەکەنەوە بە نۆژەنکردنەوەی کڵێساکانیان، بۆیە لە سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمی زاینی ژمارەیەکی زۆری کڵێسا دروست دەکرێنەوە.[90]

## خۆرهەڵاتی عەرەبی ئیسلامی بەر لە شەڕەکانی خاچپەرستەکان[91]

لە نیوەی دووەمی سەدەی یازدەهەمی زاینی، موسڵمانەکان لایەنگیری سیاسییان بەسەر خەلافەتی عەباسی لە بەغدا و خەلافەتی شیعەی فاتیمییەکان لە قاهیرە دابەشببوو، ناکۆکییەکانیان بەردەوام بوو، ئاوچەکە چەندین ئەمارەت و ولایەتی سەربەخۆی تێدا بوو، ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو، کە نەتوانن بەڕووی پەلاماری خاچپەرستەکان بەرگە بگرن.

ناکۆکییەکانی ناو دەوڵەتی عەباسی و شپرزەییان بە دەستی بەگزادە سەلجۆقییەکان، ڕەوشی ناڵەباری فاتیمییەکانیش، کە ببوونە

---

[88] __ ئەگەرچی کریستیانیە سەرەتاییەکان، پەرۆشی پاراستنی یادگارییەکانی سەر شوێنە پیرۆزەکان بوون، بەڵام گلەیی و گومانیش لە رووی مێژووییەوە هەبووە. بروانة: الاحداث الانجيلية الخاصة باماكن الحج فى منطقة نهر الاردن. لەناو گایدی نووسراو و گەشتیاری خاکە پیرۆزەکە.

[89] __ عرفة عبدة على، القدس العتيقة: مدينة التاريخ و المقدسات، ط ١، القاهرة، الهيئة العامة لقصور الثقافة، ٢٠٠٧م، ص ٨١.

[90] __ كارين امسترونج، القدس: مدينة واحدة، ثلاثة عقائد، ت: فاطمة نصر، محمد عنانى، مصر القاهرة، دار السطور للنشر و التوزيع، ١٩٩٨م، ص ٣٩٣.

[91] __ مصطفى وهبة، موجز تاريخ الحروب الصليبية، ط١، القاهرة، مكتبة الايمان للنشر و التوزيع، ١٩٩٧م، ص ١٦_ ١٧. كلود كاهن الشرق والغرب ص ٤١_ ٥١.

بووکەشووشەی وەزیرەکان، سیاسەتی ناوخۆی ناوچەکەی پەریشان کردبوو.[92]

که خاچپەرستەکان دەگەنە ناوچەکە، ئەمارەتی حەلەب بە دەست رەزوانی سەر بە فاتیمییەکان حوکمی دەکرا، ئەوان دژایەتی و شەڕیان بەڕووی ئەمارەتی خۆرهەڵاتی سەر بە عەباسییەکان گەرم بوو، ئەمارەتی شیرازی سەر رووباری ئەلعاسی، نزیک حەما بە دەست بنەماڵەی مونقذ بوو، تەرابلوسیش لەبن دەستی بنەماڵەی عەماری شیعەکان بوو، ئورشەلیم تا ساڵی ١٠٩٨ی زاینی بە دەست سەلجۆقییەکانەوە بوو، ولایەتەکانی سەرووی شامیش لەنێوان بیزنتی و موسڵمانەکان دەستاودەستی دەکرد، بەوەش شارەکە رووبەڕووی کەلاوەیی و خاپووربوون دەچوو.

یەک سەدە بوو، ناوچەکە لەناو ململانێیەکان داتەپیبوو، بۆیە دەسەڵاتی عەرەبی و ئیسلامی نەیانتوانی بەڕووی هێرشەکان بەرگە بگرن. کەوتنی شاری نیقیەی پایتەختی دەوڵەتی سەلجۆقییەکانیش، بە دەست هێزە هاوبەشەکانی بیزنتی و خاچپەرستەکان نەبووە پەندێک بۆ وریایی و یەکریزی هێزە ئیسلامییەکان.

ئەبو موحاسنی مێژوونووس سەرسامە، لەوەی چۆن فاتیمییەکان هاوکاری هێزە ئیسلامییەکان نەبوون، بۆ بەرگریکردن لە ئانتاکیا بەڕووی خاچپەرستەکان.[93] راستییەکەی، فاتیمییەکان بەڕاستی لە خاچپەرستەکان تێنەگەیشتبوون، کەوتنی سەلجۆقییەکانیان بە دەرفەت دەزانن بۆ

---

[92]_ سەیری: محمد العروسی المطوی: الحروب الصلیبیة فی المشرق و المغرب، ط ٢، بیروت: دار الغرب الاسلام، ١٩٨٢م ص ١٥_ ١٧ بکە.

[93]_ ابو المحاسن، النجوم الزاهرة فی ملوک مصر و القاهرة (دانەی ئەلکترۆنی ).

وەرگرتنەوەی فەلەستین و ئورشەلیم، وایاندەزانی لەو پێشهاتەدا ئەوان سوودمەند دەبن.[94]

فاتیمییەکان وادەزانن یەکبوونیان و هاوکاریکردنی خاچپەرستەکان دژ بە تورکەکان، بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە، بەڵام کە خاچپەرستەکان ئانتاکیا و فاتیمییەکان ئورشەلیم دەگرن، دەبنە دوو نەیاری رووبەڕوو و ئاسایی بوو کە ناکۆکییەکان بەشەڕ بتەقێتەوە.[95]

## ئورشەلیم لەکاتی شەڕەکانی خاچپەرستەکان.[96]

شاری ئورشەلیم پێگەیەکی ستراتیژی هەبووە، بەبێ ئەوەی سەنتەرێکی بازرگانی یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی گەورەش بێت، بەردەوام داگیرکەران هێرشیان کردوتەسەر و وێرانیان کردووە، لە مێژووی خۆیدا هەژدە جار وێرانکراوە و سەرلەنوێ نۆژەنکراوەتەوە، ناوی وەک پێشەنگی شارەکان زیندوو بوویەتەوە، شارەکە لەبەر ئەوەی پیرۆزی هەموو ئاینەکان بووە، بۆیە زەحمەتی زۆری کێشاوە و چاکی زۆریشی بۆ کراوە.[97]

فارسەکان ئەو شارەیان گرتووە، بە دەستی هەرقل گیراوەتەوە و لە سەردەمی خەلیفە عومەریش گیراوە و چوار سەدە و نیو، حوکمیان

---

[94]_ سعيد عبدالفتاح عاشور، الحركة الصليبية، ط ٤، القاهرة، مكتبة انجلو، ١٩٨٦م، ج ١، ص ١٨٤. لەسەر راستییەکانی هەڵوێستی دەوڵەتی فاتیمی لە خاچپەرستەکان سەیری: سعيد عبدالفتاح، شخصية الدولة الفاطمية فى الحركة الصليبية، لة کتێبی بحوث و دراسات فى تاريخ العصور الوسطى، بيروت دار الاحد، ١٩٧٧م ص ١٦٥_ ٢٢٣ بکە.

[95]_ سعيد... الحركة... ج ١ ص ١٨٧.

[96]_ ادريان بوس، مدينة بيت المقدس زمن الحروب الصليبية، ترجمة على السيد، ط ١، مصر، القاهرة، المركز القومى للترجمة، ٢٠١٠م ص ٣٢_ ٣٣.

[97]_ عارف باشا العارف، تاريخ القدس، ط ٢، القاهرة، دار المعارف،١٩٩٤م، ص ١٨٥.

کردووە. ئەمەوییەکان لە دیمەشقەوە لە ساڵی ٧٥٠ی زاینی و عەباسییەکان لە بەغدا و لە ساڵی ٨٧٨ی زاینی و فاتیمییەکان لە ساڵی ٩٦٩ی زاینی و لە ساڵی ١٠٧٣ی زاینی تورکە سەلجۆقییەکان داگیری دەکەن، بەر لە ساڵێک لە هاتنی خاچپەرستەکان، ئورشەلیم دەگەڕێتەوە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی فاتیمییەکان.[98]

نەخشەی شارەکە لەبن دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لەگەڵ سەردەمی بیزنتییەکان کەمێک گۆڕانی بەسەردادێت. گۆڕانە سەرەکییەکەی سەدەی یازدەهەم نۆژەنکردنەوەی بەشی باشووری شوورەکە بوو، چەندین بینای نوێی گشتی دروست دەکەن، لەوانە قوبەی ئەلسەخرە و مزگەوتی ئەلئەقسا و کۆشکەکانی ئەمەوی لە باشووری حەرەمی شەریف.[99]

لە سەردەمی حوکمی فاتیمی، سەرژمێری ئورشەلیم بیست هەزار کەس بووە. لەوانە جوولەکە و چەندین گرووپی ئیسلامی خۆرهەڵاتی و موسڵمانی تێدا ژیاوە. ناسر خەسرۆی گەریدەی فارس[100] بەو جۆرە باسی ئورشەلیمی کردووە: شارە گەورەکە، بە شوورەیەکی دروستکراو لە بەرد و گەچی پتەو دەوری گیراوە، چەند دەرگای ئاسنی هەیە، بازاری جوان و باڵەخانەی بەرزی تێدایە، کۆڵانەکانی بە بەرد داپۆشراوە.

وەزیری فاتیمی ئەلئەفزەل بن بەدری ئەلجمالی (١٠٦٦_ ١١٢١ی زاینی) شارەکە دەگرێتەوە،[101] لەوێ خۆی بۆ رووبەرووبونەوەی

---

[98]_ محمد سامی احمد المطیر، الحیاة الاقتصادیة فی بیت المقدس و جوارها فی فترة الحروب الصلیبیة، اشراف جمال جودة، نابلس، کلیة الدارسات العلیا،٢٠١٠م ص ٢٧_ ٣٠، نامەی ماجستێر بلاْونەکراوەتەوە.

[99]_ ولیم الصوری، الحروب الصلیبیة، ترجمة و تعلیق حسن حبشی، ص ٨٨_ ٩٠.

[100]_ مصطفی الحیاریم، مدینة القدس فی عصر الفاطمیین و الفرنجة، عمان، مکتبة عمان، ١٩٩٤م، ص ١٠٣_ ١٠٥.

[101]_ الوزیر الافضل بن امیر الجیوش بدر الجمالی: بەرەگەز ئەرمەن بووە، باوکی مەملوکی ئەرمەنی جمال دەولە بن عمار، بە جمالی ناسراو بووە، ئەو لە پۆستەکان گەشە دەکات، تا دەبێتە حاکمی شام، خەلیفەی فاتیمی داوای لێ دەکات، ئاژاوەکانی میسری بۆ خامۆش بکات.

خاچپەرستەکان، قەڵاتەکان ساز دەکات و خەرەندی قووڵیش هەڵدەکۆڵێت و کریستیانەکان دەگوازێتەوە گوندەکان، نەوەک بە هاتنی خاچپەرستەکان لایەنگیریان بکەن. کە حاکمە فاتیمییەکە، دەزانێت مەبەستی سەرەکی ئەوان ئورشەلیمە، نوێنەرێکیان بۆ دەنێرێت و لە نزیک تەرابلوس دەیانبینێت و دیاری و پارەیەکی زۆر دەداتە سەرکردەکانی خاچپەرستەکان، پێیان دەڵێن هاتنی حاجییەکان بە کاروانی دوو سەد، تا سێ سەد کەسی ئاسایییە، بە مەرجێک چەکدار نەبن،[102] بەڵام خاچپەرستەکان وەڵامیان دەدەنەوە، کە ئەوان بە هیمەتی خودا حەجی خۆیان دەکەن، ئەوەش ئاماژەیە بە سەرهەڵدانی شەڕی فاتیمی و خاچپەرستەکان بۆ گرتن و دەسەڵاتی سەر شاری ئورشەلیم.

پاش حەوت مانگ لە گەمارۆدانی شارەکە، خاچپەرستەکان ئانتاکیا دەگرن،[103] مەبەستی ئایندەشیان ئورشەلیم بووە[104] کە لەبن دەسەڵاتی فاتیمییەکان بووە، یەک مانگی تەواو گەمارۆی دەدەن و شارەکە لە مانگی یولیوی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی دەگیرێت، هەڵمەتی خاچپەرستەکان دەگاتە دوائامانجیان.[105] پاش دانوستانی نێوان خۆیان، خاچپەرستەکان

---

سەیری: فهمی توفیق محمد مقبل، شخصية الدولة الفاطمية فى الحروب الصليبية، ص ٤٥، دانەی ئەلکترونی بکە، کە لە رۆژی ٢٠ی مارسی ساڵی ٢٠١٣ی زاینی دانراوە. ww.uop.edu.jo

[102] _ سعيد عبدالفتاح... الحركة... ج ١ ص ١٨٧.

[103] _ فوسية شارترى، تاريخ الحملة الى القدس، ترجمة زياد جميل العسلى، ط ١، عمان، دار الشروق، ١٩٩٠م، ص ٥٣_ ٥٥.

[104] _ جان ريتشارد، تكوين مملكة القدس اللاتينية، بةشێكة لة كتێبى الصراع الاسلامى الفرنجى على فلسطين فى القرون الوسطى، هادية دجانى بيروت، ١٩٩٤م، ص ١٦٠_ ١٦١. سعيد عبداللة البيشاوى، الممتلكات الكلنسية فى مملكة بيت المقدس الصليبية ،الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٠م ص ١٠٦.

[105] _ بطرس توديبو، تاريخ الرحلة الى بيت المقدس، ترجمة حسين محمد عطية، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٩م. امين معلوف، الحروب الصليبية كما راها العرب، ترجمة عفيف الدمشقية، ط ٢، بيروت دار الفارابى، ١٩٩٨م، ص ٦١_ ٨٣. عبدالحميد الكاتب القدس: الفتح الاسلامئ، الغزو الصليبى، الهجمة الصهيونى، القاهرة، دار الشروق، ١٩٩٨م، ص ٨١ و ٨٣.

بڕیاردەدەن جودفری بویونی بکەنە حاکمە نوێیەکەی شارەکە، نازناوی پارێزەری مەزارە پیرۆزەکەی دەدەنێ،[106] ئیتر بەو شێوەیە مەملەکەتی ئورشەلیمی خاچپەرستەکان دروست دەبێت،[107] سەرەتا ئورشەلیم دەبێتە پایتەختیان، پاش شەڕەکەی حوتین لە ساڵی ١١٨٧ی زاینی، عەکا دەکەنە پایتەخت،[108] ئەو قەوارەیەش نزیکەی دوو سەد ساڵ دەخایێنێت،[109] هەر لەودەمانە ئەمارەتی ئانتاکیا و ئەلرەهاش دادەمەزرێت.

داگیرکردنی ئورشەلیم دەبێتە سەرەتای رابوونی عەرەبی ئیسلامی، ئاینی ئیسلامی هەیبەتی دەگەڕێتەوە.[110]

[106]_ Tyerman, Christopher, Gods War, A New history of the Crusades, Cambridge, Belknap Press of Harvard University Press 2006.

سالم محمد الحميدة، الحروب الصليبية: عهد الجهاد المبكر، ط ١، بغداد، دار الشون الثقافية العامة، ١٩٩٠م،ج٢، ص ١٢.

[107]_ Riley – Smith The title of Godfrey of Bouillon.

[108]_ بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر شەڕی حوتین سەیری: اشرف صالح محمد سيد، الدبلوماسية الايوبية الصليبية ،١١٩١_ ١١٩٢م، بيروت شركة الكتاب العربي الالكتروني، ٢٠٠٧م ص ٩ و لاپەڕەکانی تر بکە.

[109]_ ستانلی لين بوول، صلاح الدين و سقوط مملكة القدس، ترجمة فاروق سعد ابو جابر، ط ١، القاهرة، الاهرام، ١٩٩٥م ص ٤٥ و لاپەڕەکانی تر.

[110]_ ابتسام رسول حسين، الغزو الصليبي للقدس الجذور والتاريخ، مجلة التراث العلمي العربي، جامعة بغداد، الاصدار ٢ ٢٠١٠م، ص ١٢.

# بەشی یەکەم
# کڵێسای لاتینی لە خۆرهەڵات

- دەرکەوتنی ڕێبەرایەتی کڵێسا لە خۆرئاوا.
- پەیدابوونی کڵێسا لەناو پێکهاتەی سیستەمی دەرەبەگی.
- بزاڤی ریفۆرمی کلۆنی.
- بزاڤی ریفۆرمی گریگۆر.
- ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان پاپا و بیزنتییەکان.

# بەشی یەکەم
# کڵێسای لاتینی و خۆرهەڵات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەدەی یازدەهەم، هەژموون و پێگەی پاپایەت دەگاتە لووتکە، بێگومان بۆ گەیشتن بەو پێگە و دەسەڵاتە چەندین هەنگاو و قۆناخی بڕیوە، تا لەو سەردەمە ببێتە کارەکتەرێکی ئەکتیڤ لە گۆڕین و هەژموونەکانی ناوچەکە.

چەکدار و بڕواهێنان بە بیردۆزی پوترسییەت، پاپایەت ئەو قۆناخانە دەبڕێت، پوترسییەت لەلایەن پاپا لیوی یەکەم (٤٤٠_٤٦١ی زاینی) داڕێژرابوو. بیردۆزەکەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەرموودەیەی مەسیح داڕێژراوە، کە پێی وتوون: (باشە ئێوە بە کێ من دەناسن؟ لە وەڵامدا سەمعان پوترس وتوویەتی: تۆ مەسیحی کوڕی خودایە زیندووەکەمان، لە وەڵامدا یەسوع پێی دەڵێت: سەمعانی کوڕی یونا تۆبە بکە، پارچەیەک گۆشت و خوێن بانگەشەی ئەوە ناکەن، بەڵام باوکم لە ئاسمانا بوونی ئەو بانگەشەیە دەکات، منیش پێتدەڵێم: تۆ ئەی پوترس، لەسەر ئەو بەردە کڵێساکەم دروست بکە، دەروازەکانی دۆزەخیش هیچ تەقوایەکی لەسەر نییە، کلیلەکانی هەموو مەلەکوتی ئاسمانەکانت دەدەمێ، هەموو پەیوەندییەکانی سەرزەوی بە ئاسمانیش بەستراوەتەوە، ئەوەی لەسەر زەوی ڕوودەدەن و پەیدا دەبن لە ئاسمانیش دووبارە دەبنەوە.[111] ئەو جۆرە قسانە لەلایەن ئەسقفەکانی خۆرهەڵات جێگای قبووڵ نەبوون، بەڵام

[111]_ ئینجیل متی ١٦: ١٥_ ١٩.

هەموو کڵێساکانی خۆرئاوا، لە سەردەمی لیو بڕوایان بە بیردۆزەکەی پوترس هێنابوو.

بیردۆزەکەی پوترسییەت، لەسەر بنچینەی ئاخاوتنەکەی سەرەوە بەرجەستە بووە، لیو، وادەزانێت کە مەسیح مەبەستی بووە پوترس و ئەوانەی پاش ئەو دێنە سەر کورسییەکە، دەبنە سەرۆکی هەموو دەسەڵاتەکانی کڵێسا، چونکە پوترس کریستیانیەتی گەیاندبووە رۆما، بۆیەش ئەسقفەکەی رۆما، هەموو کلیلەکانی مەلەکوتی ئاسمانەکانی دەکەوێتە دەست، تاکە نمایندەی مەسیحە لەسەر زەوی، ئەویش شوانی باڵای میللەتی مەسیحە.[112]

لیوی یەکەم بۆ بەرقرارکردنی داواکانی پاپایەتی لە ئەسقفیەت، بیردۆزەکەی پوترسییەتی داڕشتووە، رەوش و پێشهاتەکانی ئەودەمانەی خۆرئاوای ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی پێنجەم، هاوکار و گونجاو بوو. کە بیردۆزەکە دەکەوێتە واری جێبەجێکردن کۆششێک بوو، بۆ دڵنیابوونی رێبەرایەتی پاپایەت (دەسەڵاتە رۆحییەکە) لەسەر دەسەڵاتی زەمەنیەت.

ناوچەکانی خۆرئاوا، هەر لە سەرەتای ساڵی ٤١٠ی زاینی رووبەڕووی هێرشی جرمانییەکان دەبێتەوە، میللەتانی ئاریک و قوتییە دەگەنە شارەکەی ئیمپراتۆریەت، شارەکەش بە دیدی هاوچەرخەکانی، رووبەڕووی شکست و رووخانێکی شارستانی دەبێتەوە، لەلایەن میللەتانی ڤندالی جرمانییەوە لە ساڵی ٤٥٥ی زاینی پەلامار دەدرێت.[113]

---

[112]_ نورمان کانتور، التاریخ الوسیط قصة الحضارة: البدایة و النهایة، ق ١، ترجمة و تعلیق: قاسم عبدة قاسم القاهرة، دار المعارف، ١٩٨١م، ص ٩٩_ ١٠٠ بۆ زۆرترین زانیاری لە بیردۆزی پوترسیەت سەیری : baldwin, M,W, Church, New York 1962 بکە.

[113]_ Deanesly. Margaret, A History of the Medieval Church 1973.

لەبەر ئەوەی کڵێسای رۆمانی کاسۆلیکی، تاکە دامەزراو بوو، لەو پەلامار و خاپوورکردنە بەسەلامەتی دەربازی ببێت، لەگەڵ داگیرکەرە سەرکەوتووەکانیش دانوستان دەکات. پاپا لیو، لەگەڵ پاشاکانی جرمان پاش هێرشەکەیان پێناوی دەکات. ئەگەرچی هەموو پێشبینییەکان رووخانی ئیمپراتۆریەتییەکەی دەگەیاند، بەڵام پاپا لیو قەناعەتی بە کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەتییەکە نەهێنابوو، دانوستانەکەشی لەگەڵ جرمانەکان نیشانەیەک بوو، کە پاپا دەتوانێت و رەنگە ببێتە رابەری ئەوروپای خۆرئاوا.[114] دروستی پێشهاتەکە بەو شێوەیە دەردەکەوێت، بەرووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆما لە ساڵی ٤٧٦ی زاینی لەسەر دەستی جرمانییەکان دەبێتە دەسکەوت و قازانجی پاپا، بۆیەش پاپا کۆشش دەکات، خۆی لەبن هەموو هەژموونەکانی بیزنتی دەرباز بکات، ئیتاڵییەکانیش لەو کۆدەبنەوە و بە دەرباز و سەنەدی مانەوەی دەزانن،[115] ئەگەرچی لە رووی یاساییەوە ئیتاڵیا سەر بە ئیمپراتۆریەتی بیزنتی بوو.[116]

بەوەش دیارە کە رووخانی ئیمپراتۆریەتییەکە لە خۆرئاوا، بوارساز دەکات پاپا دسەڵاتی دەربکەوێت و ئەوەش بەدەرفەت بزانێت.

---

هەروەها ک سانت ل. ب. موس: میلاد العصور الوسطی ٣٩٥_ ٨٠٤ ، ترجمة عبدالعزیز توفی جاوید، مراجعة السید الباز العرینی، عالم الکتب، الالف کتاب، ١٩٦٧م، ص٧_ ٨.

[114] _ سەردەمی پاپا لیوی یەکەم، چەند رووداوی نەخواستراو روویانداوە، پەلاماردانەکەی ئەتیلا و جایزریکی مەلیکی وندال، بۆ دانوستان و چارەسەری کێشەکانی، سەردانی هەردوو ناوچەکەی کردووە، دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات. بۆ وردەکارییەکانی سەیری (عادل زیتون: العلاقات السیاسیة و الکنیسیة بین الشرق البیزنطی و الغرب اللاتینی فی العصور الوسطی، دار دمشق، ص ١٠٠. آسحق عبید: الامبراطوریة الرومانیة بین الدین و البربریة، مع دراسة عن مدینة اللة، دار المعارف، القاهرة ١٩٧٢م، ص ٩٢_ ١٨٠. کانتور... سەرچاوەی پێشوو ق ١، ص ٩٨_ ٩٩.

[115] _ سعید عبدالفتاح عاشور: اوربا العصور الوسطی، التاریخ السیاسی، ج ١، القاهرة، ١٩٧٨م، ط ٢، ص ٨٠.

[116] _ Thatcher, A Source Book for medieval History 1905.

به نزیکبوونەوەی کۆتایی سەدەی پێنجەمی زاینی، لە کەشێکی پڕ لە مەترسی و هەڕەشەکان، پاپا دەیەوێ دەسەڵات و هەژموونەکەی خۆی بەبیر ئیمپراتۆریەتی بیزنتی بهێنێتەوە، بۆیە پاپا جیلازیوسی یەکەم Glasius 1(٤٩٢_٤٩٦ی زاینی) نامەیەک بۆ ئاناستاسیوسی یەکەمAnastasus 1 (٤٩١_٥١٨ی زاینی) بە پشتیوانی سیودریک[117] Theodoricدەنووسێت، تێدا تەحدای ئیمپراتۆر دەکات، کە چیتر مافی نییە دەست بخاتە ناو کاروبار و بابەتەکانی ئاین و هەڵوێستەکانی، بۆی دەنووسێت کە خودا دەسەڵاتی لەسەر ئەو جیهانە بە سەر دوولایەن دابەشکردووە، نێوان پاپا و ئیمپراتۆر، (باری سەرشانی پاپا گرانتر و گەورەترە، کە ئەرکی دونیای خراوەتە سەرشان).[118]

جیلازیوس لەو خەبات و کۆششەدا، مەبەستی بووە، هەردوو دەسەڵاتی زەمەنی و رۆحی لەیەک جیابکاتەوە و پێشڕەویی و رابەرییەکەش بە دەسەڵاتە رۆحییەکەش بدات. بەوەش دەیویست بەردی بنچینەیی پەیوەندییەکانی نێوان پاپا و دەسەڵاتە زەمنییەکە دابنێت، واتە پێکهاتەی بیردۆزی شکۆی پاپا لە یەکەم شێوەدا دابنێت.[119]

لەلایەن خۆشییەوە ئیمپراتۆریەتی بیزنتی کاریکردووە، لە داهاتوو مافی رەوای خۆی وەک ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دابنێتەوە، بۆیەش ئیمپراتۆر

---

[117] _ ثیودریک رابەری قوتییە خۆرهەڵاتییەکان بووە، لە ساڵی ٤٩٣ی زاینی دەبێتە پاشای قوتییەکان، مەملەکەتی ئادواکر دەڕوخێنن و ئیتاڵیا دەبەزێنن، راڤنا دەکاتە پایتەخت، لە ئیمپراتۆریەتی بیزنتی دادەبڕێت، بۆیە بیزنتییەکان لەگەڵ فەڕەنگییەکان هەڤاڵبەندی دەکەن، دژ بە دەسەڵاتی ئەو. بەڵام ئەو دەتوانێت پشتیوانی پاپا و میللەتی ئیتاڵیا بەدەست بهێنێت. بۆ زۆرتر زانیاری سەیری سەرچاوەی پێشوو کانتور... بەشی ١ لاپەڕە ١٩٨_ ٢٠٤ بکەن.

[118] _ آسحق ... سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨٠.

[119] _ رآفت عبدالحمید: السمو البابوی بین النظریة و التطبیق، ندوة التاریخ الاسلامی و الوسیط، مج ٣، تحریر: قاسم عبدة قاسم، رآفت عیدالحمید، ص١٥٧_ ٢٢٧، القاهرة، ١٩٨٥م، ص ١٧١، لەسەر بیردۆزی جیلازیە، بڕوانە کانتور ... سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، لاپەڕە ١٦٠_ ١٦١.

جستنیانی یەکەم (٥٢٧_٥٦٥ی زاینی) کار دەکات، خۆرئاوا بگێڕێتەوە ناو بازنە و جەمسەری ئیمپراتۆریەتی رۆمانی خۆرهەڵات، بۆ ئەوەش پرۆژەیەک بۆ گێڕانەوەکە لە ساڵی ٥٣٠ی زاینییەوە دادەرێژێت.[120]

ئەگەرچی کڵێسای لاتینی لە بەرەی ئیمپراتۆریەت بووە، بەڵام هێزەکانی بیزنتی هێزی گێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتییەکانیان نەبوون، چونکە دەرکردنی جرمانەکان لە خۆرئاوای ئەوروپا بەگشتی و ئیتاڵیا بەتایبەتی، بە زەبر و دەسەڵاتی جستنیان نەدەکرا.[121]

بەڵام لەڕاستییدا، پاپا لەو ئەزموونە دەردەچێت و بۆیان روون دەبێتەوە هەڤاڵبەندییە کورتەکەیان، لەگەڵ ئیمپراتۆر کاردانەوەیەکی خراپی هەبووە،[122] هەرەسهێنانی پرۆژەکەی جستنیان بۆ گێرانەوەکە، بۆشاییەکی سیاسی و سەربازی لە خۆرئاوا دروست دەکات، بەوەش ئاژاوەیەکی زۆر لەناو ئیتاڵیا و خۆرئاوای ئەوروپا پەیدا دەبێت، رەوشەکە بەرەو ترسناکی و بەرەڵایی دەچێت.

لەو رەوشەدا، قوتییەکان یان ئورستروکوتەکان لەناودەبەن، باکووری ئیتاڵیاش دەکەوێتە بەر هەرەشە و هێرشی نوێی جرمانییە نوییەکان،

---

[120] _ لەسەر شەڕەکانی جستنیان بڕوانە:
J.Thompson, The Middle Age, 300_1500 vol 1, london 1931.
سانت موس: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧٠_ ١٨٣. ستیڤن رنسیمان: الحضارة البیزنطیة، ترجمة: عبدالعزیز جاوید، مراجعة زکی علی، مکتبة النهضة، الالف کتاب، القاهرة، ١٩٦١م، ص ٣٢. ج، م، هسی: العالم الیبزنطی، ترجمة و تعلیق رقفت عبدالحمید، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٢م ص ١١٠_ ١١١. محروس عبدالقدوس جستنیان و سیاسة الاستردایة، رسالة ماجستر لم تنشر. اشراف قاسم عبدة قاسم، اداب الزقاریق ١٩٨٤م.

[121] _برتراند رسل: حکمة الغرب، ج ١، ترجمة: فواد زکریا، عالم المعرفة، الکویت ١٩٨٣م، ص ٢٦١.

[122] _ پاپا لە شەڕەکانی گێڕانەوەدا پشتیوانی جستنیان دەکات، لە رووداوەکانەوە دیار بوو، کە پاپا دەستی لە کاروبارە دونیاییە علمانییەکانیش وەرداوە، سەیری ئەو کتێبە بکە: زینب عبدالحمید عبدالقوی: العلاقات الدینیة والسیاسیة بین الامبراطوریة البیزنطیة، غرب اوربا فی فترة ١٠٧١_ ١١٠٤م، رسالة ماخستر.

لەوانە گرووپەکانی لومباردی Lombardi لە ولاتی گالییەکان، شەڕیش لەنێوان فیزوتوتیەکان و فەرەنگییەکان گەرم بوو، کلێساش لەلایەن مونوفوتییەکانیش هەڕەشەی لەسەر بوو[123] و ئاستی بەها و مۆراڵ و رەوشتی پیاوانی ئاینییش زۆر دابەزیبوو.[124]

لەو رەوشەی کە دۆخی کلێسای رۆمانی زۆر شلەژاو و ئالۆز بوو، گریگۆری یەکەم یان مەزن[125] Gergory the Great (٥٩٠_٦٠٣ی زاینی) دەگاتە سەر عەرشی پاپایەت و دەبوایە کۆشش زۆر بکات بۆ پشتیوانی و هەڵسانەوەی پێگەی پاپا، دەبوایە سەرەتا لەناوەوە ئیش بکات و گەندەڵییەکانی ناو پیاوانی ئاینی بنبڕ بکات و ماڵەکەی ناو پاپایەت پاک بکاتەوە، بۆیە هەڵمەتێکی پاککردنەوە لەناو ماڵی لاتیزانی[126] دەست پێ دەکات. هەموو بایەخ و بەرنامەکانی گریگۆری یەکەم، پۆستێک بوو بتوانێت پێشەوایەتی پاپا بکات لە خۆرئاوای ئەوروپا، سەردەمی پاپایەت لەکاتی ئەودا دەسەلات و هەژموونی زۆری هەبوو، کە بۆ پاپاکانی پێشوو مەیسەر نەبووە.[127]

---

[123]_ خەڵکێکی زۆری سوریا و میسر واز لە مەزهەبی ئاسایی بەرجەستەیی دەهێنن، بڕوا بە مەزهەبی منوفزینی واتە مەزهەبی یەک سروشتی دەهێنن، کە دەڵێت مەسیح یەک رۆحی هەبووە، ئەوەش بۆ کلێسای لاتینی لە خۆرئاوا نەفرەتلێکراو بووە، ئەوان وایاندەزانی مەسیح دوو سروشتی هەبووە، یەکێکیان مرۆیی و دووەمیان خودایی بووە. بۆ زۆرتر زانیاری بڕوانە: کانتور ...: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، لاپەڕە ٢٢٢.

[124]_ Ault warren, Europe in the Middle Ages, Bosstn, U.S.A 1946.

راسل ... : سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٨١_ ١٨٢.

[125]_ جریجوری بەرەچەلەک دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەیەکی خانەدانی رۆما، لە تەمەنی سی ساڵییدا حوکمی رۆما دەکات، بەلام لەناکاو دەبێتە راهیب و واز لە دەسەلات دەهێنێت، بڕوای وابوو دەبێ پاپا لەگەڵ خۆرئاوای ئەوروپا یەکبگرن. راسل: سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٧٢_ ٢٧٨.

[126]_ آسحق عبید: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١.

[127]_ لەسەر بەرنامە و چالاکییەکانی پاپا جریجوری و رێبازەکەی سەیری: Baldwin, Op, Cit, P27, Thomapson, OP, p 167.

گریگۆری یەکەم سەبارەت بە راگرتنی پەیوەندییەکانی لە ئیمپراتۆریەتی بیزنتی زیرەک و بەتوانا دەبێت، ئەگەرچی ئاشتییەکەی نێوانیان لەرزۆک و جێگیریش نەبووە، بەردەوامیش چەواشە و چالاکییەکانی ئیمپراتۆر هەڕەشەیان دەنواند بۆ شلەقاندنی رەوشەکە، تا ئیمپراتۆر نەپرژێتە سەر مەبەست و بەرنامەکانی لە ئەورووپای خۆرئاوا.[128]

کە گریگۆری یەکەم دەگاتە سەر عەرشی پاپایەت، رەوشەکە پێویستی زۆری بە زیرەکی و لێزانی دەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، چالاکییەکانی ئەویش دەگاتە ئاستی کارەکانی لیوی یەکەم و جیلازیوسی یەکەم، کە کڵێسای رۆمایان گەیاندبووە ئاستی پێشەوایەتی خۆرئاوا.

گەیشتنی ئەو بەو پۆست و پایە، دەبێتە مایەی بەرهەڵستی ئیمپراتۆرەکانی بیزنتی، بۆیەش ئاشتییە لەرزۆکەکە بە هەڵسوکەوتی ناشیرین و نارەوایی ئیمپراتۆرەکان دەرحەق بە پاپا دەگۆڕێت، بۆیەش دووبارە هەژموونی پاپا لاواز دەبێتەوە.[129]

بزاڤی نائەیقونی و لەناوبردنی وێنە و پەیکەرەکانی ناو کڵێساکان لەسەر دەستی ئیمپراتۆر لیوی سێیەم ئایسوری (٧١٧_ ٧٤١ی زاینی) وەک دیاردەیەکی وەسنی و بتپەرستی گەشە دەکات، دەرئەنجام لەناو کڵێساکان هەڵدەگیرێن،[130] دیاردەی ئەیقون لەناو کڵێساکانی خۆرئاوا زۆر

---

[128] _ کانتور ... : سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٢٧٧، موس ... : سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

[129] _ قنستانزی دووم (٦٤١_ ٦٦٨ی زاینی) پاپا مارتن دەگرێت و حوکمی دەدا و بۆ کریما نەفی دەکرێت، لەوێ لە ساڵی ٦٥٥ی زاینی دەمرێت، جستنیانی دووەم (٦٨٥_ ٦٩٥ی زاینی) سووکایەتی بە پاپا سرجیوس (٦٨٧_ ٧٠١ی زاینی) دەکات، پشتیوانی بەگزادەکانی رۆما و خەڵکی ئیتاڵیا و هەڕەشەی شۆرش دژ بە بیزنتیەکان دەکات، سەیری :
Thatcher & mcnel, OP. Cit, pp. Deanclyy, Ŏp.Cot, p, 89.

[130] _ بۆ زۆرترین زانیاری لەسەر نائایقونیەت و هەڵوێستی کڵێسا خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان سەیری:

دەبێت، نەخوێندەواری و کاڵفامیش فاکتەری سەرەکی بڵاوبونەوەی ئەو ئایقونانە بوو.

هاوڵاتییە نەخوێندەوارەکانی گوندەکانی خۆرئاوا، ئەیقونەکانیان بە کایەکی پیرۆز دەبینی، بەڵام خۆرهەڵاتی بیزنتییەکان بە جۆریک لە بتپەرستیان دەزانی و دژایەتییان کردبوو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کردنەوە و زانینی زۆرتری عەقڵیەتی خۆرهەڵات، دیارە هزری موسڵمانەکان رەنگە کاریگەری لەسەریان هەبووە بۆ دژایەتیکردنی ئەیقونەی ناو کڵێساکان، بزاڤی نائەیقونیەتیش ناکۆکییەکانی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵات قووڵتر کردبوو، ئەوەش دەبێتە یەکێک لە لیستی دووردرێژی ناکۆکی و ململانێیەکانیان.

لەراستیدا پاپایەت لە بزاڤی نائەیقونیەت بوارێکی بۆ دەرخسێت بۆ بانگەشەی زۆرترین سەربەخۆیی و رابەرایەتیکردن رابگەیێنێت. بۆچوونی پاپا لەسەر ئەو بزاڤە توند و رەق بوو. لەبەر رۆشنایی هەڵمەتی ئەو بزاڤە، جیاوازی زۆر لەسەر ئاستی شارستانی نێوان خۆرهەڵاتی بیزنتی و خۆرئاوای لاتینی بەدی دەکرا، بۆیەش درزی نێوانیان و ناکۆکییەکانیان قووڵتر و زۆرتر دەبن.

لەبەر ئەوەی گوزارشتی کڵێسا شێوازی چەرخەکە بوو، بۆیە بوونی ناکۆکی نێوانیان دەبێتە کلاورۆژنەیەکی هەناسەدان، تا رادەیەک رووبەڕووبونەوەکە، دەگاتە سەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری بیزنتی. پاپا گریگۆری دووەم (٧١٥_٧٣٤ی زاینی) نامەیەکی تژی لە زاراوەی گلەیی و گازاندەی توند و گەف بۆ ئیمپراتۆر لیوی سێیەمی ئایسوری

---

Fortescus. Adrian, The Uniate Eastern Churches, ed, By J.R:smith, London 1923, p 80,8.

کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٢٩٩_ ٣٠١، آسحق عبید ... سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤_ ٩٦. رنسیمان ... الحضارة البیزنطیة... ل ١٣٤.

(٧١٧_٧٣٤ی زاینی) دەنووسێت، لە نامەکە ئاگاداری دەکاتەوە کە ئەو لە کردەوەکانی هیچ هەژموون و دەسەلاٚتێکی نییە، لە رۆژی ژیانەوەش رووبەڕووی شەرمەزارییش دەبێتەوە و تاوان و گوناهەکانی زۆرن، بۆیە دەبێ تۆبە بکات و بگەڕێتەوە سەر ئیمانداری و پەیڕەوی حەقیقەت وەک خۆی بکاتەوە و راستییەکان بە دیدی جاران ببینێت.[131]

پاپا گریگۆری سێیەم (٧٣١_٧٤١ی زاینی) یەکێک بوو لە کەسە توند و بەجۆشەکانی بزاڤی نائەیقونیەت، لە ساڵی ٧٣١ی زاینی، پەیامێک بۆ حەرامکردنی هەموو ئەیقونەکان دەردەکات، ئەوەش بە شەقکردن و پارچەپارچەکردنی جەستەی گەورەمان مەسیح ناودەبات.[132]

دەکرێ بڵێن سیاسەتی ئەو رۆژانەی ئیمپراتۆریەت، قەیرانەکەی گەرمتر و کوشندەتر کرد، رۆمای بیزنتییەکان بە هەرقەتە و زندەقە و بیزنتییەکانیش رۆمایان بە یاخیبوو و هەڵگەڕاوە ناو دەبرد. بیزنتییەکان هەڵمەتێکی دەریایی بۆ سەر رۆما دەکەن، بۆ بەزۆر سپاندنی سیاسەتی نائەیقونیەت و پاپا گریگۆری سێیەم لە ساڵی ٧٣٢ی زاینی بگرن، بەلاٚم ئەستووڵەکە لەناو دەریای ئەدریاتی تێکدەشکێت و هەڵمەتەکە هەرەس دەهێنێت.[133]

بە چالاکی و بانگەشەی ئەو بزاڤە، هەژموونی پاپا گەشە دەکات و پێگەی بەرزتر دەبێتەوە، چونکە هاولاٚتیان لە ئیتاڵیا سیاسەتەکانی

---

131 _ letter of Pope Gregory 11 to the Emperor ler 11, in A Source Book for Medieval History, eds, By Thatcher& McNeal pp. 96_100.

132 _ Gergory 11 Excomunicats Iconclasts, in A source book, p 101, Forteascue, op. Cit. P . 80.

133 _ سەعید عاشور، باس لەوە دەکات ناردنی ئەو ئوستوولە بۆ وەرگرتنەوەی موڵکەکانی ئیمپراتۆریەت بووە لە لمبارديیەکان، هەروەها بۆ گرتنی جریجوریی سێیەم بووە، کە زۆر پەرۆشی ئایقونیەکان بووە، بەوەش لەگەڵ ئیمپراتۆری بیزنتی ناکۆک بووە: سعید عاشور: اوربا الوسطی، ج١، ص ١٥٣_ ١٥٤.

ئیمپراتۆر نیگەران و کەساسی کردبوون، بۆیە پشتیوانی پاپا دەکەن و یاخی دەبن.[134] ئیتر بەو شێوەیە دەسەڵاتی ئیمپراتۆر لاواز و کز دەبێت و مانەوەی لە ئیتاڵیا وەک تارماییەک دەبێت، قازانج و زیانی لەبن دەست دەرناچێت.[135]

بۆیە لیو ئایسوری بۆ زەبروەشاندن و تۆڵەکردنەوە لە پاپا، سیسیلیا و باشووری ئیتاڵیا و دالماشیا دەچنە پاڵ پاتریکیەتی بیزنتی، ئەوەش کاردانەوەی زۆری لەسەر پاپا و دەسەڵاتەکانی دەبێت، کاردانەوەکە دەگاتە سەر پەیوەندییە ئایینیەکانی نێوان پاپا و کڵێسای بیزنتی.[136]

دەرئەنجامی پشتیوانی و لایەنگیری خۆرئاوای ئەوروپی لەو، پاپا لە ململانێیەکانی نائەیقونیەت بەهێز و شکۆ دەردەچێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاپا هزری رۆشنبیری خۆرئاوایی و هەڵوێستەکانی بەڕووی بیزنتییەکان راگەیاندبوو، بەڵام دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین، کە پاپایەت پشتیوانی ئیمپراتۆری لەکاتی تەنگانە و شکستەکان نەمابوو. بۆیەش کە لومباردییەکان لە ساڵی ٧٣٩ی زاینی، پەلاماردانە شکستخواردەکەیان دەکەن، پاپا داوای یارمەتی لە فەرەنگییەکان دەکات.

نامەیەکی گریگۆری سێیەم ماوە سەبارەت بەو رەوشە، کە بۆ شارل مارتلی ناردووە.[137] بەڵام شارل مارتل بەئەنقەست داواکەی پشتگوێ

---

[134] ــ کریستوفر دوسن: تکوین اوربا، ترجمة: مصطفى زيادة، سعيد عاشور، القاهرة، ١٩٦٧م، ص ٣٠٩.

[135] ــ ج. باراكلاف: الدولة و الامبراطورية فى العصور الوسطى، ترجمة: نسيم يوسف، دار المعارف، القاهرة، ص ٣٥.

[136] _ Runciman The Eastern schism, A Study The Eastern Schism, A Study of the Papcy and the Estern Churches during the xI and x11th Centuries, Oxfoed, 1955, forestescue, OP, Cit, p 82.

[137] ــ بۆ سەیرکردنی ئەو نامەیە سەیری :

دەخات، دیارە ئەوەش هۆکاری هەبووە: ئەو پەیوەندی باشی لەگەڵ لومباردییەکان هەبووە، هەروەها ئەو و بەگزادەکانی زەویوزاری زۆری کڵێسای داگیر دەکەن و بەسەر دەرەبەگەکانی خۆیانی دابەشدەکەن.[138]
بەڵام پاپا پێداگری لەسەر هەڤاڵبەندی فەرەنگییەکان دەکات، چاوی لەوەش بوو هەژموونی ئیمپراتۆرە لاواز و رووخاوەکە لە ئیتاڵیا کۆنترۆڵ بکات و میراتەکەی بگرێتەوە.[139]

ئەوەش بوارساز دەکات، پاپایەت هەڤاڵبەندی لەگەڵ فەرەنگییەکان بکات، کە پاشا (ببین) پێویستی بە شەرعیەتدان هەبوو، بۆ بوونی بە حاکمێکی رەسمی، پاپا زەکریا (٧٥١_٧٥٢ی زاینی)، ئەوەی بە دروست دەزانێت بونیڤاس لە کاتدرائیەی سواسون، لە ساڵی ٧٥١ی زاینی کەسێکی وەک ببین، بە پاشای فەرەنگ دادەنێت.[140]

پاپا کە هەست دەکات مەترسی لومباردییەکانی لەسەر زۆرە، بۆیە کۆشش دەکات پەیوەندی و هەڤاڵبەندییەکانی لەگەڵ فەرەنگییەکان توندتر و تۆکمەتر بکات، پاپا ستیڤنی دووەم (٧٥٢_٧٥٧ی زاینی) سەردانی مەملەکەتی فەرەنگ دەکات و ببین وەک پاشا دەناسێت.[141]

---

The Pope gergory 111, Askae Aid of the Franks Against The Lombards 739. In A Source Book for M.H. pp 102_102.

[138] _ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو ج١ ل ١٥٤_ ١٥٥.

[139] _ ڤینسیا و ئاستیریا و دوقیەی رۆما و بنڤنتو دەچنە پاڵ پارێزگاری پاپا خشیە ئاستولف پاشای لومباردییەکان، ئەوەی راڤنا دەگرێت و ئەکسارختەکان دەردەکات، کۆتایی بە بوونی بیزنتییەکان لە ناوەراستی ئیتاڵیا دەهێنێت، سەیری ئەو :
Thatcher& mcneal, OP, Cit, p 103.

[140] _ فیشر: سەرچاوەی پێشوو... بەشی ١، ل ٨٤.

[141] _ Einhard, The Life of Charlemgne, in Two Lives of Charlemagnee, the vita of Caroli of Einhard, and the De Carlo Magna of Nortker the starmmerer, Tranns. Leveies Thorpe, Pinguin bookks 1969, p 57.

پێگەی پاپایەتی شکۆدار و مەزن بوو، بۆیەش پارێزگاری فەرەنگییەکان بەدەستدەهێنن، شاری راڤنا و هەندێ لە هەرێمەکانی تر بەپێی رێکەوتنامەی نێوانیان وەردەگرن، هەموو ئەوانەش بۆ بەرژەوەندی پاپایەت دەبن لەسەر حیسابی بوونی بیزنییەکان لە خۆرئاوا.[142]

پاپایەت سوور بوو لەسەر هەڤاڵبەندییان لەگەڵ فەرەنگییەکان و مەبەستی گەشەکردن و بەردەوامی ئەو پەیوەندییەش بوو، بۆیە کە ببین دەمرێت، شارلمانی کوڕی بۆ خۆیان رادەکێشن. کە سوپای لومباردییەکان لە ساڵی ٧٧٤ی زاینی دەشکێنن، پاپا بوونی ئەوان بە پشتیوانییەکی بەهێز دەزانێت.[143]

خزمەت و پشتیوانی گەورەی شارلمان بۆ پاپا ئەوە بوو، لە تەوژم و مەترسییەکانی بەگزادەکان دەیپارێزێت، کە بەردەوام بەڕووی پاپا دەوەستانەوە و هەڕەشەیان لێی دەکرد. پاپا لیوی سێیەم (٧٥٩_٨١٦ی زاینی) رووبەڕووی هێرشێکی توندی بەگزادەکانی رۆما لە ساڵی ٧٧٩ی زاینی دەبێتەوە، زۆریش بەزەحمەتی دەتوانێت لەبن دەستیان دەربازی بێت و بگاتە کن شارلمان و لەوێ بێگوناهی و بەستەزمانی خۆی دەسەلمێنێت، بۆیەش لە رۆژی ٢٣ی مانگی دیسمبەری ساڵی ٨٠٠ی زاینی شارل فەرمان دەدات لێپرسینەوە و دادگایی یاخیبووەکان بکەن.[144]

دیارە شێوە و جۆری دادگاییکردنەکەی دادوەرە کارولنجییەکە پاپا نیگەران دەکات، وادەزانێت هەیبەتی سووک کراوە، کە پەرۆشی گەڕانەوەی شکۆی جارانی دەکرد، بۆیە لەوەیان جۆرەها لێکدانەوە و

---

[142]_ کریستوفر دوسن: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٢٦٥.

Donation of Pipin, in Source Book p. 104

Cf. Einhard, OP, Cit, p 60_61, Deanesly, Op Cit, p 58. [143]

[144]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو بەشی ١، ل ٢١٠. سعید عاشور: اوربا العصور الوسطی، التاریخ السیاسی، ج ١، ١٩٣م، ص ٩٤.

رامانیان بۆ کردووە، لە رۆژی میلادی هەمان ساڵدا، لەودەمانەی پاشا شارلمان لە نوێژەکەی هەڵدەستێتەوە، پاپا لیو تاجێک لەسەر سەری پاشا دادەنێت، ئامادەبووان کە زووتر بەرنامەیان بۆ دارشتبوو، هاوار دەکەن: شارلی ئوگستیس ئیمپراتۆری رۆمانی مەزن، پەیامبەری ئاشتی، هیوای ژیان و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.[145]

پاپایەت ئەو تاجدانانە بە کارتێکی سیاسی دەزانێت، بۆ دەرخستن و نواندنی هەژموونەکەی بوو، بۆ ئەوەی بوو بیسەلمێنێت ئەو شایستەی ئەوەیە تاج لەسەر ئیمپراتۆر و پاشاکان دابنێت. مێژوونووسەکەی شارلمان، ئینهارد نووسیویەتی، شارلمان ئاگاداری ئەوە نەبوو پاپا بەنیازە تاجی لەسەر دابنێت، ئەگەر دەیزانی ئەو رۆژە نەدەچووە کڵێساش،[146] بەڵام بەڵگە و نیشانەکانی بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی مێژوونووسەکەیە، چونکە بەدروستی و بەمەبەستەوە شارلمان مەبەستی تاج و نازناوەکە بووە، رەنگە لەوە رازی نەبووە بەو شێوەیە تاجەکەی لەسەر دابنێن. کە خۆی تاج لەسەر کوڕەکەی وەک جێگرەوە لویس وەک ئیمپراتۆر دادەنێت، ئەوە دەسەلمێنێت کە مەبەستی بووە خۆی تاجەکە دابنێتە سەری.[147]

مەسەلەکە چ جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت، زیندووکردنەوەی نازناوی ئیمپراتۆر لە خۆرئاوا بوارساز دەکات، پاپایەت دەرفەت وەربگرێتەوە لەودەمانەی کارولنجییەکان تەنگیان پێی هەڵچنیبوو، ئەوانەی نەیانتوانی بەر لە پاپا، ئەو تاج و نازناوە زیندوو بکەنەوە. بەڵام دیارە مەسەلەکە زۆر ناخایەنێت و بەگزادەکانی رۆما دەسەڵات بەسەر

---

[145]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣١٠. آسحق عبید: الامبراطوریة الرومانیة. ل ٢١٦.

[146]_ Einhard, Op, Cit, p 81.

[147]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣١١.

چارەنووسی پاپایەت دەگرنەوە و هێزەکەی کارولنجییەکانیش هەرەس دەهێنێت.[148]

پاش چارەنووس و دەرئەنجامەکانی ئیمپراتۆریەتی کارولنجی، ناوچەکە دەشلەژێت و ئاژاوەش پەیدا دەبێت، لەو رەوشەدا بەگزادە و دەرەبەگ و پاشاکان کڵێسا و دێرەکان، لە سامان و سەروەتەکانیان تالآ دەکەن و هەرچی زووتر کۆیان کردبووە دەیبەن، کڵێساش دەکەوێتە بەر رەحمەتی ئورستکراتە نوێیەکانی جەنگ.[149]

گەڕانەوەی دەسەلآت و هەژموونی پاشا و بەگزادەکان، وەک چۆن لە سەردەمی پاشاکانی کارولنجییەکان بەتایبەتی لە حوکمڕانی شارل مارتل دەسەلآتیان هەبوو، کڵێسا ناچار دەکات دەرەبەگەکان شکۆیان بگەڕێتەوە وەک جاران هەیبەتیان هەبێت، ئەو سیاسەتەش تا رادەیەک مۆرکێکی دەرەبەگایەتی بە کڵێسا دەداتەوە.

رەوشەکە گۆڕا و وای لێهات ژمارەیەک لە ئەسقف و چاودێری دێرەکان، دەبنە بەردەستی تاجی کارولنجی، موڵکەکانیان وەک ئەمارەتی جەنگی و بەگزادە سکۆلارەکان بەکاردەهێنن. ئەوەش مانای ئەوەیە کڵێسا بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەکەوێتە ناو پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی دەرەبەگایەتی،[150] لەگەڵ ئەوەش پۆستەکانی کڵێساش دوور نابێت لە مەرامی دەسکەوت و دەسەلآت و سامانیش.[151]

ئەسقفەکان لەو رەوشەدا، کە دەزانن کڵێسا بە چ ئاقارێکدا دەڕوات، ئەوانیش دوور لە دەسەلآتی پاپا کاریان دەکرد، بەوەش ئەگەری ئەوە

---

[148]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣١٢.
[149]_کریستوفر دوسن: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٣.
[150]_ قاسم عبدة قاسم، الخليفة الايدلوجية للحروب الصليبية، دراسة عن الحملة الاولى (١٠٩٥_ ١٠٩٩م)، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٣، ص ١٠٣_ ١٠٤.
[151]_ هەمان سەرچاوە... ل ١٠٤.

هەبوو، کڵێسا بە تاریکترین و مەترسیداترین رەوشدا تێبەپڕێت و ببێتە شەرمەزارترین سەردەمی کڵێسا لە مێژوودا، بۆیەش لە سەدەی دەیەمی زاینی کڵێسای خۆرئاوا پەکی دەکەوێت لە راپەڕاندنی ئەرک و فەرمانەکانی، زۆربەی ئەسقفەکان، کەمێکیان نەبێت، خەریکی کاروبارە دونیاییەکە دەبن.[152]

رەوش و پێشهاتە ناڵەبارەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی دەیەم رووبەڕووی ئەوروپا دەبێتەوە، کاردانەوەی نەگەتیڤی لەسەر پیاوانی کڵێسا دەبێت. لەودەمانە زۆر بەش و پارچەی ئەوروپا رووبەڕووی هێرشی باکوورییەکان دەبێتەوە، لەودەمانەش ئەو بەشەی ئەوروپای خۆرئاوا پارچەپارچە ببوو، سیستەمەکەی بەسەر چەند هەرێم و ئەمارەت و هەرێمی دەرەبەگی و شاری سەربەخۆ پەرتەوازە ببوو.

ئەڵمانیا کەوتبووە بەر هەڕەشە و هێرشی هەنگارییەکان، پەلامار و کاوڵکارییەکان دەگاتە سەر ئیتاڵیا و فەرەنسا و چەند بەشێکی وڵاتەکانی تریش،[153] لەبەر رۆشنایی ئەو ئاژاوە بەرفراوانە، پیاوانی کڵێسا و ئەسقفەکان بۆ گەیشتن بە مەرامە تایبەتییەکانیان لەناو کەشی کۆمەڵگە دەرەبەگییەکەدا نقووم دەبن، دەبنە بەشێک لە پێکهاتە بنچینەییەکەی و پۆست و پایەکانیان لە پاشا و بەگزادە دەرەبەگەکانەوە وەردەگرن، ئەوانیش وەک کەسایەتییە دەرەبەگەکان، ئەو دیاردەیەش زۆر بڵاودەبێتەوە و بە تەقلیدی سکۆلاری دەبێتە ترسناکترین نەخۆشییەکانی کڵێسا.[154]

---

[152] _ Stephenson, Medieval History, Washington, 1944, p 284.

[153] __ بۆ زیاتر بڕوانە فیشر. سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ١٣٨

[154] __ کریستوفر دوسن... سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٣.

ئەو قسە و رامانەش لەسەر دێرەکانیش هەبووە، کە ئەوانیش لەکاتی رووخان و شکانەکانی کڵێساکانی خۆرئاوا، دێرەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبووە، لە شکانی بەها و سەرەتا ئاینییەکانی، رێبەری دێرەکان زۆرتر بە کاروبارە سیاسییەکان و ململانێیە دونیاییەکان سەرقاڵ دەبوون، لەوەی گوێرایەلی بایەخ و بنچینەکانی پاپا بندکیت بن.[155]

ئەگەر ئەوە رەوش و گوزەرانی کڵێسا و دێرەکان بووبێت، مەسەلەکەش بۆ پاپایەت جیاواز نەبوو، بۆ دارشتنی کەشێکی خراپ، پاپاکان خۆیان ببوونە نمونەی خراپی بواری کەهنوتییەکانیان لە خۆرئاوا، دەست دەکەن بە کردەی ناڵەبار و ژنی دۆست و سۆزانی لە خۆیان کۆدەکەنەوە و خەریکی خواردنی مەشروبیش دەبن.[156]

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی ئورستکرایەتیەتی دەرەبەگەکان و پابەندبوونی پاپاکان بەو سیستەمە، لە سەرەتای سەدەی دەیەمی زاینییەوە، پاپاکان دەبنە خۆراک و نێچیری دەرەبەگەکانی ناو بەگزادەکانی رۆما، دەکەونە بن هەژموونی دەسەڵاتە ئورستکراتییەکان، پۆستی پاپاش دەبێتە بووکەشووشەی بن دەستی چەند بنەماڵەیەکی ئورستکراتی،[157] لەناو کەسە پلانگێرەکان دژ بە پاپاکان کەسایەتی ژنیش ناو دەردەکەن، وەک ماروزیا Marozia و سیودروای دایکی Theodora.[158]

---

[155] _ Stephenson, Op, cit, pp 284_285.

[156] _ آسحق تاوضروس عبيد: روما و بيزنطة من قطيعة فوتيوس حتى الغزو اللاتينى لمدينة قسطنطين، دار المعارف، القاهرة، ص ٢١.

[157] _ رآفت عبدالحميد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.

[158] _ ماروزیا ژنە دۆستی یەکێک لە پاپاکان بووە، دایکی پاپایەکیش بووە، پاپایەکیشی کوشتووە، بەڵام سیودورا، ژنە دۆستی پاپا حنای دەیەم (٩١٤_ ٩٢٨ی زاینی) بووە، ئەو دوو ژنە لە رێگای مێردەکانیانەوە، یان پیاوە دۆستەکانیانەوە، دەتوانن پاپایەت بدەنە دەست کوڕەکانیان.

بۆیە چارەنووس و دوارۆژی پاپاکان دەکەوێتە بن زەبری کۆمەڵگەی دەرەبەگی، دەبێتە بەشێک لە سیستەمەکانیان، کاری پاپاکان و ئەو داروخان و شکانەش، دوور بوو لە نەریت و هەڵوێستی پاپاکانی پێشوو، وەک لیوی یەکەم و گریگۆری مەزن، سەیر بکە لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی زاینی و تا ساڵی ١٠٥٩ی زاینی بەگوێرە کات و مێژووە ماوەیەکی کورتیشە، ئینجا حەڤدە جار پاپایان گۆڕیوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە بەگزادە و شازادە گەندەڵەکانی ئەودەمانەی رۆما، چەند کاریگەرییان لەسەر پاپایەت هەبووە، بەوەش دەسەڵاتە رۆحییەکان سست و کەم بووە، گەندەڵی پاپاکان و نەبوونی پشتیوان و هاوکارەکان، وای لە پاپاکان کردووە دەسەڵاتیان لاواز و سست بێت.

پاپا یوحنای دوازدهەم (٩٥٥_٩٦٤ی زاینی) کۆشش دەکات پشتیوانییەک بۆ پاپا بدۆزێتەوە و چیتر بێ پشتیوان نەمینێنەوە، کە ماوەیەکی هەژموونی زۆریان لە دەست بووە، ئەوەش بە پشتیوانی و یارمەتی ئۆتوی یەکەم بوو (٩٦٢_ ٩٧٣ی زاینی)[159] بووە، کە دژایەتی مارکیز برنجر و دوژمنەکانی پاپایەت لە ئیتاڵیا دەکەن، پاش ئەوەی تاج لەسەر ئیمپراتۆر دەکەن.[160]

لەگەڵ ئاژاوە و قەیرانەکانی ناو ئەوروپا، سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپای خۆرئاوایی دێتە کایەوە،[161] پاش شارلمان، وڵات و دەوڵەتەکانی جیهان ناگەن بە گەورەبوون و فراوانبوونی کریستیانیەت. کە تاج لەسەر

---

[159]_ ئاتوی یەکەم پاش هنری یەکەمی باوکی لە تەمەنی بیست ساڵی دەبێتە پاشا، توندکردنی دەسەڵاتەکەی چەندین سەرهەڵدان و شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر کڵێسا، تا یارمەتی بدەن. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: سعید عاشور: اوربا العصور الوسطى، ج ١، ص ٢٨٧.

[160]_ سعید عاشور... سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٢٩٠.

[161]_ بنتر، بوونی ئاژاوەکانی ئەوروپا لە سەدەی بیستەم لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و دەرەبەگایەتی بە فاکتەری سەرەکی دەزانێت.

ئۆتو وەک ئیمپراتۆر، لەلایەن پاپا یوحنای دوازدەهەم لە ساڵی ٩٦٢ی زاینی دەکرێت، ئەوە دەبێتە هەنگاو و دەستپێکی نۆژەنبونەوەی ئیمپراتۆریەتەکە و جێبەجێبوونی هەموو داواکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی خۆرئاوایی.[162]

بەڵام ئەو دانان و دەستنیشانکردنە، ناگاتە دانانەکەی شارلمان کە خزمەتی زۆری بە کڵێسا دەگەیاند و پشتیوانی بەرووی نەیارەکانی دەکرد. چونکە ئۆتو زۆرتر کاری دەکرد دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکان و کۆنترۆڵکردنی کڵێسای ئەڵمانی جێگیرتر بکات، کە دەستەمۆی پاپا دەکات، بەوەیان دەتوانێت کڵێساکەش بخاتە بن دەستی خۆی.[163]

جێگای رامان و سەرسامی نەبوو، کە پاپا یوحنای دوازدەهەم لە ئیمپراتۆر یاخی دەبێت، ئەویش پاپا دەگۆڕێت و لیوی هەشتەم (٩٦٣_٩٦٥ی زاینی) لە دانیشتنێکی کۆڕە ئاینییەکەی لە رۆما لە ساڵی ٩٦٣ی زاینی، لە جێگای ئەو دادەنێت. کڵێسای رۆمانی لیوی هەشتەم بە دەروازەیەکی ناکۆک و دژ دەزانێت، چونکە ئیمپراتۆر ئۆتو بەپێی بیردۆزی پاپایەت دەسەڵاتی گۆڕین و لادانی پاپای نەبوو.[164] بەڵام لیوی هەشتەم بەرامبەر دانان و چاکەکەی ئەو دەسەڵاتە بە ئیمپراتۆر، بەرەوا دەزانێت، بۆ دانان و ناوهێنان و هەڵبژاردنی پاپا و ئەسقفەکان.[165]

پاش سەرکەوتنی یەکەم هەنگاوی ئیمپراتۆر ئۆتو بەڕووی پاپایەت، نیشانەی ناهاوسەنگی سیاسی بۆ بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی

---

[162]_ فیشر... سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ١٣٩.

[163]_ Tout, Op, Cit, pp 26_27.

[164]_ Thatecker& McNeal, Op, Cit, p 118.

[165]_ Leo VIII Grant the Emperor the Right to chooce the pope and Invest all bishops 963, in Thatecker& McNeal. OP, cit, 0. 147.

موقەدەس _ ناوە فەرمییەکەی ئیمپراتۆر ئوتو بوو _ کە بەهێزترین قەوارەی سیاسی بوو، لە ئەوروپای دەرەبەگی لەو سەردەمە. ئەوەش شکستێکی مەزن و گەورە بوو بۆ بیردۆزی شکۆداری پاپا، کە پاپا مەزنەکان، کۆشش و خەباتیان دەکردن بۆ شەکانەوە و هەڵگرتنی بەیداخەکەی.

ئیمپراتۆرەکانی ئەڵمان و پاش ئیمپراتۆر ئوتو، دەخوازن دەسەڵاتیان بە سەر پاپا نیشان بدەن و بیخەنە بن هەژموونی خۆیان، ئەگەرچی بوار و شێوازەکانیان هەمەجۆر و جیاوازیش بوو، ئوتوی سێیەم (٩٨٣_١٠٠٢ی زاینی)، کۆشش دەکات هاوکات ڕۆما بکاتە مەڵبەندێکی دەسەڵاتی ڕۆحی و زەمەنی، بەڵام کۆشش و بەرنامەکانی هەرەس دەهێنێت و سەرناگرێت، بۆیەش ناچار دەبێت، لەبن دەست و زەبری یاخیبوو و شۆرشگێرەکانی خەڵکی ڕۆماش ڕابکات و دەربازی ببێت.[166]

هنریی دووەم (١٠٠٢_١٠٢٤ی زاینی) دەیەوێ یارمەتی بە بندکتی هەشتەم (١٠١٢_١٠٢٤ی زاینی) پێشکەش بکات، کە خۆی و پاپایەت دەکەوێتە بن هەژموونی بنەماڵەی کرسشنتیCresecenti و بنەماڵەی تسکالیومTuscalum . لە بەرامبەر ئەو یارمەتی و بەهاناهاتنەدا لە ساڵی ١٠١٤ی زاینی، پاپا دەیەوێ هنریی هەشتەم وەک ئیمپراتۆری ڕۆما بناسێنێت و تاجی لەسەر بکات.

ئیتر لەورۆژەوە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی موقەدەس، پاپاکان بۆ وەرگرتن و پەیداکردنی پشتیوانی پاشاکانی ئەڵمانیا، تاج بە پاشاکان دەبەخشن، لە سەردەمی کۆنرادی دووەم (١٠٢٤_ ١٠٢٩ی زاینی) پشتیوانی هەڵوێستەکانی کڵێسا لە ئیتاڵیا دەکات، بەرامبەر ئەوەش کۆنراد

---

[166] _ Pirenne, Op, cit, p. 147.

لەسەر دەستی پاپا یوحنای نۆزدەهەم (١٠٢٤_ ١٠٣٢)ی زاینی لە بەهاری ساڵی ١٠٢٧ی زاینی تاجی لەسەر دەکرێت.[167]

دیارە کە پاپایەت بەردەوام پەرۆش بووە، بۆ پەیداکردنی هاوسۆزی و پشتیوانی، چونکە خاوەن هەژموونێکی بەتوانا نەبووە، پاپایەت بەردەوام گەمەیەک بووە لەبن دەستی شازادەکانی رۆما.

ئەو لاوازییە لە سەردەمی هنریی سێیەم (١٠٢٩_ ١٠٥٦ی زاینی) دەتەقێتەوە، سێ کەس لەسەر پۆستی پاپا دەکەونە ململانێ، بۆیە ئەویش هەرسێکیان دووردەخاتەوە، چونکە ئیمپراتۆریەتە موقەدەسەکە لەوپەڕی شکۆداری و هێزدا بووە.[168]

مەسەلەکە هەر چۆنێک بووبێت، لێکدانەوەی لاوازی دامودەزگاکانی کڵێسا لە خۆرئاوا، لەبن هەژموونی سیستەمی دەرەبەگایەتی لێ دەکەوێتەوە و کڵێساش دەکەوێتە ناو پێکهاتەکەی و دەبێتە دیلی بن پەیوەندی و فەرمانەکانی دەرەبەگایەتی و کۆتەکانی.[169]

دەرئەنجامی تێکەوتنی کڵێسا بۆ ناو سیستەم و پێکهاتەی سیستەمە دەرەبەگییەکە، هەندێ دیاردەی ترسناک دەردەکەوێت، لەوانەی دیاردەی سیمونیەت، واتە فرۆشتنی پۆست و پایەکانی ئاینی، ئەو نەخۆشییە ترسناکەش دەکەوێتە ناو جەستەی کڵێسای لاتینی. بوونی پارە و سامانی زۆری کڵێساکان، فاکتەر بوون لەسەر پەیدابوونی ئەو پێشهاتانە، بۆیە زۆر کەس ئامادە بوون پارەی زۆر بداتە دەسەڵاتدارە سکۆلارەکان و گەورە ئەسقفەکان، بەرامبەر وەرگرتنی پۆست و دامەزراندنیان لە دێرە و

[167]_ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٠٤.
[168]_ سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩،
[169]_ بۆ زۆرترین زانیاری لەسەر چۆنیەتی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و قۆناخەکانی گەشەسەندنی لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەورووپا. کانتور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٣٣١_ ٣٦٦. فیشر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩_ ١٤٤.

ئەسقفییەکان. بەوەش ژمارەیەکی زۆری لە کەسانی تاوانبار و گەندەڵ دەگەنە پۆستە ئاینییە گەورەکان، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر کڵێسا دەبێت و لاوازی دەکات.[170]

بەوەش زۆر لە منداڵانی بنەماڵە دەرەبەگەکان، کە هیچ بوار و دەرفەتیان نەبوو، لەناو سیستەمی دەرەبەگایەتییەکان بواری دەسکەوتیان هەبووبێت، دەگەنە ناو پۆستەکانی کڵێسا و دەست بەسەر دەرەبەگایەتییەکانی دەزگاکانی کڵێسا لە کاتدرائیە و ئەسقفییەکان و دێرەکان دادەگرن،[171] ئەوانەش دەتوانن پشتیوانی کڵێسا بکەن، دەرئەنجام ئەوانە رەنگدانەوەی نەگیتڤی لەسەر کڵێسا دەبێت و پیاوانی کڵێسا لە پەیامە ئاینییەکەیان دووردەکەونەوە، بۆیەش بوارساز دەبێت دەرەبەگایەتی کڵێسەیی دەربکەوێت.

لەگەڵ گەشەسەندنی ئەو دیاردەیە، پیاوانی ئاینی بۆ بەفیڕۆنەچوونی موڵکەکان، هاوسەرگیری دەکەن، تا نەوەکانیان موڵکەکان بەدەست بهێنن و نەفەوتێن، بەڵام بەپێی یاسای دەرەبەگایەتی، ئەو کەسانە نابنە منداڵی شەرعی، بۆیە میراتەکانیان بەرناکەوێت.[172]

بۆ چاکسازییەکان و بنبڕکردنی ئەو دیاردانە، دەبوایە کۆششێک بکرێت، لەرەگەوە ئەوانە قەڵاچۆ بکرێن، بۆیە بزاڤی ریفۆرم بۆ چاکسازی کڵێسای خۆرئاوایی پەیدا دەبێت، کۆشش دەکات لەو چارەنووسە دەربازی بکات. لەوانە بزاڤی ریفۆرمی کلۆنی، ناوەکەش لەو کڵێسایەوە هاتەوە کە بزاڤەکەی تێدا سەرهەڵدەدات.

---

[170]_ سعيد عاشور: اوربا العصور الوسطى، ج ا ص ٣٣٠.
[171]_ بۆ زۆر وردەکاری بڕوانە: Stephenson, p 236.
[172]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٥٢.

دێری کلۆنی لە ساڵی ٩١٠ی زاینی لەسەر دەستی دۆق ئاکوتین و لەسەر سیستەمی بندکتی دادەمەزرێت، دێرەکە بۆ چەسپاندنی هەڵوێستەکان قوربانی زۆر دەدات، ئەسقفەکەی دەبێتە باڵاترین کەسایەتی ئاینی لە کڵێسای لاتینی پاش پاپا.[173] دێرەکە پەرۆش بووە، کڵێسا نەکەوێتە ناو کۆت و ئیلتزامەکانی دەرەبەگایەتی، بۆیەش سیستەم نوێیەکە کڵێسای خۆرئاوایی، لەبن هەموو ئیلتزامە دەرەبەگەییەکان دەردەهێنێت، چیتر پابەندی شازادەکان و ملکەچی زەوی و پاداشتەکانی شازادەکان نابێت، ئیتر هەموو پاداشتێک وەک دیاری، دەدرێتە کڵێسا و لەسەر داوای پیاوانی ئاینی و بەس، بە هیچ جۆرە پەیوەندی و سیستەمێک نابەسترێنەوە.[174]

لەبەر ئەوەی دێر بەڕووی دەستوەردانی سکۆلارەکان داخرابوو، ئەوەش تا رادەیەک هاندەر و فاکتەر بوو، بۆ سەرکەوتن لە پەیامەکانی. ئەگەرچی دێر لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی پاپا بوو، بەڵام سەرۆکەکانی ئازادییەکی رەهایان لە کاروبارەکانی رۆژانە و دیارکردنی چارەنووسی هەبوو، پاپایەت تا ناوەندی سەدەی یازدەهەمی زایینی لە دارمانێکی سەرتاسەری دابوو.[175]

بزاڤە ریفۆرمخوازەکەی کلۆنی، لەبەر رۆشنایی سیستەم و چوارچێوەکانی، بەرنامەیەکی داڕشتبوو بۆ چاکسازی کڵێسا و جیهان، بەڵام بەرنامەکە لە چەندین لایەنەوە دەکرا رەخنەشی لێ بگیرێت، ئەگەرچی دێری کلۆنی کۆششکار بوو، لەبن هەژموونی سکۆلارەکان دەربازی ببێت، بەڵام زۆریش پەرۆش نەبوو، سەربەخۆییەکەی ببێتە داوای

---

[173]_ بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر دێری کلۆنی و بزاڤی کلۆنییەت، سەیری کانتور ...: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٦٩_ ٣٧٠ بکە.

[174]_ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٦٩.

[175]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١.

دێرەکانی کلۆنی و هەموو دێرەکانی تری سەر بەو.[176] دیارە ئەوەش هاوسۆز بووە، لەگەڵ رەهبانییە کلۆنییەکان، چاویان لەوە بووە پارێزگاری پاشا و دۆقەکان، بۆ مانەوە و خۆراگریی دێرەکانیان بەدەست بهێنن.

بەرپرسی دێری کلۆنی گەورە، دەسەڵاتدارەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و نورماندی و هەندێ لە وڵاتانی تری خۆرئاوای ئەوروپا، ئەوانەی بە دۆستی کڵێسا و بەرێز و ستایشەوە سەیری دەکردن. کلۆنییەکان بەڕاستی بەشکۆوە سەیری دەسەڵاتداریان دەکرد، بە چاوی پارێزەری کڵێسایان دەزانین و پشتیوانی بڵاوبونەوەی موڵکایەتی ئاینسالارییان لە ئەڵمانیا کردووە.[177] بایەخ و پشتیوانی ئیمپراتۆر هنریی سێیەم (١٠٣٩_١٠٥٦ی زاینی)، هاندەر بوو، بۆ بەرەو پێشەوەچوونی بزاڤی کلۆنییەت، یارمەتی چالاکییەکانی ئەو بزاڤە دەدات و خۆی بە شوان و پارێزگاری کلۆنییەت لەناو مەملەکەتەکەی دەزانێت.[178]

ئەگەر ئیمپراتۆرەکانی ئەڵمانیا پشتیوانیان لەو بزاڤە کردبێت، ئەوەش پلان و کۆشش بووە، بۆ دەستەمۆ و قۆرخکردنی کڵێساکە.[179] چاکسازەکانی دێرەکان، ناڕەزایی تەواویان لەسەر هەڵوێست و

---

[176]_ کلۆنیەت لەناو خۆرئاوای ئەوروپا بڵاودەبێتەوە، لە سەدەی یازدەهەم نزیکەی سەد هەزار راهیب و دوو هەزار کۆمەڵە و گرووپی ئاینی پابەندی کلۆنیەت دەبن، ئوربانی دووەم دەبێتە کەسی دووەمی ناو دێری کلۆنی و دەگاتە پایەی بەرزی کڵێسا لە رۆما.

[177]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٦٩_ ٣٧٠.

[178]_بزاڤی کلۆنیەت بە کۆششی برجندیا دەگاتە ئەڵمانیا، لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمینیش، بە کۆششی لۆرین دەگاتە ئەڵمانیا، لەوێ هنریی دووەم (١٠٠٢_ ١٠٢٤ی زاینی)، هەروەها بە کۆششی کۆنرادی دووەم (١٠٢٤_ ١٠٣٩ی زاینی) پەرۆشی گەیشتنی ئەو هزرە دەکات، هەروەها هنریی سێیەمیش پشتیوانی دەکات، بۆ زۆرتر سەیری: کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٨١ بکە.

[179]_ بۆ زۆرتر زانیاری سەیری: کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٢٦٩_ ٢٧٠.

مەرامەکانی ئەوان نەبووە، چونکە وایاندەزانی بەو هەڤاڵبەندییە دەتوانن کڵێسا لەبن چەپۆکی ئورستکراتییە سکۆلارە قوورسەکان دەرباز بکەن.[180]

کۆشش و پەیامی چاکسازەکان، ئاراستەی سەر و گەورەکانی کڵێسای لاتینی، واتە پاپاکان دەکەن و کار دەکەن چاکیان بکەن. لەلایەن خۆییەوە هنریی سێیەم ئامادە بووە، هەموو کۆششێک بکات پاپا بزاڤێکی چاکسازی وەک ئەو کڵێسایە بکەن،[181] وەک پێشتر ئاماژەمان پێی کردبوو هنریی سێیەم رۆڵی هەبووە لە ململانێی پاپاکان لەسەر وەرگرتنی پۆست و عەرشی پاپا، لە هەموویان بەتواناتر و ناودارتر بۆ ئەو پلەیە پاپا لیوی نۆیەم (١٠٤٨_ ١٠٥٤ی زاینی) بوو، کە زۆرتر کۆششی دەکرد پاپایەت سەربەخۆیی تەواوی هەبێت. سەرقاڵبوونی هنریی سێیەم بە چارەسەرکردنی ئاژاوەکانی ناو ئەڵمانیا، بوار ساز دەبێت پاپا ئازاد بێت لە گەیشتن بە ئامانجەکەی.[182]

دیارە کە پاپایەت بزاڤێکی بنەڕەتی ریفۆرم بووە بۆ گێڕانەوەی رەوشەکان لە بەرژەوەندی پاپایەت و کڵێسای لاتینی. بزاڤەکە بە چاکسازییەکانی گریگۆر[183] دەناسرێت. ئەوەش بەردەوام و تەواوکردنی بزاڤە چاکسازییەکەی کلۆنی بووە، یان ئیلهامی لەو وەرگرتووە، بەڵام دیارە پێچەوانەی راستییەکانە، چونکە گریگۆرییەکان دژایەتی

---

[180] _ Barraclouugh, p 70.

[181] _ painter, p 130.

[182] _ السيد الباز العريني: الدولة البيزنطية (٣٢٣_ ١٠٨١م)، دار النهضة، القاهرة، ١٩٦٥م، ل ٧٥٨.

[183] _ لەسەر ئەو بزاڤە سەيری: كانتور: التاريخ الوسيط، ق٢، ترجمة و تعليق، قاسم عبدة قاسم، القاهرة دار المعارف، ط ٢، ١٩٦٨م، ص ٣٤٢_ ٣٧٤.

هاوسەنگییەکانی چاخەکانی ناوەڕاست دەکەن و دواییش زۆر دژایەتی بانگەشەکانی کلۆنییەکانیش دەکەن.[184]

گریگۆرییەکان دەبوایە کۆشش و پەرۆش بن، کڵێسا لە مەترسییەکان دەرباز بکەن و بوار نەدەن ناسنامە پیرۆزەکەی لە دەست بدات، چونکە ئاوێتەبوونی زۆر لەنێوان کڵێسا و جیهان و بڵاوبونەوەی دینداری ناو کەسە علمانییەکان فاکتەری زۆری لاوازبوون و سەرگەردانی کڵێسایان دەگەیاند.[185] کڵێسا بە ریفۆرمەکان وەک زۆرتر و پشتیوانیکردنی بەها ئەخلاقییەکان و هەست و جۆشی خوداپەرستی ناو راهیبەکان، دەیویست جۆشێکی نوێ بە کڵێسا بداتەوە، دەزگا نوێی دێرەکان پیاوانی تر دەخەنە شوێنە گرنگەکان بیلاتی پاپایەت و کار دەکەن ریفۆرم لە کڵێساکان و جیهان بکەن، بەوەش دەتوانن بەهاکانی ریفۆرمەکە لە هەموو بوارەکان بەرجەستە بکەن.[186]

گریگۆری حەوتەم (١٠٧٣_ ١٠٨٥ی زاینی) هەموو هزرە شۆرشگێرییەکانی لەو رۆژانە هەستیان پێ دەکرا، سوودی لێیان دەبینی و لە بەرنامەکانی خۆی بەرجەستەی دەکرد، کە دەگاتە عەرشی پاپا ئەوانە جێبەجێ دەکاتەوە.

---

[184]_ زۆر لە مێژوونووسان، باسی بزاڤە چاکسازییەکەی جریجورییان کردووە، ئەوەش وەک تەواوکەری و ئیلهامەکەی بزاڤی کلۆنییەت، جریجوری لەبەرئەوەی کاردانەوەی کلۆنیەتی پێوە بووە، بۆیە ریفۆرمەکانی کردووە. ئەوەی جریجوری حەوتەم کردویەتی جۆرێک بووە، لە شۆرشێکی گشتکیر، دژ بە هەموو دیاردە و نیشانەکانی کلۆنیەت، سەیری: کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٤٠_ ٣٤١ بکە.

[185]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٤٠_ ٣٤١.

[186]_ سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٣٤١.

بەرنامەکەی پاپا کە بە بەڵگەنامەی دارشتنەوەی پاپایەت Dictatus Papae[187] دەناسرا، جەخت لەسەر دەسەڵاتی پاپا دەکاتەوە، پاپا خاوەنی دەسەڵاتی باڵایە، هەر ئەویش دەتوانێت ئەسقفەکان لە پۆستەکان دابنێت و بیانگۆڕیت، یان بیانگوازێتەوە بۆ ئەسقفییەکانی تر، هەرگیز ئەنجومەنی کڵێسا بێ ڕەزامەندی پاپا نابەسترێت، بیلاتی پاپاش باڵاترین دادگایە لە جیهان... ئەوانە و چەندین بڕیار و راسپاردەی تر، هەموویان جەختان لەسەر دەسەڵاتی باڵای پاپا دەکردەوە، پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و پاپایەتیان دادەمەزراند.

لە دەقەکەی پاپادا هاتووە، کە پاپا دەسەڵاتی بە سەر نیشانەکانی ئیمپراتۆریەت هەیە، مافی هەیە ئیمپراتۆرەکان بگۆڕێت، خەڵکەکەش مافیان هەیە، سکالا دژ بە کاربەدەستان بدەنە دادگاکانی پاپایەت.[188]

ئەگەر بەڵگەنامەکەی پاپا، هەموو بەندەکانی پاشاکانی خۆرئاوای ئەوروپای نیگەران و تووڕەش نەکردبێت، ئەوە بەندەکەی تایبەت بە پەیوەندییەکانی دەوڵەتەکان بە پاپا دەیانوروژێنێت، چونکە گریگۆر ویستبووی دەسەڵاتی بەسەر پاشایەتی زۆرتر بێت، بڕیارەکان، نۆ پاشا کە لەناو کۆمەڵگە و دەسەڵاتیان بەسەر کڵێسادا هەبووە، تووشی شۆکیان دەکات.[189]

بۆچوونەکانی گریگۆری حەوتەم، سەبارەت بە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە علمانییەکان، لە نامەکانی بۆ پاشاکانی خۆرئاوای ئەوروپا و ئەمیرەکانی

---

[187]_ بۆ زانینی دەقی دارشتنەوەی پاپایەت سەیری: قاسم عبدة قاسم: الحروب الصليبية نصوص و وثائق، الحملة الصليبية الاولى، القاهرة ١٩٨٥م، ص ٥٠_ ٥٢، آسحق عبيد: روما وبيزنطة، ص ٤٤_ ٤٥، سعيد عاشور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٧٠٤_ ٧٠٥ بکە.
[188]_کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٥٢_ ٣٥٣.
[189]_ هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٤.

خۆرهەڵات روون و ئاشکرا دیارە، بەڵگەی دیار بوون، بۆ راگەیاندنی بەرنامەی دەسەڵاتە جیهانییەکەی پاپا.[190]

دەرئەنجامەکان هەر چۆن بووبێت، دەبوایە گریگۆری حەوتەم بەرنامەکانی جێبەجێ بکات، ئەو پیاوێکی ورەبەرز و ئازا بوو، لە ساڵی ١٠٧٥ی زاینی بەڕووی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دەوەستێتەوە، کە لەودەمانە یەکێک بووە لە دەسەڵاتدارە ئازاکانی ئەوروپا. دوودڵ و نیگەران نەبوو، کە داوا لە پاشاکەی ئەڵمانیا دەکات، سیستەمی باوی ئاسایی عەلمانیی لە مەملەکەتەکەی رابگرێت.

لەودەمانەی ئەسقفیەتی میلانۆ بەرپرسی نەبوو، ئیمپراتۆر و پاپا لەلایەن خۆیانەوە، دەیانویست پۆستەکە پڕبکەنەوە، جەختان لەسەر دانانی نوێنەری خۆیان دەکردەوە، کە گریگۆری حەوتەم گەف لە ئیمپراتۆر دەکات، ناکۆکییەکانیان گەرمتر و کوشندەتر دەبێت، بۆیە هوشیاری دەکاتەوە ئەگەر لاملی بکات، لە پۆستەکەی دەریدەکات و ئیمپراتۆرێکی تر لەجیاتی ئەو دادەنێت.[191]

کە هنریی چوارەم، هەست دەکات پیاوانی کڵێسای ئەڵمانی پشتیوانی دەکەن، بەتوندی رووبەڕووی بریارەکانی گریگۆری حەوتەم دەبێتەوە. زووتر پیاوانی کڵێسای ئەڵمانی لەگەڵ بریار و بەرنامەکانی گریگۆر نەبوون، لە دانانەوەی سیستەمی پەیوەندییەکانی نێوان کڵێسا و دەوڵەت لە ئەڵمانیا.[192]

زاناکانی کڵێسەیی لە ئەڵمانیا کۆدەبنەوە و پەیامێک ساز دەکەن و بەناوی پاشا بۆ پاپای دەنێرن، لە نامەکەشدا چەندین جنێووی پیسی بۆ

---

[190]_ آسحاق عبید: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢_ ٤٤، لەسەر نامەکانی جریجوریی حەوتەم بۆ بەگزادە و پاشاکانی ئەوروپا و خۆرهەڵات.

[191]_ Letter of Gregory vll to Henry lv. P 145_151.

[192]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٢٦٣.

دەنووسن.[193] هنریی چوارەم، کە دەزانێت هەڵوێستی پاشایەتی ناڵەبارە و بەرامبەر بڕیارەکانی پاپا پەریشانە، بۆیە کۆشش دەکات بە هەموو تەوژم و هێزێکەوە رووبەڕووی پاپا ببێتەوە، هەر شلکردن و میانڕەوییەک هەموو شتەکان بە قازانجی پاپا دەشکێتەوە، کانتور وادەزانێت کە وتارەکەی هنریی چوارەم وەک هاوارێکی نائومێدی پاشایەتی سەدەکانی ناوەڕاست بوو بۆ بەرقراربوونی قەوارەکەی.[194]

گریگۆری حەوتەم، بە لادانی لە پۆستی ئیمپراتۆریەت، بەپەلە و توند، وەڵامی هنریی چوارەم دەداتەوە، بەوەش هەوادارەکانی لە ترسان و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لە کڵێسای ئەڵمانی لە پشتیوانیکردنی مەلیک پەشیمان دەبنەوە، بەوەش پشتیوانییە سەربازییەکەی کڵێسای لە دەست دەدات. بڕیارەکەی لادانی هنریی چوارەم کاردانەوەیەکی راستەوخۆی لەسەر رووخان و شکستی دەسەڵاتی پاشایەتی بە شێوەیەکی ترسناک دەبێت.[195]

بۆیەش هنریی چوارەم زۆر بەدژواری و بەهێزەوە دەکەوێتە ململانێی سەخت لەگەڵ پاپا، چونکە بڕیارەکەی پاپا کاردانەوەیەکی مەزنی و چەکێکی کوشندە دەبێت، ئەوەی شایانی باسە، نیگەرانی و ترسی هنریی چوارەمیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە چونکە رەوشی ناو وڵاتیش شپرزە و ئاڵۆز بوو، بۆیە بە بڕیارەکەی پاپا زۆرتر دەشێوێت.[196]

---

[193] _ هنری لە شاری ورمس کۆڕێک لە رۆژی ٢٤ی مانگی یانیری ساڵی ١٠٧٦ی زاینی دەکات، ئەسقفەکانی ئەو کۆڕە، جریجوری حەوتەم لەسەر عەرشی پاپا لادەبەن، دوو نامەشی پێ دەنووسن، یەکێکیان بۆ هنریی چوارەم و دووەمیان بۆ پیاوانی کڵێسا. سەیری: خطاب مجمع ورمس: قاسم عبدة قاسم، الحروب الصليبية ، ص ٣_ ٥ بکە.

[194] _ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٢٦٤.

[195] _ سةيری: Tout, Op, cit, p 180, Barraclough, Op, cit, p 80.

کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٦٥.

[196] _ لەسەر ئەو رەوشەدا سەیری:

مەلیک دەبوایە دەروازەیەک بۆ دەربازبوونی لەو گێژاوە بدۆزێتەوە، بۆیەش پیاوانی کڵێسا پێی دەڵێن، تا مەسەلەکە ئاڵۆزتر و کوشندەتر نەبوو، داوا دەکەین داوای غوفران لە پاپا بکە، بەپێچەوانە عەرەشەکەت لەکیس دەچێت. بۆیە مەلیک دەچێتە قەڵاتی کانوسا لە ئیتاڵیا کە پاپا لەوێ میوانی کونتیسە ماتیلدا شاژنی توسکانیا بوو.[197]

گریگۆری حەوتەم بەوە دەناسرا، کەسێکی توند و کەللەرەق بوو، بەئاسانی لێبووردنەکەی هنریی چوارەمی قبووڵ نەدەکرد، بەتایبەتی لەودەمانەی گەیشتبووە لووتکەی دەسەڵات و شکۆداری لە دەسەڵاتی پاپایەتی. بۆیەش ماوەی سێ رۆژ چاوەڕوان دەبێت، ئینجا کونتیسە ماتیلدا سەرۆکی دێری کلۆنی نێوانیان دەکات[198].

رووداوەکەی کانوسا گەرمترین ململانێیەکانی نێوان پاپایەت و پاشایەتی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاست، بەوەش پاپایەتی دەیویست بەو خەباتە رووبەڕووی دەسەڵاتی پاشایەتی ببێتەوە و هاوسەنگی هێزەکان بگۆڕێت، تا بە قازانجی ئەودا بشکێتەوە. کانوسا زۆرترین بەڵگەی تێدا بوو، تەسلیمبوونی پاشای ئەڵمانیا و داواکردنی غوفران، پەیام و هەواڵێک بوو بۆ راگەیاندنی شکۆی دەسەڵاتی پاپایەت، ئەوەی هنریی چوارەمیش دەیکرد کۆششێک بوو، بۆ مانەوەی لەسەر عەرەشەکەی، کە پاپاش غوفرانەکە دەردەکات بەناچاری بووە، چونکە ناکرێ پیاوانی ئاینی لە سزادانی کەسانی تاوانبار و پەشیمان دوودڵ بێت.[199]

---

Walter, Op, cit, p 161, Barauclough, op, cit, p 82. Painter, op, cit, p 40.

[197] _ Keen, Op, Cit p 60. کانتور: سەرچاوەی پێشوو: بەشی ٢، ل ٣٦٦. ماتیلدای کیژی قەدیس پوترس، ئارەزووی بوو بەناوی مەزنترین شازادەی خۆرئاوای لاتینی ناوی ببەن، چەندین پیاوانی ئاینی و زانا دەهێنێتە ناو کۆشکەکەی.

[198] _ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٦٦.

[199] _ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٦٧،

مەسەلەکەش بۆ هەردووکیان، مەبەست سەرکەوتن و مانەوە و دەسەڵات بوو، بەوەیان گریگۆر پەیامێک ئاراستەی هەموو شازادەکانی ئەڵمانیا دەکات، لەو ململانێیەدا بەسەر پاشاکە سەرکەوتووە، هنرییش وەک خزمەتکارێکی دڵسۆزی پاپایەت دەردەکەوێت.[200]

لەودەمانەی هنری دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا، دەیەوێ بە میللەتەکەی بڵێت من لەسەر عەرەشەکەم مامەوە.[201] ئەگەرچی هنری وەک کەسێکی دڵسۆزی گریگۆر دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا ساڵێک بەسەر ئەو رووداوە تێنەپەڕیبوو، کە هنری پاپا دەگۆڕێت و ئەسقفی راڤنا بەناوی کلمنتی سێیەم دەکاتە پاپا، ئەگەرچی نورماندییەکان پشتیوانی گریگۆر دەکەن، بەڵام ناتوانن فریای بکەون و کە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە، لە ساڵی ١٠٨٥ی زاینی و دوور لە رۆما لە تاراوگە دەمرێت.[202]

چارەنووسی پاپا گریگۆری حەوتەم هەر چۆنێک بێت، ئەو توانی ئەو دادپەروەرییەی مەبەستی بوو رابگەیێنێت، بەرنامەکانی لە چاکسازی بکات، ئەگەرچی ئەو نیازی چەسپاندنی زۆرترین دەسەڵات و شکۆمەندی پاپایەت بوو، بۆیە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی موقەدەس دەکەوێتە ململانێیەکی دژوار، ئەوەش هیوا و خواستی هەموو پاپاکانی پاش ئەو بوون، ئینجا بە جۆرەها ئامراز و خەباتەوە.

پاپا ئاربانی دووەم (١٠٨٨_ ١٠٩٩ی زاینی)، بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئیمپراتۆر رووبەڕوو ببێتەوە، دەتوانێت هەموو وڵاتانی ئەوروپا یەکبخات و دەسەڵاتی رۆحی و زەمنییەکان، لە رۆژانی هەڵمەتەکانی خاچپەرستان هەژموونی تەواو بگرێتە دەست. پاپایەت لەگەڵ خەباتەکانی بۆ

---

[200]_ دەقی نامەکەی جریجوریی حەوتەم نووسیبوی لە کتێبی: قاسم عبدة قاسم: الحروب الصليبية، ص ٥٥_ ٥٦.

[201]_ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٦٧.

[202]_ راسل: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

چەسپاندنی دەسەڵاتەکانی، رووبەڕووی مافە مێژووییەکانی بیزنتییەکانیش دەبێتەوە. پاپایەت مەبەستی بوو، هەژموونەکەی بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەیەکەوە بکات. ئەوەش داخوازی پاپا بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستە کڵێسای جیهانی، ئەوەش هەڕەشەیەک بوو بۆ پاتریکیەتی بیزنتی.

رۆما بە چاوی دابڕان و جیابوونەوە سەیری بیزنتی کردووە، کە لە سیستەمەکە لایداوە، ئەوەش باندۆری لەسەر پەیوەنییەکانی هەردوولا دەبێت، لە سەدەی نۆیەم دەگاتە بنبەست، بە دابڕان و دوورکەوتنەوەی ڤوتیوس، کە پاپا نیقۆلای یەکەم (٨٥٨_ ٨٦٨ی زاینی) دان بە ڤوتیوس وەک پاتریکی شەرعی بیزنتییەکان دانانێت، ئەو دابڕن و ترازانە پەیدا دەبێت.[203]

هەروەها ترازانێکی تریش لەنێوان پاپایەت و کڵێسای بیزنتی لەساڵی ١٠٥٤ی زاینی کە بە ترازانی کریولاریوس دەناسرێت،[204] روودەدات، بەناوی پاتریکی قوستەنتینییەوە ناونراوە. ئەوەش پاش ململانێیەکانی نێوان پاپایەت و ئیمپراتۆر بۆ دیارکردن و زانینی دەسەڵاتی هەردوو جەمسەر سەرهەڵدەدات.

نوێنەری پاپا بۆ بیزنتییەکان، لە دانوستانەکان توندی دەنوێنێت، بۆیەش رەوشەکە بەرەو دابڕان و ترازان دەچێت، نوێنەرەکە و لەبەردەم خەڵکەکە و لەناو کڵێساکەی ئایا سۆفیا، دەسەڵات لە پاتریکەکەیان وەردەگرێتەوە،

---

[203]_ بۆ زۆرتر لەسەر وردەکارییەکانی ئەو دابڕانە سەیری: آسحق عبید: روما و بیزنطة: ص ٧_ ٨، زینب عبدالحمید، سەرچاوەی پیشوو، ل ١٠٢.

[204]_ لەسەر دابڕانەکە سەیری:

Deansely, Op, cit, pp 78_89, Baldwin, M. Church, pp 99, Fortescue, The Uniate, pp 85_ 92 Zernov. Op. Cit, pp 99.

هەروەها السید الباز العرینی: الدولة البیزنطیة، ل ٧٥٦.

ئەوەش ئاماژە و سەرەتایەک بوو، بۆ لێکترازنێک کە چەند سەدە دەخایێنێت و تا ئیمڕۆش ماوەتەوە.[205]

[205] ــ کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ٢، ل ٣٤٨.

# بەشی دووەم
# کڵێسای لاتینی و بزاڤی خاچپەرستەکان

- جەنگەکانی دەرەبەگایەتی.
- بزاڤی ئاشتی: ئاشتی خودا ــ ئاگربەسی خودا.
- بەسەربازکردنی کریستیانیەت.
- بزاڤی هەڵگەڕانەوە.
- کڵێسا و رەوشی خۆرهەڵاتی کریستیانیەت.
- بانگەواز بۆ شەڕەکانی خاچپەرستی.
- رۆڵی کڵێسا لە سازدان و بانگەوازییەکان.
- رابەرایەتی ئاینی و هۆکار و دەرئەنجامەکان.

# بەشی دووەم
## کڵێسای لاتینی و بزاڤی خاچپەرستەکان

لە کۆتاییەکانی سەدەی یازدەهەمی زاینی، دیاردەیەکی مێژوویی ناوازە دەردەکەوێت، کاردانەوەکانی ماوەیەکی زۆر دەخایێنێت و بەردەوام دەبێت، رووداو و پێشهاتەکانی لە مەیدانێک دەقەومێن، سنوورەکەی دەکەوێتە نێوان خۆرئاوای ئەوروپی تا خۆرهەڵاتی ئیسلامی، لە مێژووش ئەو ململانێیە ناونراوە بە شەڕەکان یان بزاڤی خاچپەرستەکان. کڵێسای خۆرئاواییش ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی هەموو قۆناخەکانی دەگرێتە ئەستۆ.[206]

دیارە کڵێسای خۆرئاوا، لەو بزاڤە مەبەستی بووە، بوارێکی زێرینی بۆ برەخسێت تا لە گەورە دەرەبەگەکان و چەرمەسەری و کێشەکانیان دەربازی ببێت، بەربەرەکانێی نێوان جەمسەرە دەرەبەگەکانیش، کە ئەوروپا هەراسان و پارچە پارچەکردبوو دەربازی ببێت. ململانێیەکان هەموو لەسەر پێویستی خاک و زەوی بەپیت بوو، بەگزادەکان زۆرترین کێڵگە و زەوییان پێویست بوو، موڵکی نوێیان دەویست.[207] دەرئەنجامی برسیەتی بۆ خاک و زەوی، چەندین شەڕ و ناکۆکی روودەدەن، کە ناکۆکییەکانی لە سەدەکانی دەیەم و یازدەمی زاینی گەشە دەکات،

[206] _ جوزیف یوسف نسیم: العرب والروم و اللاتين فی الحروب الصليبية، دار المعارف، ط ۲، ۱۹٦۷م، ص ۵۷.

[207] _ Hulme, op, cit, p 272.

ڕەوشی ئاسایش و ئارامی هەموو بەشەکانی خۆرئاوای ئەوروپا شلۆق و شپرزە دەکات.[208]

ئەو دیاردەیەش لە وڵاتی فەرەنسا لە لووتکەدا بوو. هۆکاری سەرەکییش جۆری ژیانی دەرەبەگایەتی ئەو وڵاتە بوو، تا موڵکیەت و دەسەڵاتی چاندن لەناو بنەماڵەکان لاواز نەبێت، بەپێی سیستەمی میرات، لەوێ تەنها کوڕی گەورە مافی وەرگرتنی میراتی هەبووە.[209]

لە فەرەنسا لەناو هەموو وڵاتانی تری ئەوروپی، شەڕی دەرەبەگ و ململانێیەکان بۆ زۆرترین دەسکەوت گەرم بوو، دەبوایە کڵێسا کۆشش بکات، ئەو شەڕانە خامۆش بکاتەوە، چونکە دەسەڵات و هەژموونیان لەسەر هزر و هەستی پیاوە دەسەڵاتدارەکان هەبوو.[210]

بە دانانی سیستەمی ئارامی کڵێسا، دەست دەکات بە سازییەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی، چونکە بڕوای بە بەدکارییەکانی شەڕی دەرەبەگەکان هەبوو، بۆ پاراستنی خەڵکە مەدەنییە بەستەزمانەکانی دەبوونە قوربانی ململانێی ناشەریفانەی گەورەکانیان. کڵێسا کۆشش دەکات لایەنە شەڕنەکەرەکان و موڵکەکانیان بپارێزێت، لەوەش مەبەستی سەرەکی پاراستنی موڵکەکانی خۆیان بوو کە ڕووبەڕووی ڕاورووت و تاڵان هاتبوو.[211]

یەکەمێن بەرنامە و هەنگاو، بۆ دژایەتیکردنی شەڕکەرە دڕندەکانی دەرەبەگایەتی (ئاشتی خودایی) بوو، بە هاوکاری کەسایەتییە

---

[208] _ Ibid,

[209] _ قاسم عبدة قاسم، الدوافع الاجتماعية فی الحركة الصليبية، ندوة التاريخ الاسلام و الوسيط، مج ٢. تحرير: قاسم عبدة قاسم، رآفت عبدالحميد، القاهرة، دار المعارف ١٩٨٣، ص ١٨٩_ ٢٣٣، ص ٢١٠.

[210] _ Prine, op. Cit. Pp 152_ 153.

[211] _ ارنست باركر: الحروب الصليبية، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی السيد الباز العرينی، القاهرة ١٩٦٠م، ص ٧.

سکۆلارەکان و پیاوانی کڵێسا لە ناوەڕاست و باشووری فەرەنسا، دەستە دەستە بانگەشەی ئاشتی پەیدا دەبێت و داوای ئاشتی خودایی دەکەن.

ئیتر بەو هەنگاوە، بانگەشەی ئاشتی لەناو هەموو وڵاتی فەرەنسا بڵاودەبێتەوە و دەگاتە هەندێ لە هەرێمەکانی تری ئەوروپای خۆرئاوا،[212] چەندین دەستەش بۆ چەسپاندنی ئاشتییەکە دادەمەزرێنن، لە ساڵی ٨٩٨ی زاینی ئەسقفەکانی ئاکوتین، بۆ ئەو مەبەستە کۆدەبنەوە، پاش دانوستان، دەگەنە دەرئەنجامی ئەوەی ئەرکی کڵێسا ئەوەیە، ئاسوودەیی و سەلامەتی بۆ لایەنە شەڕنەکەرەکان ساز بکرێت و هێرش و پەلامار، بۆ سەر خەڵکە ئارامەکە، لە بازرگان و ژنان و جووتیارەکان دابین بکرێت.[213]

کڵێسا جەختی لەسەر بەرقراربوونی ئاشتی دەکاتەوە، بەگزادەکان ناچار دەکات، بەڵێن بدەن لە شەڕ و هەڵمەتەکانیان ئازاری کەسە بێلایەنەکان نەدەن، هەروەها سامان و موڵکی کڵێسا و دێرەکان بپارێزن، بەڵگەنامەش ماوە کە کڵێسا سزای داناوە، بۆ ئەوانەی لە هەنگاوەکانی ئاشتی خودایی دووردەکەونەوە و سەرپێچی دەکەن، ئەو بەڵگەنامەیەش لە کۆڕی شار و لە فەرەنسا لە ساڵی ٩٨٩ی زاینی دەرچووە.

کڵێسا سزای بێبووش، دژ بەوانەی کڵێساکان تاڵان دەکەن، ئەوانەی لە هەژارەکان دزی دەکەن، سووکایەتی بە پیاوانی ئاینی دەکەن دەردەکات. لەو بەڵگەنامەیەدا دیارە، کە کڵێسا و هەژار و پیاوانی ئاینی لە ململانێی و شەڕی دەرەبەگەکان، دووچاری تاڵان و ئازار هاتوون، بەوەش

---

[212] _ Alut Warren, Europe in the M. Ages. P 315.

[213] _ Paul Johanson, A History of Christianity, London, 1980.

هەڵوێستی کڵێسا دژیان دەوەستێت و سزای توندی بۆ داناون، کە بێبەشبوون بووە لە ئاشتی خودایی.[214]

لەسەر داوای وەلیمی گەورە دۆقی جیین کۆڕی بواتییە لە ساڵی ١٠٠٠ی زاینی، هەمان سزا و بێبەشبوون رادەگەیندرێت، بەسەر ئەو کەسانەی چەک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان بەکاردەهێنن، داواش دەکەن لەجیاتی توندوتیژییەکان، روو لە دادگا بکەن، ئەوەی سەرپێچی ئەوەش بکات لە کڵێسا بێبەری دەبێت.[215]

دیارە ژمارەیەک لە کەسانی سکۆلار هاوشانی ئەو کۆڕە دەوەستن، خاوەن موڵکەکان پشتیوانی دەکەن و کۆششی پاراستنی ئاشتی دەکەن، دیارە کە بەرقراربوونی ئاشتی، پێویستییەکی ژیانی گرنگ بووە، بۆیە سکۆلار و پیاوانی ئاینی هاوشانی دەوەستن و هاوار دەکەن ئاشتی، ئاشتی و هەر ئاشتی.[216]

جۆری دووەمی بانگەشەی ئاشتی، لەلایەن کڵێسا بۆ بەرقراربوونی ئاشتی ئاشتەوایی و ئاگربەسی خودایی بوو، ئەوەش پاش ئەو هات، کە کڵێسا دەزانێت قەدەغەکردن و راگرتنی دەرەبەگەکان ئاسان نییە، بۆیە دەیەوێ بە ئاگربەس و راگرتنی شەڕەکان، ئارامییەک بەرقرار بکات، رۆژە پیرۆزەکان و کۆتاییەکانی هەفتە، یان لە ماوەی بەرووژووبونە گەورەکە شەڕەکان بوەستێنن، بەوەش لایەنە شەرکەرەکان تەنها مانگی هاوینیان بۆ ململانێی و شەڕەکان بۆ دەمایەوە.[217] دیارە بەو ئاگربەسە کڵێسا ویستویەتی دەسەڵاتی یاسا، لەسەر زەبر و وەشاندنی شیر فەرز بکات،

---

[214] _ سەیری دەقی بەڵگەنامەی تایبەت بە ئاشتەوایی خودایی لە کۆڕی شارو لە ساڵی ٩٨٩ی زاینی بکە: قاسم عبدة قاسم، الحروب الصليبية نصوص ووثائق الحملة الصليبية الاولى، ١٠٩٥م، ص ٦٦.

[215] _ رنسيمان: تاريخ الحروب.. جلد ١، ص ١٢٨.

[216] _Johanson. P 242-

[217] _ قاسم عبدة: عالم الصليبين، ج ١ ، پێشەکی و ل ١٤.

به دیارکردنی ماوەکانی شەڕنەکردن و هودنەکان[218]. ئاگربەسە خوداییەکە، یەکەمجار لە ساڵی ١٠٢٥ی زاینی لە باشووری فەرەنسا رادەگەێندرێت، ئەوەش لەو بەڵگەنامەیەدا دیارە، چۆن کۆششکراوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی بە ئاگربەسی خودایی. لە ساڵی ١٠٦٣ی زاینی و بە هاوکاری سکۆلار و کڵێساییەکان، وەک چۆن لە بەڵگەنامەکەدا دیارە، مەرجیان بۆ چەسپاندنی ئاگربەسی خودایی لە ناوچەکانی تیروان داناوە، مەرجەکانیش توند بووە و بۆ هەموو سەرپێچییەک سزا دانراوە، لەوانە بێبەریبوون لە رەحمەتی کڵێسایی.[219]

سەرەڕای کۆششە بەردەوامەکانی کڵێسا بۆ چەسپاندنی ئاشتی، بەڵام لەو بابەتە بەختیان زۆر یار نابێت، رێژەی سەرکەوتنی کۆششەکانیان کەم دەبێت، بەگزادەکان پابەندی بەڵێنەکانیان بۆ ئاشتییەکە نەدەبوون و مەرجەکانیان قبووڵ نەدەکرد، دیارە گەورە دەرەبەگەکان بزاڤە ئاشتییەکەیان بەدروستی وەرنەگرتبوو، هەموویان بە بەرژەوەندی تایبەتی دەزانی و بەس.[220]

بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی و چەسپاندنی ئاشتی کڵێسا ناچار دەبێت بەرنامەی تر پەیڕەو بکات، بۆیە روو لە توندکاری دەکات بۆ چەسپاندنی ئاشتی، لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و بە سەرکردایەتی ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی کڵێسا هێزی کڵێسایی دادەمەزرێنێت، ناویان دەبێتە هێزی ئاشتی. ئەرک و بەرنامەی ئەو هێزانە لێدانی توندی ئەو کەسانە بووە لە ئاگربەس

---

218 _ Miills_ Charles, The History of the Crusades London 1892, p 31.

219 _ بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر ئاگربەستلا خودایی سەیری: قاسم .. سەرچاوەی پێشوو ل٦٧.

220 _ Cowdery, The Genesis of the crusades. Ni The Holy War. 1974. هەروەها رنسیمان: تاریخ... ل ١٣١. کانتور: سەرچاوەی پێشوو، بەشی ١، ل ٣٤٢.

و ئاشتییەکەی خودایی دەردەچن و سەرپێچی دەکەن، کار دەکەن ئاشتەوایی و سیستەمەکان بەرقرار بکەن، دیارە کە هێزەکان لە سنوورەکانی بۆیان دانرابوو دەردەچن، ئەو کۆشش و بەرنامەیەش لەلایەن کڵێساوە مەسەلەیەک بووە و تێگەیشتنی پێویست بووە. ئەو هەنگاوەی کڵێسا، بۆ چەسپاندنی ئاشتی بە زەبری چەک و توندوتیژی هەنگاوێکی گرنگ بوو، بەرەو بەسەربازیکردنی کریستیانیەت.

بزاڤ و کۆششەکە ئاگرخۆشکەر بوو، بۆ بانگەشەی شەڕەکانی خاچپەرستەکان، بزاڤەکە بەرەو جولە و لەڤین دەبات و دەبێتە ئامێر و ئامرازێک، بۆ خزمەتی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە.[221] دیارە چالاکییە چەکدارییەکەی کڵێسا، دەبێتە بیرۆکەی چارەسەرکردنی شەڕەکانی دەرەبەگەکان بە کردەی چەکداری.

کڵێسا، هەموو ئەگەر و کۆششەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەسەر لایەنە دەرەبەگەکان دەگرێتەبەر، چونکە ئەرک و بڕوابوونی سوارەکانی ئەوانە شەڕ و مەیدانەکانی جەنگ بوو، ئەوەش بەشێکە لە ژیان و رۆژانەیان، بۆیەش بەرقراربوونی ئاشتی بۆ ئەوان کارەساتە و قبووڵکردنی نکۆڵی جەوهەر و بنچینەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و بوونیەتی.[222]

ئاساییە کە کڵێسا رادەستی ئەو واقیعە دەبێت، شەڕ قبووڵ دەکات و مەیدانی جەنگ هەڵدەبژێرێت، ئەویش بۆ یەک مەبەست و هۆکاری راست، وەستان هاوشان و پشتیوانی لاوازەکان بەڕووی زۆردارەکان. یوشع براور، وادەزانێت گۆڕینی سوار و جەنگاوەرێک بۆ ئەو رەوشە گۆڕانێکی شۆرشگیری بوو، چونکە خوێنرشتن و کوشتن کار و پیشەیان بووە، رێکەوتنی نێوان کڵێسای خۆرئاوا و جەنگاوەرەکانی کۆمەڵگەی

---

221_ قاسم...: عالم الصليبين، پێشەکی، ل ١٤.

222_ ارنست باركر: الحروب... ص ٨. قاسم ...الدوافع الاجتماعية، ص ١١١، ١١٢، ١١٣.

دەرەبەگایەتی، کەسە لادەر و ئاژاوەچییەکان دەگۆڕێت بە پاسەوانی کۆمەڵگە. گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کار و پیشەی توێژە شەڕکەرەکە روودەدات، چەک و شەرەکان، دەبێتە ئامرازێک بۆ دۆزە رەوا و دادپەروەرییەکان.[223]

به بۆچوونی براور گۆڕینی هەڵوێستی کڵێسای خۆرئاوا و توێژە جەنگاوەرەکە، توێژێکی چەکداری نوێ دێنێتە کایەوە، کە ئاوێتەیەک دەبێت، لە رێنمایی و رەوشتەکانی کریستیانیەت و سرووت و هەڵسوکەوتی جرمانە جەنگاوەرە شەڕکەرەکانی سەدەی یازدەهەمی زاینی. ئەوەش مانای ئەوەیە سوارە کریستیانییەکە Miles Christians دروست دەبێت.[224] چالاکییەکانی سوارەکان لەلایەن کڵێساوە پیرۆز دەکرێت و دژایەتی لەگەڵ بنچینەکانی کریستیانیەت ناکات.

ئاوێتەیی و تێکەڵبوونی کڵێسا، بە ژیانی سوارە دەرەبەگەکان بەوەندە ناوەستێت و دەگاتە ناو گەورەترین رووداوەکانی ژیان، رووداوەکەش دانان و ناسین بوو، وەک کەسی سوارچاک. کڵێسا بەئەنقەست کار دەکات سوارەکان زۆرتر بە کڵێساوە بگیرسێنەوە، تا دەگاتە ئەو رادەیەی دەست دەخەنە ناو پرۆسەی دانان و ناونانیان وەک گرووپی سوارەکان.[225]

هەموو ئەو پێشهاتانە، بۆ بەرقراربوونی ئاشتی لەناو کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی. کۆشش دەکەن، پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان بە مۆرکی میسالیەتی کریستیانیەت رەنگ بکەن، بەکارهێنانی چەک بۆ بەرگری و

---

[223]_ یوشع براور: عالم الصلیبین، ص ١٧٣.
[224]_ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.
[225]_ یوشع براور: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩_ ١٨١. فیشر: سەرچاوەی پێشوو ج ١، ص ١٨١

دابینکردنی دادپەروەری لەلایەن سوارە باوەڕدارەکان بە بنچینەکانی کریستیانیەت و بەرگریکردن لە سنوورەکان و پاراستنی پیرۆزییەکانی بەڕەوا و دروست پێناسە دەکەن.

بۆیەش، بۆ گێڕانی رۆڵی گەڕاندنەوەی بزاڤەکانی هەڵگەڕانەوە، کە لە سەدەی دەیەمەوە لە ئەسپانیا هەبووە، سوار و بەگزادەکانی فەرەنسا دەگەنە ئەسپانیا.[226] ئەوەش مانای ئەوە نییە، تەنها سوارەکانی فەرەنسا بەشداری ئەو هەڵمەتە دەکەن، بەڵکو سوارەکانی ناوچەکانی خۆرئاوای ئەورووپاش بەشداری دەکەن، بەڵام بەشدارییە گەورەکە لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بوو، ریموند سەنجەلی رۆڵی سەرەکی و گەورەی دەبێت، لە شەڕەکانی خاچپەرستان.[227] دەکرێ شرۆڤەیەک بۆ بەشداریکردنی سوار و بەگزادەکان بۆ شەڕەکان بکەین، دێری کلۆنی کۆشش دەکات، سوارەکان لە شەڕەکانی ئەسپانیا بەشداری بکەن، ئەویش واتە کلۆنی یەکەم هاندەر و فاکتەرە بووە، کریستیانیەکانی خۆرئاوا شەڕی عەرەبەکانی ئەسپانیان بکەن، لەوێ و لە زۆر ناوچەکانی تری بن هەژموونی عەرەبەکانی باشووری دەریای ناوەڕاست.[228] لەسەر رێنمایی و راسپاردەکانی گریگۆری حەوتەم، سوارە کریستیانەکان بەشداری لە شەڕەکانی ئەسپانیا دەکەن، فاکتەری سەرەکییش برسیەتی بووە، چونکە سوارە شەڕکەرەکان خاوەنداریەتی موڵکی ئەو عەرەبانە دەکەن، کە لە ئەسپانیا داگیری دەکەن.[229]

---

[226]_ شەڕی نێوان کریستیان و موسلمانەکان لەسەر خاکی ئەندەلوس ناونراو شەڕی گێڕانەوة. سەیری یوشع براور: عالم الصلیبین، ل ٣٤ بکە.

[227]_ بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر دیموند سەنجلی لە شەڕەکانی ئەسپانی سەیری: Cowdery p 13.

[228]_ جوزیف یوسف نسیم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

[229]_ قاسم عبدة قاسم: الخلیفة الایدلوجیة، ص ٥٧.

کڵێسا لەپشت بزاقی گەڕانەوەی ئەو خاکە بوو بۆ سەر خاکی ئەسپانیا، هانی سوار و بەگزادەکان دەدات، لەو بزاڤە بەشداری بکەن، موژدە و بەڵێنی پاداشتیش دەداتە بەشداربووەکان، لەنزیکەوەش چاودێری ڕووداوەکانی سەر خاکی ئایبریا دەکات و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش بەشداری دەبێت.[230] کڵێسای لاتینی دەرئەنجام و دەسکەوتی ئەو ئەزموونەش دەکاتە شێوەیەک لە بەرگری لە لایەنێکی کریستیانیەت دەکات، ئەزموونەکەش لە مەیدانێکی تر، ئەویش مەیدانی ئەو جارەیان خاکی خۆرهەڵات دەبێت.

ڕەوشی دەوڵەتی بیزنتی لە خۆرهەڵات ئاڵۆز و شپرزە بوو، لە هەمووڵایەکەوە هێرشی دەکرایەسەر و پەلامار دەدرا، بەڵام لە ساڵی ١٠٧١ی زاینی زۆر خراپتر دەبێت، کە پێشەوای نورماندییەکان ڕۆبرت جویسکارد، هێرش دەکاتە سەر شاری باری، دوا پێگەی بیزنتییەکان لە باشووری ئیتاڵیا، ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی ترس و هەڕەشە، بۆ سەر ئیمپراتۆریەتەکەیان، کە دوایی بەڕاستی دەبێتە بەرنامەی داگیرکردن و هێرشەکانیان بۆ سەر بیزنتییەکان.[231]

لە هەمان ساڵ و لە ڕۆژی بیست و شەشی مانگی ئۆگستی، لەلایەکی تری ئیمپراتۆریەتەکە و لە باکووری دەریاچەی ڤان و لەنزیک مانزکرت سەرکردەی سەلجۆقی ئالب ئارسلان، هێزێکی گەورەی بیزنتییەکان دەشکێنێت و سەرکردە بیزنتییەکەش ڕۆمانوس دیوجینیس (١٠٧١ــ

[230] ــ کڵێسای خۆرئاوایی کاردانەوەی زۆری لەسەر بزاقی گێڕانەوەکەدا هەبوو، کڵێسا کە نوێنەری پاپا بووە بەشداری شەڕەکانی کردووە. غوفران پاداشت بوو دەدرایە کوژراوەکانیان. بۆ زۆرتر زانیاری سەیری: رنسیمان: سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١، ل ١٣٦. پاپا جریجوریی حەوتەم داوای کردووە پشتیوانی ئەسپانییەکان بکەن.

[231] ــ جویسکار کە لە ڕۆژی ١٦ی ئەپریل باری دەگرێت، دەیەوێت هەموو ناوچەکانی بیزنتی بگرێت. آسحق عبید: روما وبیزنطة.

١٠٧٩ی زاینی) دیل دەکات، ئەویش یەکەم کەس بووە لە سەرکردەکانی ئیمپراتۆریەتەکە دەبێتە دیلی موسڵمانەکان.[232]

ئەو رەوشە ناڵەبارە وا دەکات ئیمپراتۆری بیزنتی میخائیلی حەوتەم (١٠٧١_ ١٠٧٩ی زاینی) داوای کۆمەک و پشتیوانی لە پاپا گریگۆری حەوتەم بکات، ئەویش ئەو داوا و بانگە، بە دەرفەتێکی زێڕین دەزانێت بۆ سەرلەنوێی گەڕانەوەی دەسەڵاتی رۆما بەسەر کڵێسا تایبەتییەکەی بیزنتییەکان، دوو دەیەش دەبوو، کڵێسای یونانی نکۆڵی لە دەسەڵاتی پاپا دەکرد و بەوەش دەوترا لێکترازانەکەی کریولاریوس.

گریگۆری حەوتەم وادەزانێت بەهاناهاتن و یارمەتیدانی بیزنتییەکان بوارساز دەبێت، دووبەرەکی و ناکۆکییەکان بنبڕ بکرێت، [233] بەتایبەتی دەگوترا کە میخائیلی حەوتەم بەوە دەناسرا کەسێکی زیرەکە، بۆیەش بەڵێن دەدات، چاکەی پاپا بداتەوە و کۆشش بکات پەیوەندییەکانی هەردوو کڵێساکە، باش و ئاسایی ببێتەوە و ناکۆکییەکان لەبەر چاو نەگرن.[234]

ئینجا گریگۆری حەوتەم بە پراکتیک، دەست دەکات بە کارکردن، لە ساڵی ١٠٧٤ی زاینی دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی گشتی بۆ هەموو سوارەکانی ئەوروپای خۆرئاوا بڵاودەکاتەووە، داوا دەکات پشتیوانی ئیمپراتۆریەتی بیزنتی دەرباز بکەن و دەڵێت: ئێمە دەبێ گیانی خۆمان بۆ رزگارکردنیان بکەینە قوربان، ئەو (واتە مەسیح) ژیانی خۆی بۆ دەربازبوونی ئێمە بەختکردووە، ئێمەش دەبێ ژیانی خۆمان بکەینە قوربانی بۆ براکانمان.[235]

---

232 _ Bosae, op, p 17.

233_ آسحق عبید، سەرچاوەی پێشوو ... ل ٤٩.

234_ زینب عبدالحمید: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٧٧.

235 _ Gergory vlll Calls for Crusade, paris 1881 p 22.

گریگۆری حەوتەم بەو بانگەوازە توێژی سوارەکان تەرخان دەکات بۆ خزمەتی مەسیح. بایەخی زۆریش بەو توێژە دەدات، کۆشش دەکات هەموویان بۆ شەڕەکە و خزمەتی کڵێسا راپێچ دەکات، لەو بەرنامەیەش چەمکە کۆنەکەی سەربازی مەسیح Militia Christi بەکاردەهێنێت، وەک بیەوێ ئیقناعیان بکات، ویستویەتی پێیان بڵێت شیرەکانتان بۆ خزمەتی مەسیح و قەدیس پوترس بەکاربهێنن، بەوەش کریستیانیەتی خۆیان دەربخەن و بەو ئاراستەوە کۆشش بکەن.[236] گریگۆری حەوتەم دەیویست مۆرکی میسالیەت بە سەربازەکان بدات، سیستەمی سوارچاکییەکەش دەگۆڕێت و بە چەمکی کڵێسا و خزمەتکردنی دەوڵەمەندی دەکات، هەموو دەکاتە سەرچاوەیەک، بۆ خزمەتی مەسیح و قەدیس پوترس و سیستەم و جورێکی نوێی سوارچاکی دادەهێنێت.[237]

گریگۆری حەوتەم سازییەکان بۆ ئامادەیی هەڵمەتی پشتیوانی بیزنتییەکان ساز دەکات، بە خەیاڵیش خۆی دەکاتە سەرکردەی هەموو سوارچاکەکانی خۆرئاوا. دەیەوێ لەگەڵ ئیمپراتۆری ئەڵمانی هنریی چوارەم دانوستان بکەن، بەسادەییەوە دەڵێت هەموو بەرژەوەندییەکانی کڵێساکە لە ئەستۆی منە.[238] بەڵام دەرئەنجامی ململانێی و ناکۆکییەکانی نێوان گریگۆری حەوتەم و هنریی چوارەم هەڵمەتەکە ساز ناکرێت.

مەسەلەکە کۆتاییەکەی هەر چی بێت، هەڵمەتەکە شوێنەوار و کاردانەوەی لەسەر کڵێسای خۆرئاوا و سوارچاکەکان دەبێت. ئەگەرچی هەڵمەتەکە نەکرا و رووناکی نەبینی، بەڵام گریگۆری حەوتەم، هەنگاوی دروستی ناوە بۆ بە سەربازکردنی کریستیانیەت، بوارسازیش دەبێت تا

---

[236] _ Cowdery p 22.

[237] _ Mayer p 20.

[238] _ جریجوریی حەوتەم دەیویست خۆی رابەرایەتی هەڵمەتەکە بکات، لە بیزنتی کۆڕێک دەکات، بەوەش بیزنتییەکان تووڕە دەکات. سەیری: Gergory p 58.

کڵێسای خۆرئاوا بانگەوازی سوارە خۆرئاواییەکان بەناوی سوارەکانی مەسیح دەکات، ئەوەش بۆ ڕەوای کێشەکە بوو، وەک چۆن ئاربانی دووەمی سەرکردەی کڵێساکە وێنای کردبوو.

ئاربانی دووەم بەوردی سۆراخی ڕەوشی نیمچە دوورگەی ئایبریی دەکرد، وەک چۆن پێش ئەویش گریگۆری حەوتەم دەیکرد، داوا دەکات ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە بگوازێتەوە، مەیدانێکی تر و سوود لە کۆشش و ئەرکی سوارە خۆرئاواییەکان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی کڵێسای کاسۆلیک و سیاسەتەکەی لەناوەوە و لە دەرەوە ببینێت، دروست وەک چۆن گریگۆری حەوتەم دەیکرد.[239]

بەڵام ئاربانی دووەم لە گریگۆر پاپای پێش خۆی دبلۆماسی تر بوو، هەستی بەوە کردبوو پاپایەت، دەبێ هەنگاوی یەکەم بۆ بەرژەوەندی بیزنتی بهاوێژێت و ڕەوشە نادروستەکانی گریگۆر خوڵقاندبووی چاکیان بکاتەوە. دیار بوو لەبەر ڕەوش و بارودۆخەکەی ئیمپراتۆریەت، ئیمپراتۆری بیزنتی ئەلکسیوسی یەکەم کومنین (١٠٨٠_ ١١١٨ی زاینی) دەیویست لە پاپایەت نزیک بکەوێتەوە. ئەو لە ناوەڕاستی کارکردن و نیوەی کاروانەکەی دەگاتەوە پاپا، دەیەوێ دۆخی گونجاو و ساز لەگەڵ کڵێسای لاتینی بگونجێنێت.[240]

ئیمپراتۆری بیزنتی ئەلکسیوسی یەکەم، بە چاوی داواکردن و پشتیوانی ژمارەیەک بەکرێگیراو لە هاوڵاتیانی خۆرئاوا، سەیری پاپایەت و کڵێسای خۆرئاوای دەکرد بۆ دروستکردن و سازبوونی سوپاکەی، بۆیە لە

---

[239]_ ئاربان لە فەرەنساش بوو، بەر لەوەی بچێتە خزمەتی جریجوریی حەوتەم، دەیزانی چ لە ئەسپانیا ڕوودەدات، بۆیە ئاسایی بوو، هەستی بۆ ئەو شەڕە جۆشدار بێت، غوفرانیش دەداتە جەنگاوەرە کریستیانەکان.

[240]_ جریجوری، ئالکسیوسی یەکەم بێبەش دەکات، بۆیەش ئەویش هەموو کڵێسا لاتینییەکانی قوستەنتینیە دادەخات.

ساڵی ١٠٩٥ی زاینی لە کۆبونەوەی کۆڕی بیاکنزا، ئەگەر بیزنتی سەفارەتیان هەبووبێت، ئەوە لەوێ و لەبەردەم ئامادەبووان داوای یارمەتی پاپایی دەکات بۆ وەرگرتنی سەربازی بەکرێگیراو.[241]

ئاربانی دووەم درەفەتەکە بە گونجاو و باش دەزانێت، نەک بۆ سازییەکانی یارمەتی پێشکەشکردن، وەک چۆن ئیمپراتۆری بیزنتی داوای کردبوو، سوپایەکی گەورە ساز دەکات، لەوەش چەند مەبەست و بەرنامەی دەبێت، بێجگە لە گێڕانەوەی خاکە پیرۆزەکە لەبن دەستی موسڵمانەکان، دەیەوێ جیهانی کریستیانی کۆک و ساز بکاتەوە و دووبەرەکییەکان نەهێڵێت، بەها و هەیبەتی پاپایەتی بەرامبەر هەوادارانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی بەربڵاوو زۆر گەورە لە هەموو جیهان تا لەناو رۆماش نیشان بدات.

ئەوەیان کۆتاییهێنان بوو، بە لێکترازانی کڵێسای خۆرهەڵاتی ئەرثوزکسی و کڵێسای خۆرئاوایی کاسۆلیکی، هەروەها بۆ ئەوەش بوو ئەستێرەی پرشنگداری ئاربان لەناو میللەتەکەی و سوارە فەرەنسییەکان بدرەوشێتەوە.[242] ئەگەر ئاربان مەبەستی بووبێت زۆرتر دەسکەوت لەو هەڵمەتە خاچپەرستییەدا بەدەست بهێنێت، ئەو کۆششی دەکرد، کەشێکی گونجاو بۆ بانگخوازی لەو پرۆژەیە ساز بکات، ئارەزووی دەکرد سازییەکان باش بکات، بۆ پرۆژە خاچپەرستەکان، تا زۆرترین سەرکەوتن تۆمار بکات.

ئاربان کۆشش دەکات، لە پرۆژەکەی پیاوانی کڵێسای خۆرئاوا و کەسایەتییە سکۆلار و بەگزادەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی میللەتی لە

---

[241]_ لەسەر کۆڕی بیاکنزا و بالوێزخانەی بیزنتی بڕوانە:.Painter p 200

[242]_ کانتور: التّاريخ الوسيط ، ج ٢، ص ٣٥٩. قاسم عبدة قاسم: الخلفية الايدلوجية، ص ١١٨، ١١٩.

فەرەنسا بەیەک ببەستێتەوە. ئاربان دیمانەی زۆر لە کەسایەتی خۆرئاوا و ناوەڕاستی فەرەنسا، تا کەسایەتییەکانی ناو کۆڕی بیاکنزا و کۆری کلیرمونت دەکات، لەوانە ئادهیمار ئەسقفی بوی و شازادە ریموند سەنجلی، دیمانەکەیان گرنگ بوو، چونکە تێدا لەسەر پرۆژەکەی دانوستانی لەگەڵ دەکردن، بەوەش کەشەکە ساز دەکات، هەموویان بۆ بیرۆکەکەی رادەکێشێت و هاوشانی دەبن.[243]

لە کۆششی بەدەستهێنانی زۆرترین سەرکەوتن، کۆششێکی گەرم و بەتوانا دەکات بۆ کۆکردنەوە و سۆزی زۆرترین پیاوانی ئاینی، لە کۆڕەکەی کلیرمونت، کە تێدا بانگەوازەکەی رادەگەیێنێت، لەوێ سی سەرۆک ئەسقف و هەشتا و دوو ئەسقف و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسی دێرەکان و خەڵکێکی زۆر لە ئالکیروس پەیدا دەکات.[244]

ئاربان داواش لە سەرۆک ئەسقف و ئەسقف و قەشە و بەرپرسی دێرەکان دەکات، گەورە بەرپرسەکانی ناوچەکانیان بهێنە کلیرمونت، بۆیەش پیاوانی کڵێساکان، گەورە بەگزادەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیاش لەگەڵ خۆیان دەهێنن.[245]

کۆڕەکە، لە ماوەی حەوت رۆژ، دانوستان لەسەر چەندین بابەتی کڵێسایی دەکەن، ئامادەبووان هەست دەکەن پاپا ئارەزووی ریفۆرمی هەیە، لە رۆژی پێنجشەممەی بیست و حەوتی مانگی نۆڤمبەریساڵی ١٠٥٩ی زاینی، پاپا داوا دەکات لەبەردەم حەوشە گەورەکەی کلیرمونت و

---

[243] _ Flish, A, La Papyte et Les Origines de La Crosisade, Rwvm Hist. Eccles,xxxlv 1938, p 762_ 775, p 765.

[244] Christopher Tyerman 0 62.

[245] _ ئاربان ژمارەیەکی زۆر ئەسقف بانگ دەکات.

له  کەشێکی کراوەدا، وتارێک پێشکەش بکات، دیارە بەوەش مەبەستی بووە بیەوێت زۆرترین کەس گوێی لێ رابگرن.[246]

لەو وتارەدا، ئاربانی دووەم کە قسە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی کڵێسا و سکۆلار دەکات، هەموویان یەکەمجار بوو، لەو کۆڕەدا بەشداربببوون. لەوێ گوێ لە وتارەکەی دەگرن، کە داوا دەکات پشتیوانی لە بەرگریکردن لە جیهانی کڵێسا بکەن، ئەو نەبەردییەش لە سوارچاکەکانی خۆرئاوا دەوەشێتەوە، بۆ دژایەتیکردن و قەڵاچۆکردنی ناوەوە و موسڵمانەکانی دەرەوە.

هێڵە گشتییەکانی وتارەکەی ئاربان، ستایشکردنی زۆری سوارچاکە فەرەنگییەکان بوو، داواش دەکات هاوکاری براکانیان لە خۆرهەڵات بکەن و بەپیر بانگەوازییەکان بچن و پشتیوانیان بکەن، بەرووی هەڵمەت و پەلاماردانەکانی تورکیای بەربڵاو و ترسناک، کە ئاماژەشی بە نەبەردییەکەی گەڕاندنەوەی ئەسپانیا کردبوو، مەبەستی بوو دەکرێ ئەو ئەزموونە لە وڵاتی تریش جێبەجێ بکرێت.[247]

ناوەڕۆک و داواکانی ئاربان، بەرچاو و گونجاو دێتە وەرگرتن. خەڵکەکە بەجۆشەوە وتارەکەی دەقۆزنەوە، بەتایبەتی کە: هەموو بەیەکەوە هاوار دەکەن، ئەوە داوای خودایە، خودا داوا دەکات.[248] ئاربان بۆ ئەوەی سوود لە هێز و توانای هەموو سوارچاکەکانی وەربگرێت، دەیەوێ داوا و هاوارەکەی بگاتە هاوڵاتیانی هەموو ئەوروپا، مەبەستی بووە ئەسقف و قەشەکان پەیامەکەی بڵاوبکەنەوە، بۆیە رووبەڕوو پێیان دەڵێت:

---

[246] Tomas The monk, in Thatcher p 518.

[247] _ بۆ بەروارکردنی وتارەکەی ئاربان سەیری:
Munro, the speech of pape Yrban II clemont, America Hist 1960 p 231_ 242, p 242.

[248] _ روبیر الراهب: تاریخ الحروب الصلیبیة، بڵاوکردنەوەی قاسم عبده قاسم ص ٧٩.

ئەو داوا و تکایەم لە هەموو کڵێساکانی بن دەسەڵاتی خۆتان بڵاوبکەنەوە، موژدەی ئەوەیان پێ بدەن کاروانەکەمان بەرەو ئورشەلیم، بە هەموو جۆش و پەرۆشییەکانتان دەست پێ دەکەین.[249]

ئاربان شێوازی ئیقناعکردنی زۆر بوو، بەڵگەی زۆری دەهێنایەوە، تا بەگزادە و هەوادارەکانی لە سەرانسەری ئەوروپا رازی بکات، نامەیەک بۆ ئیماندارەکانی فلاندرز دەنووسێت، کە رۆژی جەژنی هەڵکشانی مریەمی پاکیزە لە رۆژی ١٥ی ئوگستی ساڵی ١٠٩٦ی زاینی،[250] کە دەکاتە رۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە. ئاربان پشت بە پیاوەکانی کڵێسای خۆرئاوا دەبەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی، ئینجا پشتیش بە چەندین دەستەی ئاینی لۆکالییس دەبەستێت، بۆیە بەردەوام لە شوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تر، ئەو گرووپە ئاینییانە کاردانەوەی راستەوخۆیان، لەسەر بڵاوبونەوەی بانگەشەی هەڵمەتی خاچپەرستی دەبێت.

بانگەواز و پەیامەکەی پاپا ئاربانی دووەم، بەردەوام دەبێت و بایەخی زۆرتری پێ دەدات، لە کۆتایی ساڵی ١٠٩٥ی زاینی، لە کۆڕی لیموج کۆبونەوەیەک دەکات، بانگەوازەکەی لە ئانجر و مان و تور و بواتییە و تولوز و چەندین شاری تری فەرەنسا، لە نێوان مانگی ینایر تا ناوەڕاستی مانگی یولیوی ساڵی ١٠٩٦ی زاینی بڵاودەکاتەوە.[251]

ئاربانی دووەم بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی هەڵمەتی خاچپەرستەکان، بڕوا و متمانەی زۆری بە پیاوانی کڵێسای لاتینی هەبوو،

---

[249]_ بلدریک الدوللی: الحروب الصلیبیة، بڵاوکردنەوەی قاسم عبدو قاسم ل ٨٨.

[250]_ اربان الثانی: خطاب، بڵاوکردنەوەی قاسم عبده قاسم ل ٣٠ لە کتێبی الحروب الصلیبیة.

[251]_ سعید عاشور: الحرکة ... بەشی ١، ل ١٣١. رنسیمان: تاریخ... بەشی ١ ل ١٦٦. قاسم عبده: الخلیفة... ل ١٤٢.

ئەوانیش وزە و چالاکی گەورە بۆ سەرکەوتنی ئاربان بەکاردەهێنن، لە هەموو کۆڕبەندییە ئاینییەکانی و ئەبرەشیەکانیان کاری بۆ دەکەن.[252]

پیاوانی ئاینی، بە سەرکەوتن و لێزانینێکی زۆر مەزنەوە، لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە بەردەوام دەبن، باهۆزەکەی دەگاتە ناو کپی و بێدەنگی هەموو کاتدرائیە و لووتبەرزی قەڵاتەکان، بە قسەی براور بانگەوازەکە دەگاتە جووتیارێکی کەساسی و داماویش.[253]

دیارە ئاستی بەرزی پێکهاتە و لێهاتوویی باشی کڵێسا بوو، بانگەوازەکە بلەز و باش بڵاودەبێتەوە، بە ماوەیەکی کەم، پەیام و داواکەی پاپا دەگاتە هەموو گۆشەیەکی خۆرئاوای ئەورووپاش.[254]

ئەگەر ئاربانی دووەم و پیاوانی کڵێسای خۆرئاوا، بە بەرنامەیەکی سازکراو و باش بانگەشەیان بۆ هەڵمەتەکە دەکرد، لەناو وڵاتانیش چەندین کەسایەتی لەکاتی بانگەشەکردن بۆ هەڵمەتەکە، وەک بانگخواز و موبەشر قسەیان کردووە، لەوانە پوترسی ناسک،[255] رۆبرت ئەربیرسیلی،[256] والتری مایەپووچ.[257] ئەوانە خۆیان وەک موبەشیر ناساندووە و لە خۆرئاوای ئەوروپا، بەو ئاراستەوە کاریان بۆ هەڵمەتی

---

[252] _ see William of Tyre, v2 p 93.

[253] _ Prawer, The Latin Kingdom of Jerusealem Israel 1972, p 42.

[254] _ براور: عالم الصليبين ... ل ٤٢.

[255] _ جیوبرت وێنەیەکی بە پوترسی ناسک پێشکەشکردووە، کە ئەو بە جلی راهیبانە لە گوندکان و شارەکان بۆ بانگخوازی گەڕاوە، لەبەر جلە شڕەکانی، خەڵکی زۆری ئیقناعکردووە، بەتایبەتی لە ناوچەی رووباری راین و ناوەڕاستی فەرەنسا، سەیری: جیوبرت النوجنتی، فوشية الشاتری، وليم الصوری: بڵاوکردنەوەی قاسم عبدة: الحروب ... ل ٩٨ و لاپەڕەکانی تر.

[256] _ زیرەکترین بانگخواز بووە، ویستویەتی لاسایی مەسیح بکاتەوە. سەیری رنسیمان: تاریخ.. بەرگی ١ ل ١٦٩.

[257] _ باوەڕدارەکانی بەناو هەنگاریا بردووە ئینجا خاکی بیزنتی، سعید عاشور، سەرچاوەی پێشوو بەرگی ١، ل ١٣٣.

خاچپەرستەکان کردووە، کار و چالاکییەکانیش جۆرێک لە شپرزەیی و بێ بەرنامە و ئاڵۆزییان پێوە بووە.

بەدرێژایی رێگای چوونیان بۆ قوستەنتینییە ئەو بانگخوازانە ببوونە رابەر و پێشڕەوی خراپ لە هەڵمەتەکە، بۆیەش بەئاسانیش دەکەوتنە بەر دەستی تورکە سولجوقییەکان، بەر کەمین و چەپەرەکانیان دەکەوتن و شیری تورکەکانیان بە دژواری بەرکەوتووە و زیانی گەورەیان لێدراوە.[258]

مەسەلەکە هەر چۆنێک بووبێت، بایەخی زۆر بە رێکخستنی هەڵمەتی بەگزادەکان درابوو، بۆیەش کڵێسا بایەخی بە کۆشش و بەرنامەی سوار و بەگزادەکان دەدا، ئەوە هیوای گەورەی کڵێساش بوو.

لەبەر رەوش و پێکهاتی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتییەکان، بەگزادەکان بەپیر بانگەوازەکە دێن و پشتیوانی دەکەن. کۆمەڵگە شاناز و توندڕەو و دەمارگیرەکە، زۆریش رق و قینیان لەسەر باوەڕدارانی ئاینەکانی تر بەتایبەتی موسڵمانان هەبوو. ئەوان پێویستان بە زۆرترین زەوی هەبوو. لەنێوان خۆیانیش ململانێی زۆریان هەبووە، بۆیەش بۆ هەڵمەتەکە پەرۆش دەبن و بەوەش دەتوانن شەڕی موسڵمانەکانیش بکەن.[259]

بەگزادەکانی فەرەنسا، بەگەرمییەوە پێشوازی لە هەڵمەتەکە دەکەن، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە، ئەو وڵاتە زێد و سەرچاوەی سەرهەڵدانی بزاڤی کلۆنی بووە، لەویش ئاشتی خودا و هودنەکە بووە و وڵاتی هەڵبژاردەی سوارچاکییەکانیش بووە، هەروەها ئەوانە زۆریان بەگزادەی بێ موڵک و سەرمایەی تێدا بووە، ئەوانیش پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان

---

258_ انا کومنینا: الحروب الصلیبیة، بڵاوکردنەوەی قاسم عبدة ل ١٢٤.

259_ قاسم عبدة قاسم: الدوافع الاجتماعیة، ل ٢١٨و ٢٢٧.

نەبووە، ئامادەبوون هەموو کاتێک گیانبازی بکەن و لە هێرش و پەلاماردانەکانا سل نەکەنەوە و دوودڵ نەبن.[260]

بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی ئامادەیی بۆ هەڵمەتەکە، دەمانەوێ بزانین پاپایەت و کڵێسای خۆرئاوا، چۆن هەڵمەتەکەیان لەگەڵ سوار و کەسایەتی بەگزادەکان ساز کردووە، کڵێسا لەو سازییەدا چەند سەرکەوتوو بووە.

سەرەتا هیچ لە پاشاکان بەشداری هەڵمەتەکە نابن، سوپاکە بریتی بوو لە چەندین تیم، هەر تیمێک لەبن سەرکردایەتی رابەرێک بوو.[261] دەبوایە ئەو سوپایە سەرۆکی هەبوایە، هەموو لەبن رۆشنایی بەرنامە و فەرمانی ئەو بڕوات و چالاکییەکانی بکات، دەبوایە بزاندرێت ئەو سوپایە مەبەست و پلانی لەو هەڵمەتەدا چییە.[262]

ئاربانی دووەم، سوود لە ئەزموونی گریگۆری حەوتەم وەردەگرێت، بۆ بریندارنەکردنی هەستی بیزنتییەکان سەرکردایەتی سوپاکە ناکات، هەر لەسەر کار و بەرنامەکانی خۆی، بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی کڵێسای لاتینی دەمینێتەوە و سەرپەرشتی رەوشەکانی ناوخۆی ئەوروپای خۆرئاوا دەکات.

ئاربان کەسایەتییەک دەدۆزێتەوە کە زۆر بڕوای پێ دەکات، بۆ ئەوەی رابەرایەتی هەڵمەتەکە بکات، سوپا و هەڵمەتەکە دەداتە دەست ئەسقفی بوی، ئادهیمار ئەو وەک جێگری پاپا دەبێت. پاش ئەوەی پاپا لە کلیرمونت کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت، راستەوخۆ ئادهیمار، وەک ئەوەی پێشتر بەرنامەیان بۆ دانابێت، روو لە پاپا دەکات و لەبەر دەستەکانی بەشادی و

[260]_ ارنست باركر: الحروب الصليبية، ل ٢٤، ٢٥.

[261]_ چوار لەشکر بۆ هەڵمەتی خاچپەرستەکان ئامادە دەکات. بۆ وردەکارییەکان سەیری: فوشية الشاترى فى الحروب الصليبية، بڵاوکردنەوەی قاسم عبدة قاسم ل ١٣٦، ١٣٧.

[262]_ پاپایەت ئامادەییەکانی بۆ خاچپەرستی دەکرد و سیاسەتی دەرەوەی دادەڕشت.

کامەرانییەوە کرنۆشی بۆ دەبات، داوای بەرەکەتی لێ دەکات، تا لەو ئەرکە و لەو هەڵمەتە سەرکەوتوو بێت.[263]

ئاربان دەیزانی بۆ سەرۆکی هەڵمەتەکەی، کەسێکی سکۆلاری دانەناوە، بە ئەسقف ئادهیماری رادەگەیێنێت، کە هەڵمەتەکە راستەوخۆ بە سەرپەرشتی و سەرکردایەتی کڵێسایە، هەروەها کڵێساش بەرپرسی ئەو ناوچانە دەبێت، کە خاچپەرستەکان داگیری دەکەن.[264] یەکێک لە فاکتەرەکانی دانانی ئادهیمار، وەک سەرۆکی سوپا و هەڵمەتەکە ئەوەیە هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەر یەک توێژی ناو کۆمەڵگاکە، بەوەش دەتوانێت باش و دروست لەیەک حاڵی بن و هاوئاهەنگ بن.[265]

ئاربان کارئاسانییەکان بۆ سەرکەوتنی ئادهیمار لە هەڵمەت و سەرکردایەتییەکەی دەکات، لەوێ و لەودەمانە ئاشکرا دەکات، کە ئادهیمار سەرۆک و پێشەوای هەڵمەتەکەیە، هەمووتان دەبێ ریزی بگرن و لەژێر رۆشنایی ئەو هەنگاو بنێن، بۆ ئەوەش بەڵگەنامەیەک ماوە کە ئاربان سوور و رشتە لەسەر سەرکەوتن و پشتیوانی ئادهیمار، وەک رابەری هەڵمەتەکە وەک نوێنەری کڵێساش، لە وتارەکەی ئاربان لەبەردەم خەڵکەکە لە فلاندرز وتوویەتی: ئێمە لەو هەڵمەتە، کەسێکم لەجیاتی خۆمان داناوە، ئەو هەڵمەتەکە بەڕێوە دەبات، ئەویش کوڕە شیرینەکەمان ئادهیمارە ئەسقفی (لی بوی)یە، دەبێ ئەوانەی لەو کاروانەدا بەشدارن رێنمایی لەو وەربگرێت و گوێرایەلی بکەن، هەموو کێشە و گرێیەکان بەو

---

[263] _بلدریک بارکر: الحروب الصليبية، بڵاوکردنەوەی قاسم عبدة قاسم... ل ٨٩.

[264] _ عمر كمال توفيق: مملكة بيت المقدس، ل ٣٤. سعيد عاشور: الحركة الصليبية ... بەرگی ١، ل ١٣.

[265] _ سەیری کانتور.. : سەرچاوەی پێشوو بەشی ٢، ل ٤٨٣.

دەکرێتەوە، بۆ هەموو ئاشوبە و کارەکان دەگەڕێنەوە سەر پرس و بۆچوونەکانی ئەو.[266]

ئەگەر ئاربان وەک سەرۆکایەتی ئاینی لە سازییەکانی هەڵمەتەکە، هەموو تواناکانی بۆ سەرکەوتن دەخاتە کار و بەرنامە، پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا ئادهیمار لەوەیان سەردەکەوێت یان نا؟

ئاربانی دووەم هەموو پلانەکانی بەرنامەکەی بۆ ئادهیمار ساز و ئامادە دەکات، مێژوونووسی ئەڵمانی مایر، وادەزانێت کە ئادهیمار پێش رۆژی وتارەکەی کلیرمونت ئاگاداری بەرنامەکانی پاپا بووە، زۆریش پەرۆش بوو بۆ ئاشکرانەکردنی پلانەکە.[267] لەگەڵ کۆششکردن بۆ پاراستنی نهێنی پلانەکە، کۆشش دەکات یەکێتی لەناو خەڵکە خاچپەرستەکان ساز بکات، مێژوونووسی هاوچەرخ فوشتە شارتری، وێنەیەک لەسەر کەسایەتی ئەو سەرکردەیە بەو شێوە دیار کردووە: ئەو سەرۆکایەتی هەڵمەتەکە بە ئازایەتی و لێزانین و هۆشمەندییەوە دەکات، بۆ راپەڕاندن و ئەنجامدانی هەڵمەتەکە، زۆرتر هانی دەدا و شکۆمەندانە پشتیوانی دەکات.[268]

ژنە مێژوونووسی هاوچەرخ Zeo زۆی، رامانێکی درامی یان ئەفسوناوی لەسەر ئادهیمار بەرجەستە کردبوو، کە ئەو ئەسقف توربینە، لە سروودەکەی رۆلان،[269] کە سەرکردایەتی سوپاکەی دەکات لەناو مەیدانی شەڕەکەی دژ بە تورکەکان.[270]

---

[266]_ اربان الثاني: خطاب الى كل المومنين في الفلاندرز، الحروب الصليبية... بلاوکردنەوەی قاسم عبدة قاسم ل ٩٠.

[267]_ Mayer p 10.

[268]_ Fulcher of Charter, A History of the Exedition to Jerusalem. 1969, p 67.

[269]_ سروودەکەی رولان ناودارترین گۆرانی میللی بووە، لە ئەوروپای ناوەند، باس لە شارلمان دەکات، ئازایەتی دژ بة عەرەبەکان دەکات، سروودەکە خۆی لە وێنەی مەسیح

بەڵام ئادهیمار، ئەو سوار و نەبەردە نەبوو، کە زۆی مەزندەی کردووە، لەڕاستییدا دەسەڵاتەکەی ئەو بەناو بووە و بەس، چونکە بەگزادەکان ئەویان وەک نوێنەری پاپا ناسیوە و بەس، خۆیان لەوە بە نەبەردتر زانیوە، کەسیان سوێندی تاعەتیان بۆ نوێنەرەکەی پاپا نەخواردبوو.[271]

ئەگەرچی ئادهیمار، کۆشش و خەباتیش زۆر دەکات، بەڵام هەر ناتوانێت دەسەڵاتی لەسەر بەگزادەکاندا هەبێت، هەڵمەتەکە هەر لە رۆژی دەستپێکییەوە تا کۆتاییەکەی، ناکۆکی و دووبەرەکی و وردەشەڕ بووە، سەرکردە و سوارچاکەکان، بەردەوام سەرقاڵی ناکۆکییەکانیان بوون.[272]

ئینجا لەگەڵ ئەوانەش، ئادهیمار فاکتەری هاوسەنگی خاچپەرستەکان بووە، ئەو وەک سەرکردە و کەسایەتییەکی ناودار، رۆڵی هەبووە تا ئەو رۆژی مردنەکەی لە ١ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٠٩٨ی زاینی لە شاری ئانتاکیا.[273] بە مردنەکەی هەموو خەمبار دەبن و بۆی دەگرێن و هەست بە بۆشایی ئەو دەکەن، مێژوونووسێکی نەناسراو، وێنەی مردنەکەی بەخەمگینییەوە باسکردووە.[274] بۆیەش بەگزادە و سەرکردەکان بەپەلە داوا دەکەن پاپا بگاتە خۆرهەڵات.[275]

---

دەدۆزییەوە، بە قسەی جوزیف نسیم لەسەر دوو جەمسەر بووە ئاین و شەڕ. بۆ زۆرتر زانیاری سەیری: جوزیف نسیم اشرف، انشودة رولان، قیمتها التاریخیة، لە کۆڕی مێژووی ئیسلامی و سەردەمی ناوەند، بڵاوکردنەوەی قاسم عبدة قاسم، رآفت عبدالحمید بەرگی ١، القاهرة، ١٨٢، ل ٧٧_ ٩٧.

[270]_ Zoe Bourg the Crusades, Ttans Anne Carter New York 1966 p 95.

[271]_ Ibid.

[272]_ رنسیمان: تاریخ الحروب ... بەرگی ١، ل ١٦٤، عمر کمال توفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠، کانتور: التاریخ الوسیط، بەشی ٢، ل ٤٨٣.

[273]_ فوشتە دەڵێت ئادهیمار لەو رۆژەدا مردووە.

[274]_ Anonymous, The Deeds of the Franjs and other Pilgrims to Jerusalem. Trans Rosalind Hill USA 1962. P 74.

[275] _ Fulcher of Charter, p 68_ 69.

لەگەڵ ئەوەش سەرکردەکان هێرش بەرەو ئورشەلیم دەبن، چاوەڕوانی گەیشتنی پاپا یان نوێنەرێکی ناکەن، دەتوانن چەند ئەمارەتێکی فەرەنگی لە وڵاتی خۆرهەڵاتی ئیسلامی و لەسەر هەوارە هەر پیرۆزەکەشی دامەزرێنن.

# بەشی سێیەم

# پەیوەندییەکانی کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم بە هێزە سیاسی و ئاینییەکان

- پەیوەندی کڵێسا بە دەوڵەت لە مەملەکەتی ئورشەلیم.
- سیستەمە ئاینە جەنگییەکان و پەیوەندی بە کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم.
- پەیوەندی نێوان کڵێسای لاتینی و کڵێسا خۆرهەڵاتییەکان لە ئورشەلیم.

## بەشی سێیەم

## پەیوەندییەکانی کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم بە هێزە سیاسی و ئاینییەکان.

پاش دەرکەوتنی ناکۆکی نێوان سکۆلار و کڵێساییەکان، سکۆلارەکان کۆدەبنەوە بۆ تاوتۆکردنی رەوش و بارودۆخی دەوڵەتەکەی ئایندەیان لە ئورشەلیم، لەودەمانە ناکۆکییەکانیان لە جۆری دەوڵەتەکە قەتیس مابوو. کڵێساییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، دانانی پاتریک پێش دەسەڵاتداری سکۆلاری شارەکە بێت، ئەوەش جەختکردنەوە بوو لەسەر پێشڕەوی بابەتە رۆحییەکان بەسەر بابەتە زەمنییەکان.[276] مەبەستیش دامەزراندنی حکومەتێکی ئاینسالاریی بووە لە ئورشەلیم.[277]

ئەگەر ئاسانیش نەبێت بۆ ئەوەی بزانیت ئاربان بۆ حوکمگێڕانی ئۆرشەلیم مەبەستی چ بووبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە هەندێک لە پیاوانی کڵێساکە، ئەگەر هەمووشیان نەبن، ئەوا زۆریان مەبەست و ئارەزوویان بووە حکومەتێکی ئاینسالاریی، وەک دوا میراتی قەدیس پوترس لە خۆرهەڵات دامەزرێنن، لەوانەی سەرکردەی گرووپەکانی ئەو بانگەشەیە بوون، دەستەی ئارنولArnoul و ئەسقف مارتا Marta .[278]

---

[276]_ لە رۆژی هەشتەم، سکۆلارەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکان لە ئورشەلیم کۆدەبنەوە، بەڵام پیاوانی ئاینی ئەوە ناخوازن، دەیانەوێ زووتر باتریک بۆ شارەکە دابنێنن و زووتر بیر لە کڵێسا بکەنەوە نەک کاروباری تر.

[277]_ ئەوان کڵێسایان بە خاوەن بیرۆکەکە دەزانی، بۆیە مەبەستیان بوو، کڵێسا پێشرەوایەتی بکات. سعید عاشور: الحركة الصليبية ... بەرگی ۱، ل ٢٤٢.

[278]_ مێژوونووسان ناکۆک بوون لەسەر ئەوە، بەڕاستی ئاربانی دووەم مەبەستی بووە حکومەتێکی ئاینی دابنێت.

مەسەلەکە بە کام لا بشکێتەوە، کەسە سکۆلارەکان داوای پیاوانی ئاین پشتگوێ دەخەن، ئەوانیش بۆ ئەوە چەند فاکتەرێکیان هەبوو: لەبەر درێژی ڕێگاکە و ماوە زۆرەکەی گەیشتنی سوپاکە بۆ ئورشەلیم، جۆش و سۆزە گەرمە ئاینی چەکدارەکان، سارد و خامۆش دەبێتەوە، لەو ماوەیەدا بابەتە مادییەکان بەسەر بابەتە ڕۆحییەکان زاڵ دەبێت. زۆر لە سەرکردە سەربازییەکان، تا لە ئایندە ببەنە فەرمانڕەوای هەرێمە سکۆلارەکان، بڕیار دەدەن لە خۆرهەڵات بمیننەوە.[279] بۆیەش ئەوانە قبووڵ ناکەن حکومەتێکی ئاینسالاریی دابمەزرێت، ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریش، دامەزراندنی حکومەتێکی ئاینسالاریی لە ئورشەلیم لەناو جەرگەی جیهانی ئیسلامی ئاسان نەبوو، ئەگەر سەرکردایەتییەکی سکۆلاری نەبێت، بۆ بەرگریکردنی دەسەڵاتەکە لەناو دڵی دوژمنەکان.

ئەو جۆرە حکومەتەش، ئەگەر بواری دامەزراندنی درا، پێویستی بە پێشەوایەکی چاکسازی ئاینی دەبێت، ئەوانیش پاش مردنی سەرکردە ئاینییەکەیان ئادهیمار، کەسی گونجاویان دەست نەدەکەوت.[280]

سکۆلارەکان، بەپەلە دەیانەوێ یەکێک لەناو خۆیان هەڵبژێرن، هەموو بڕیار دەدەن جودفری بوایونی[281] بکەنە سەرۆکی خۆیان، سەرەتا ئەو پۆستەکە قبووڵ ناکات، بەڵام دەرئەنجام بەوە رازی دەبێت بەناوی دۆق، نەک پاشا بانگی بکەن و پێویست ناکات تاجی لەسەر دابنێن، نازناوی پارێزەری مەزارە پیرۆزەکە Sancti Sepulchri [282] قبووڵ دەکات.

---

[279] _ Prawer, p 159.

[280] _ سعید عاشور، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٤٣. ئادهیمار لە ئانتاکیا دەمرێت، خەڵکەکە بە مردنی ئەو خەمبار دەبن.

[281] _ لە ڕۆژی ٢٢ی یولیوی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی جودفری هەڵدەبژێرن.

[282] _ عمر کمال توفیق: مملكة بيت القدس، ل ٦١.

لێره زۆرترین مانا و مەبەست لە دانانی جودڤری بۆ ئەو نازناو و پۆستە هەیە، چونکە لە فەرەنسای سکۆلار، نازناوی پارێزەر دەدرایە ئەو کەسانەی زەویوزاری دێریان دەپاراست،[283] ئەوەش مانای ئەوەیە وڵاتە نوێیەکە، لە ئورشەلیم تەنها خەسڵەتی سیاسی نەبووە، مەبەست و خەسڵەتی ئایینیشی هەبووە، کڵێسا بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرپەرشتی دەکات.[284]

بۆ رازیکردنی پیاوانی ئاینی، ئەوەش شرۆڤە و لێکدانەوەیەک کە باسیان دەکرد، ئەو تاجی نەویستووە و ناکرێ لەو شوێنە مەسیح تاجەدڕکی لەسەر کردووە، ئەو تاجی زێر هەڵگرێت.[285] بەڵام لەو پۆستەش ئەو جۆرێک لە کەمتەرخەمی و ساردییەکی بەرامبەر پیاوانی ئاینی نواندووە، چونکە ئەو وەک بەگزادەیەک قبووڵی بووە، بکرێتە دۆقی ئورشەلیم.[286] بەڵام ئێمە وادەزانین کۆی هەموو ئەو فاکتەرانە بونەتە راستی ویستەکانی ئەو، هەر چۆنێکیش بێت، گومان لەوەدا نییە، کە کڵێساییەکان بە پۆستەکەی رازی دەبن و بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن.[287]

کە سەرۆکی زەمەنی بۆ ئورشەلیم دادەنێن، دەبوایە سەرکردایەتی رۆحیش هەڵبژێرن، فوشیە شارتری وتوویەتی، ئێمە وەک پیاوانی ئاینی ناتوانین پاتریکێک دابنێین، تا پاپا لە رۆماوە ئارەزووی دانانی یەکێک بۆ

---

283_ سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

284_ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو ل ٢٢٤.

285_ Richard. J, Le Royaumw Latin de Jerusalem, Paris 1953 p62.

286_ پیاوانی ئاینی رەخنەیان لەوە دەبێت، چۆن لەسەر خاکێک مەسیح ئازاردرا بێت و دڕکیان لە سەر کردبێت، پاشایەک تاجی زێڕی لەسەر بکرێت. سەیری: حسن حبشی: الحروب الصليبية الاولى، القاهرة، ١٩٤٧م، ل ٨٩.

287_ عمر کمال توفیق: سەرچاوەی پێشوو ل ٦٢.

ئەو پۆستە دەرنەبڕێت،[288] بەڵام ئەو هەڵوێستە تەمەنی درێژ نابێت. بۆیە پیاوانی ئاینی لە رۆژی ١ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی و لە رۆژی جەژنی قەدیس پوتریس، دەست لەسەر ئارنول مالکوران Arnoul Malecorn[289] دادەنێن، ئەسقف مارتا[290] دەستی لەو هەڵبژاردنەدا هەبووە، مێژوونووسێکی نەناسراو، باسی ئەوەی کردووە کە ئارنول پیاوێکی عاقڵ و شەریف بووە.[291]

بەڵام لە رۆژانی هەڵمەت و پەلاماردانەکەی خاچپەراستان بۆ سەر ئورشەلیم، کەسانێک هەبوون بریندارایان دەکرد، ناویان بە سووکی دەبرد،[292] بۆیەش پاش ماوەیەک مالکورن لە پۆستەکەی دووردەکرێتەوە.

هەر چۆنێک بێت، ئارنول مالکورن یەکەم پاتریکی لاتینی بووە دەگاتە عەرشی پاتریک لە ئورشەلیم. ئەو لەبەردەم و بە ئاگاداری هەموولایەک، کۆششکاریش دەبێت و لەگەڵ بەرپرسە سکۆلارەکەش هاوکاریش بووە، پەیوەندییەکانی هاوسەنگ بووە. کاردەکات لەگەڵ جودڤری نەکەوێتە ململانێی و ناکۆکی، بۆیە تەنها بایەخ بە بابەتەکانی کڵێسا دەدات و چالاکییەکانی لەو ئاقارەدا سنووردار دەکات.

بەڵگەنامەیەکمان لەبەردەستە، تێدا دیارە کە هاوئاهەنگی و هاوکاری نێوان دوو جەمسەرەکە هەبووە، هەردووکیان پەرۆش بوون، ئەرکەکانیان وەک خۆی راپەڕێنن. لە نامەیەکدا پاتریک ئارنول و دۆق جودڤری، پاش

---

[288] _ Fulcher p 83.

[289] _ ئارنول نازناوی Roheo, Roeux دەڵێن نازناوی Arnulphus Malcorne شی هەبووە.

[290] _ وەلیم سوری پشتگیری ئەسقف مارتا لە ئارنول مالکورن دەکات، مارتا دەیەوێ ئارنول ببێتە باتریک و ئەویش بیکاتە ئەسقفی بیت لەحم، بەڵام مارتا زووتر دەمرێت و ناچێتە بیت لەحم.

[291] _ Anonymous p 92.

[292] _ سعید عاشور: الحركة الصليبية، بەرگی ١، ل ٢٤٥.

ئەوەی پۆستەکانیان وەردەگرن، بەیەکەوە بۆ سەرۆکی ئەسقفییەکان ریمس دەنووسن، تێدا داوا دەکەن، کریستیانەکان داوا لە خودا بکەن حاکمە نوێیەکەیان بە سەر دوژمنەکانیان سەربکەون و پاتریکیش هۆشمەند بکات، لە یاسادانان بۆ رووبەڕووبونەوەی دوژمنە کافرەکانی.[293] لێرەوە ئەگەرچی ئەو ماوەیەکی کورت بوو پاتریک بوو، کاردەکات خەسڵەتی لاتینی لەسەر کڵێسای ئورشەلیم بپۆشێت،[294] دیارە کاربەدەستەکانی پاش ئەویش، هەمان بەرنامە و سیاسەت پەیڕەو دەکەن.

لە سەردەمی پاتریکیەتی دایمبر Daimabert، دووەم پاتریکیەتی ئورشەلیم گۆڕانێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان پاتریکیەت و حاکمە سکۆلارەکە دەکرێت،[295] ئەو پیاوە لەناو پیاوەکانی یەکەم هەڵمەتی خاچپەرستەکان نەبووە، لە ساڵی ١٠٩٩ی زاینی ئەو پیاوە لەگەڵ ئوستولی بیزی هاتوتە وڵاتی شام.[296]

هەندێک دەڵێن ئەو کە هاتووتە خۆرهەڵات، بە دەسەڵات و نوێنەرایەتی پاپا پشت ئەستوور و چەکدار بووە. بەڵام ئەو قسەیە تەنها دەنگۆیەک بوو، چونکە مێژوونووس کیری دەڵێت: ئێمە بەڵگەی مێژووییمان لەبەردەستە، کە دایمبرت و ئوستولەکەی بیزی، پێش ئەوەی ئاربانی دووەم بزانێت ئادهیمار مردووە، بە ماوەیەکی زۆر ئەوانی بەڕێکردووە، واتە، ئەوان لەناو دەریا دەبن، کە ئادهیمار دەمرێت.[297] مێژوونووسی ئەڵمانی مایر هەمان بۆچوونی هەیە و ئەو نووسیویەتی: ئەگەرچی

293 _ ئەو نامەیە لە رۆژی ٦ی مانگی ئوگستی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی رەوانە کراوە.

294 _ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

295 _ دایمبرت سەرۆکی ئەسقفەکانی بیزا.

296 _ دایمبرت لە کۆتایی مانگی ئوگستی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی دەگاتە شام، پاش ئەوەی ئورشەلیم دەگرن، سەیری عمر کمال توفیق: سەرچاوەی پێشوو ل ٦١ بکە.

297 _ Kery, Urban Success or Failure. P 241.

پلانەکەی دایمبرت لەلایەن ئاربانی پاپاوە موبارەک کراوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە ویست و بە دەسەڵاتی نوێنەرایەتی پاپاوە نەبووە.[298]

دایمبرت کۆشش دەکات زۆرترین هەڤاڵبەندی پەیدا بکات، هۆگرییەکەی لە هەڤاڵبەندی لەگەڵ بەگزادەی ئانتاکیا توند دەکات، هەردووکیان مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان لەو دۆستایەتییە هەبووە، یەکەمیان دەیویست پۆستی پاتریکی لە ئورشەلیم مسۆگەر بکات، بوهمندیش دەیویست پشتیوانی تەواو لە کڵێسای لاتینی پەیدا بکات، سەبارەت بە ئەمارەتەکەی لە ئەنتالیا،[299] بەوەش دایمبریت بە پشتیوانی پیاوەکانی و بوهمندان لە کۆتاییەکانی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٠٩٩ی زاینی،[300] بگاتە کورسی پاتریکیەتی ئورشلیم.

دایمبرت بەبیانووی دانان و هەڵبژاردنی پاتریکەکەی پێش خۆی بەنایاسایی، ئەنجامدانی کاری ناڕەوا لەکاتی هێرشەکەیان بۆ سەر ئورشەلیم، دەتوانێت ئارنولف لە پۆستەکەی دووربخاتەوە.[301] ئارنولف بەرامبەر ئەو کارانەی دیمبرت دەستەوەستان نابێت، بۆیە کاردەکات ئاژاوە بنێتەوە، ئەگەرچی خەڵکەکە، رەوشەکەیان پێ باش بوو، بەڵام ئەو هەڕەشەی لە ئاسایشی ناوچەکە دەکرد، بە بۆچوونی وەلیم سوری، ئەو

---

[298] _ Mayer, The Crusade, Trans Johan Gillingham Oxford 1972, p 66.

[299] _ بوهیمند ئانتاکیا داگیر دەکات، بڕواشی بەو کردەوەیەش نەبووە، هێرشیش دەکاتە شارەکانی بیزنتی و تورکیاش، کەسیش بڕوا بە هەڵوێستەکانی ناکەن، نە سەرکردەکانی خاچپەرستەکان و نە ئیمپراتۆری بیزنتی. سەیری آسحق عبید: روما و بیزنطة ... ل ١٢٧ و ١٢٨ بکە.

[300] _ رۆژی دانانی لە عەرشی باتریکیەت لەنێوان ٢٦ تا ٣١ی دیسمبەر ساڵی ١٠٩٩ی زاینی لەلایەن Hagenmayer دیارکراوە، سەیری ارنست بارکر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤بکە.

[301] _ Duggan p 81.

لەلایەن خەڵکەکە بۆ بەڕێوەبردنی کڵێساکە هەڵبژێردرابوو، بۆیە پلانەکانی سەرناگرێت.[302]

لە سەرەتاوە دایمبرت دەیەوێ دەسەڵاتی رۆحی کڵێسا، بەسەر دەسەڵاتی زەمەنییەکە باڵاتر بکات، بۆیە نزاکانی کڵێسا نۆژەن دەکاتەوە. جودڤرییش ملکەچی ئەو بەرنامەیە دەبێت، بەر لەوەی لەلایەن دایمبرت لە پۆستەکەی دابنرێت: دۆق جودڤری و لۆرد بوهمند، هەموو سامان و موڵکەکانیان لەلایەن پاتریک دایمبرت دەخەنە بەر خۆشەویستی خوداوە.[303]

لەپشت ئەوەش، مەبەست و قازانجیش هەبوو، سەبارەت بە بوهمند شەرعیەت بۆ ئەمارەتەکەی بەدەست دەهێنێت، جودڤرییش دان بەوە دادەنێت، کە دۆقەکەی ئەو، یەکێکە لە موڵکەکانی کڵێسا، بەوەش دەردەکەوێت کە پاتریکی ئورشەلیم گەورەی شکۆداری وڵاتە موقەدەسەکەیە.[304] بەوەش دایمبرت پاش ئەوەی جودڤری دۆقەکەی پیرۆز دەکات لە پێگەی پاپایەتی نزیک دەبێتەوە، لە هەڵسوکەوتەکانی لاسایی گریگۆری حەوتەم دەکاتەوە.[305]

پرسیار و رامان لەسەر داواکارییەکانی دایمبرات، هەروەها لەسەر سروشتی بانگەشەکانی ئاینسالاریی کڵێساکە لە خۆرهەڵات هەبوو. ئەو نیازی دامەزراندنی حکومەتێکی ئاینسالاری هەبوو. دایمبریت وایدەزانی کە ئەو نوێنەرایەتی کڵێسایە رەسمییەکە دەکات _ ئەگەرچی رەزامەندی پاپاشی نەبوو _ چونکە هەڵمەتی خاچپەرستەکان بە پێشنیار و داوای

---

302_ وەلیم سوری لایەنگیری دایمبرت لەسەر حیسابی ئارنول دەکات.

303_ Fulcher of Charter p 269.

304_ Richard, op cit, p 26. Painter op cit p 207, Mayer op cit p 66, Prawer The Latin Kingdom p 160.

305_السید باز العرینی: الشرق الاوسط و الحروب الصلیبیة ... القاهرة ١٩٦٣م، ل ٢٢٨.

کڵێسا بووە. ئەوەی لەو هەڵمەتەش دەسکەوتی هەبێت، دەبێتە موڵکی کڵێسا.[306]

ئەو بڕواکردن و مەزندەیەش لە سەردەمی بتریاکی دایمبرت، ببوونە بنچینەکانی پەیوەندی کڵێسا بە دەوڵەت، بۆیەش دیمبرات داوای ئورشەلیم و یافا و یلحف دەکات. جودڤری نیوەی شاری یافا پێشکەش دەکات و بەڵێنیش دەدات بە گەشەکردن و گەورەبوونی سنووری مەملەکەتەکەی هەردوو شارەکەی تریشی پێشکەش بکات، پاش مردنیشی با ئەو میراتگری شەرعی ئەو بێت.[307]

دایمبرت بەپەلە بوو، دەیویست زوو دەسەڵاتی ئورشەلیم بگرێتە دەست، بەخێرایی هەموو شێوەکانی دەسەڵاتی سکۆلار لە شارەکە بنبڕ دەکات، جودڤری بەلاوازی لەبەردەمی دەردەکەوێت، ناتوانێت هیچ جۆرە بەرگرییەکی لەبەردەم بکات، لێکدانەوەکانیش ئەوەی دەگەیاند، ئەو پێویستی بە یارمەتی هەردوو ئەستوولی بیزی و کڵێساکە هەبوو.[308]

پاش ڕۆیشتنی ئەستوولی بیزی، لەپاش جەژنی فەسح لە ساڵی ١١٠٠ی زاینی و گەیشتنی ئەستوولەکەی ڤینیسیا بۆ یافا، لە مانگی یولیوی هەمان ساڵ، جودڤری لە زەبر و داواکانی دایمبرت رزگاری دەبێت. جێگای سەرسامی نەبوو، جودڤری بە گەیشتنی ئەستوولەکەی ڤینیسیا سەرفراز بێت، بەڵام بەرنامەکانی جێبەجێ نابن، تا ئەودەمانەی جودڤری دەمرێت و ئەویش دەگاتە ئەنجام و داواکانی.[309]

---

[306] _ دایمبرت بە چارەکی شاری ئورشەلیم رازی نەبوو. السید الباز.. ل ٢٨١.

[307] _William of Tyrw op, cit, v 1 p 403. Mills op cit, v II p 265. Prawer, op cit, p 160, Grouset op cit p 196 197.

[308] _ سعیدعاشور، سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٦٦.

[309] _ جودڤری لە ١٨ی یولیوی ساڵی ١١٠٠ی زاینی مردووە.

پەیوەندییەکانی نێوان جودڤری و کڵێسا کە خۆی لە دیمبرات دەدۆزیەوە، لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا سەرچاوەی گرتبوو، هەردوولا پەرۆش بوون، زۆرترین دەسکەوتیان هەبێت. بەڵام پاش مردنی جودڤری پەیوەندییەکانی نێوان حاکم و کڵێساکە، دەچێتە قۆناخێکی ترسناک، هیوا و ویست و بەرژەوەندییەکانی دایمبرت، دەکەوێتە بە هەژانێکی گەورە. چونکە دایمبرت پاش مردنی جودڤری مەزندە دەکات، ئەو دەتوانێت کۆنترۆڵی ئورشەلیم و یافاش بکات.

بەڵام دەرکەوت، مەسەلەکە ئەوەندە ئاسان نەبوو، رووبەرووی بەرهەڵستی توندی بەگزادەکانی ئورشەلیم دەبێتەوە، لەوانە کونت جارنیر، ئەوان بڕوا و ئیمانیان بەوە هەبوو، دەتوانن لە ئورشەلیم میراتی موڵکەکان بکەن.[310] لەوەش هەندێک لە پیاوانی ئاینی پشتیوانیان دەکەن، لە سەرووی هەموویان پاتریکی پێشوو ئارنولف مالکون، ئەوەی گردبوونەوە و حزبێک بەڕووی داواکانی دایمبرت رادەگرێت، ئەوانەش یەک مەبەست و بەرنامەیان هەبوو، ئەویش بەڕووی خەون و تەماحییەکانی دایمبرت بوەستن و بواری زێدەڕۆییەکانی نەدەن.[311]

ئاگاداری بلدوین حاکمی شاری ئەلرها دەکەنەوە، کە جودڤری برای مردووە، ئەوەش لەلایەن کونت جارنیری سەرکردەی بەگزادەکانی ئورشەلیم کرابوو، داوا لە بلدوین دەکەن، بەپەلە و بەزووترین کات بگاتە

---

[310] __ سوارەکانی جودڤری دژی داگیرکردنی ئورشەلیم بوون لەلایەن باتریک، وەلیم سوری ئەوانە بە یاخیبوو دەزانێت، جارنیری سەرکردەی بەگزادەکان، ئەوە دەکات چونکە خزمایەتی لەگەڵ جودڤری و بلدوین هەبووە.

[311] __ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٧١.

لایان.[312] ئەوەش مانای ئەوە بوو کێشەیان نییە، بۆ هەڵبژاردنی ئەو بە سەرداری شارەکە و دانانی سیستەمێکی جێگرەوە لە ئورشەلیم.

بەڵام لەراستیدا، دایمبرت نائومێد نابێت، داوای یارمەتی لە بوهمند دەکات، نامەیەکی بۆ دەنووسێت، ئەودەمانە بوهمند حاکمی ئانتالیا بوو، بۆی دەنووسێت ئەو لە دەست زەبر و ستەمەکانی کونت جارنیر دی جاری[313] نیگەران و هەراسانی کردووە، بەڵام بوهمند هیچ جۆرە یارمەتییەکی پێشکەش ناکات و ناتوانێت لە دیلی رزگاری بکات، بەوەش بوارساز دەبێت بلدوین بگاتە سەر عەرشی ئورشەلیم.[314]

بلدوین لە رۆژی ١٠ی مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١١٠٠ی زاینی دەگاتە ئورشەلیم، خەڵکەکە لە دەرەوەی شار و بە هەموو ئاینزاکانییەوە، پێشوازییەکی گەرم و شکۆدار لە بلدوین دەکەن، بەڵام دایمبرت، قبووڵ ناکات بێتە پێشوازی بلدوین، لەبەردەم خەڵکەکەی بولدینیان دەویست، ئەو واز لە کورسی پاتریکی دەهێنێت و دەچێتە کڵێسایەک لە چیای سەهیون.[315]

---

[312] _ بلدوین کە دەزانێت جودڤری دەمرێت خەمگین دەبێت، فوشیە شارتری دەڵێت: خەمەکەی زۆر بەردەوام نابێت، چونکە میراتگری ئەو دەبێت، لە رۆژی ٢ی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١١٠٠ی زاینی سەفەرەکەی بەرەو ئورشەلیم دەست پێ دەکات.

[313] _ دایمبرت دەیزانی بلدوین بێزارە، دەیزانی پێشوازی ناکەن و کێشەی بۆ دەنێنەوە، بۆیە نامەکە دەنووسێت.

[314] _ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٧٣.

[315] _ کڵێساکەی چیای سەهیون لە شوورەکەی ئورشەلیم نزیک بوو، لەوێ مەسیح پێی فریشتەکانی شووشتوە.

بلدوین بە رفتارەکانی دایمبرت نیگەران  و سەخڵەت نابێت، دەچێتە سەردانی موڵک و ناوچەکانی بە میرات لەلایەن براکەی بۆی ماوەتەوە، لە کۆتایی مانگی دیسمبەری ساڵی ١١٠٠ی زاینی دەگەڕێتەوە ئورشەلیم.[316]

پاش گەڕانەوەی بۆ ئورشەلیم یەکەم دیمانەی بلدوین و دایمبرت ئەنجام دەدرێت، دەرئەنجامی کۆششی هۆشمەندانە، سەرەتا ئاشت دەبنەوە و پەیوەندییەکانیان ئاسایی دەبێت، رێکەوتنی ئاشتی نێوان شازادە بلدوین و دایمبرت و ژمارەیەک لە رەهبانەکانی مەزارە پیرۆزەکە دەکرێت.[317] وەلیم سوری وادەزانێت پێناوە زیرەکییەکە و هەنگاوە ئاشتییەکە، جێگای بایەخ و زانین بوو.[318]

ئاشتبوونەوە و نزیکبونەوەی بلدوین، بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاشوبە و قەیران بووە. ئەو لەکاتی گەیشتنی بۆ ئورشەلیم، دەیتوانی پاتریک دووربخاتەوە و بیگۆڕێت، بەتایبەتی ئارنولف فالکون ئەوەی بە سەعاتی تۆڵەسەندنەوە دەزانی، بۆیەش، ئامادەبوو هەموو جۆرە یارمەتییەکی بۆ ئەو مەبەست پێشکەش بکات، دەستی بلدوین باشتر بۆ ئەو کارە بکاتەوە.[319]

دەکرێ بڵێن، لەودەمانەی بلدوین گەشتێک لە خەلیل و ناوچەکانی تر دەکات و دووردەکەوێتەوە، دایمبرت، بواری دەبێت باشتر بیربکاتەوە و باش هەست رابگرێت. کە بلدوین قەناعەتی تەواوی دەبێت، بۆ دانان و سازکردنی ئەمارەتێک و شەڕکردنی هزری ئاینی لە ئورشەلیم، دایمبرت

---

[316]_ بلدوین لە رۆژی ٢١ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١١٠٠ی زاینی دەگاتە ئورشەلیم، لەسەر ئەو کاروانە سەیری: رنسیمان: تاريخ الحروب الصليبية... ل ١١٨ و ١١٩. سعيد عاشور: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٧بکە.

[317]_ Fulcher p 147.

[318]_ william of Tryre p 427.

[319]_سعيد عاشور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٧٧.

باش دەزانێت، هەموو کۆشش و بەرنامەکانی سەرناکەوێت و دەشکێت، بۆیە، جووڵە ناکات و لە شوێنەکەی خۆی دەمینێتەوە.[320]

لەودەمانەی پەیوەندییەکانی نێوانیان بەئارامی و دوور لە ئاشوبە دەڕۆیشت، دایمبرت، بڕیار دەدات بلدوین، وەک مەلیکی ئورشەلیم بناسێت و تاجی لەسەر بکات، ئەوەش لە ڕۆژی میلادی مەسیح و لە ساڵی ١١٠١ی زاینی، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئەسقف و قەشە و بەگزادە و هاوڵاتیان دەکرێت، ئەو وەک مەلیک، لە کڵێسای بیت لەحم موبارەک و پیرۆزبایی لێ دەکرێت.[321]

تاجدانانەکە، زۆرترین مانا و گوزارشتی هەبوو، ئەوە ڕاگەیاندراوێک بوو، بە دانان و ڕاگەیاندنی مەملەکەتێکی لاتینی لە خۆرهەڵات، نەمانی هەموو ئەگەرەکانی دامەزراندنی حکومەتێکی ئاینساڵاریی، بەوەش هەموو خەون و مەرامەکانی دایمبرت، بۆ دامەزراندنی ئەمارەتێکی زەمەنیDominium Temporal وەک پاپا لە ناوەڕاستی ئیتاڵیا نەما.[322]

ئەوەش مانای ئەوە بوو، کە بلدوین وڵات و کڵێساکە، بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکات، پەرۆشی ئەوەش دەبێت، نازناوی پارێزەرەکە لەبیر بکرێت و نەمینێت.

بلدوین لەکاتی سوێندخواردنی عەرەشەکە، بەڵێن دەدات بەرگری و خزمەتی مەزارە پیرۆزەکە بکات، دادپەروەرانە حوکمی کڵێسا و میللەتەکە لە ئورشەلیم بکات، کۆشش بکات ئاشتی بەرقرار بێت، بەڵام سەرکردەکەی پێش ئەو، تەنها بەڵێنی بە پاراستنی پاتریکیەت دابوو، بەڵام

---

[320] _ Mayer p 68.

[321] _ بلدوین، تا لە کێشەی تاجەکە رزگاری بێت، داوا دەکات لە بیت لەحم تاجە درەکەی لەسەر بکەن، نەک زێڕەکە لە ئورشەلیم.

[322] _ بارکر: الحروب الصليبية ل ٤٧.

بلدوین ناوی ناهێنێت، ئەوەش نیشانە دەبێت، بە تەواوبوونی هاوکاری و دۆستایەتی کڵێسا و پاشا لە ئورشەلیم،[323] کە زۆر درێژ نابێت.

[324] رووداوەکە دێتە پێش و لە مانگی مارسی ساڵی ١٠١١ی زاینی بلدوین پەرۆشی دەسەڵاتی سەر کڵێسا دەبێت، قەناعەتی تەواوی هەبوو، دایمبرت لەناوببات و نەمینێت. بەڵام دەیەوێ بە شێوەیەک دووریبخاتەوە، پیاوانی لە ئورشەلیم و رۆما نیگەران و تووڕە نەکات.

بە هاتنی نوێنەرایەتی پاپا کاردینال موریس ئەسقفی بورتو، دەرفەت باش بۆ بلدوین دەرەخسێت، ئەو هاتبووە وڵات، تا لێکۆڵینەوە لەسەر چەند سکالا و داوایەکی یاسایی، لەسەر بەرزکردنەوەی دایمبرت بۆ پاتریکی بکات.[325]

بلدوین ئەو هاتنە بە بوارێکی زێڕین دەزانێت، بۆ تاوانبارکردنی دایمبرت بە خیانەت، ئەو نامەیەی پاش مردنی جودڤری، دایمبرت بۆ بوهمند دەنووسێت نیشانی کاردینالی دەدات، ئەو لە نامەکەدا داوا لە بوهمند دەکات، دژایەتی دانانی بلدوین بکات و توندوتیژی بەکاربهێنێت. بلدوین لەگەڵ ئەوەش تاوانی تریش دەخاتە ئەستۆی دایمبرت، کە بەرەو باشوور رۆیشتووە هەولی کوشتنی داوە.[326]

---

[323] _ بۆ زۆرتر زانیاری سەیری .Prawer p 160, Mayre p 168

[324] _ وەلیم سوری وادەزانێت ئارنولف مالکون کۆنە باتریکە، لو پشتەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دایمبرت و بلدوین بووە، ئەویش پەیوەندییەکەی پاشا و دایمبرت ئاڵۆز دەکات، وەلیم لایەنی دایمبرت دەگرێت، ئالبرت ئالاخی وادەزانێت بلدوین ناکرێ لە دایمبرت ببوورێت، تا ئەو نەگاتە دەسەڵاتی ئورشەلیم و بێبەشبوونی لە میراتەکەی برای، هەروەها سەیری: سعید عاشور... سەرچاوەکەی پێشوو ل ٣٢٤ بکە.

[325] _ کاردینال موریس ئەسقفی بورتو لە رۆژی جەژنی قیامە لە ساڵی ١١٠١ی زاینی دەگاتە ئورشەلیم، ئەو یەکەم نوێنەری پاپا بووە پاش ئادهمار، پاپا باسکالی دووەم لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١١٠ی زاینی دەبێتە نوێنەری پاپا لەسەر کارەکەی موریس سەیری: رنسیمان .... سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢، ١٣٣ بکە.

[326] _ .Grousset, p 290

ئەو توماتانە ئارەزوویێکی گەورە بوون، دایمبرتی پێ دووربخرێتەوە، چیتر بواری نەبێت کار بۆ نۆژەنکردنەوەی پۆستە ئاینییەکان بکات، بەوەش ئەو دەست و زەبرەکانی لەسەر مەملەکەتەکە توند و بەهێز دەبێت.

نوێنەرەکەی پاپا موریس، بە بەڵگەکانی تاوانبارکردنی دایمبرت لەلایەن بلدوین قەناعەت دەکات، بۆیەش بڕیار دەدات، وەک پاتریک بەشدار نەکات لە ئاهەنگەکانی جەژنی قیامە. کە داییمرت لە رەوش و پێگەی خۆی تێدەگات، بەپەلە داوای لێبووردن دەکات و لەسەرچۆک بەرامبەر بلدوین دەوەستێت، دەیزانی بلدوین لەورۆژانە پارەی پێویست دەبێت، پێی دەڵێت چەند پارەت دەوێ من ئامادەم بۆت دابین بکەم، بە شێوەیەکی کاتی بلدوین لەسەر هەڕەشە و بەڵگەکانی ئارام و سەبر دەبێتەوە و لێی دەبوورێت.[327]

بەڵام پەشیمانبوونەوە و لێبووردنەکە ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت، بلدوین پەرۆش بوو پاتریکی لە کۆڵ ببێتەوە، ئەوەی بۆ دەچێتەسەر، کە بە تومەتی دزی و گەندەڵی تاوانباری دەکات: لە پایزی ساڵی ١١٠١ی زاینی پاتریک دایمبرت دیارییەکی لە شازادە ئابولیا، بە سێ جار و بۆ سێ مەبەست گوژمەی هەزار بیزیتە وەردەگرێت، بەشێک لەو پارەیە بۆ سوپا تەرخانکرابوو، بەڵام ئەو هەموو پارەکان دەبات و بەشی سوپاکەش دەبات.[328]

---

[327] _ بلدوین بایەخ بە پارە دەدات، تا بتوانێت پێگەکەی خۆی توند بکات، بەنهێنی پاداشتەکەی جایمبرت قبووڵ دەکات، بە وتارێکی بەجۆش باتریک دەگێڕێتەوە پۆستەکەی، ئالبرت الاخی دەڵێت پاداشتەکە ٢٠٠ بیزنت بووە، سەیری رنسیمان: سەرچاوەی پێشوو: ل ١٣٣بکە.

[328] _ رنسیمان: تاریخ الحروب... ل ١٣٤.

ئەو کارە و دزینی ئەو پارەیە بەس بوو، بلدوین، دایمبرتی پێ تاوانبار بکات، بەوەش یەکسەر لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە. بلدوین بواری دەدات زستانەکەی لە یافا بەسەر ببات. ئەو لە مانگی مارسی ساڵی ١١٠٢ی زاینی دەگاتە ئانتاکیا، لەوێ سەرداری شارەکە تانکرد بەگەرمی پێشوازی دەکات، دەکەوێتە بن دەسەڵات و نیازی کڵێسا قەدیس جۆرج.[329]

تانکرد جەخت لە بلدوین دەکات، دایمبرت بگێڕێتەوە پۆستەکەی و پێی دەڵێت، لە داگیرکردنی میسر و شەڕەکانت لەو دەڤەرە پێویستت بەو دەبێت،[330] بەڵام بلدوین، لە بڕیاری دەرکردنەکەی ئەو پەشیمان نابێتەوە، داواکەی تانکرد ڕەتدەکاتەوە.[331] لەودەمانە نوێنەرێکی تری پاپا دەگاتە ناوچەکە، ئەویش کاردینال روبرتی ئەسقفی پاریس بوو، پاش کۆبونەوەی و شرۆڤەکردنی ڕەوشەکە، بڕیار دەدەن بە شێوەیەکی کاتی دایبمرت بگەڕێتەوە سەر پۆستەکەی و دوایی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەنەوە. کۆڕی دووەم، بە سەرۆکایەتی رۆبرت ئەسقفەکەی پاریس ئیدانەی دایمبرت دەکەن و رۆبرت دەڵێت، دایمبرت شیاوی کورسی پاتریکیەت نییە و دەبێ لاببردرێت.[332]

دایبمرت، بە هاوشانی تانکرد دەگەڕێتەوە ئانتاکیا، بۆ پشتیوانی پاپا دەگەرێتەوە رۆما تا کورسیەکەی ئورشەلیم بۆ خۆی بگێڕێتەوە، بۆیەش بەوردی، ئازار و مەینەتییەکانی بە دەستی مەلیک چێشتبوو بۆ پاپا

[329] _ رنسیمان: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤. بلدوین بەبیانووی نامە و راسپاردەی پاپا، پۆستی باتریک بەڤالایی جێدەهێڵێت، پیاوەکانی گەنجینەکان دەکەنەوە، بیست هەزار بیزنتی تێدا دەدۆزنەوە، سەیری: رنسیمان: هەمان سەرچاوە ل ١٣٥بکە.

[330] _ Grousset. P 293.

[331] _ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٩١.

[332] _ رنسیمان: سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٦، سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو... ل ٢٩١.

دەگێڕێتەوە.[333] دایمبرت وەک پێویستی پێ بوو، یارمەتی و پشتیوانی پاپا بەدەست دەهێنێت، ئەو پەیامێکی پاپایی بۆ دەردەکات بگەڕێتەوە وڵاتەکە و کراوە راست بکرێتەوە.[334]

دایمبرت هەڵەکەی بەرامبەری دەتوانێت سۆزی پاپا بۆ خۆی رابکێشێت. ئەوەش دەبێتە رووبەڕووبونەوەیەک بۆ دەسەڵاتە زەمەنییەکەی ئورشەلیم. پاپا وادەزانێت گۆڕین و لابردنی دایبمرت، دەستوەردانە لەلایەن دەسەڵاتی دونیایی، بەسەر دەسەڵاتە ئاینییەکە، لابردنی ئەویش کارێکی هەڵە بووە، بەڵام قەدەر، دەتوانێت ئەو ناکۆکییە رابگرێت و تەنها خوداش دەزانێت، چەند بەردەوام دەبێت. لە رێگای گەڕانەوەی دایمبرت نەخۆش دەکەوێت، لە مسینا لە رۆژی ١٦ی یونیوی ساڵی ١١٠٧ی زاینی دەمرێت.[335]

ئەوەی روون و ئاشکرا بوو، کە پەیوەندی و هاوکارییەکانی نێوان کڵێسا و دەوڵەت لە سەردەمی برتایکیەتی دایمبرت و بلدوین ئاڵۆز و دژوار بوو. یەکەمیان دەیویست مەبەست و بەرنامە ئاینییەکانی لە ئورشەلیم جێبەجێ بکات، هاوکات بلدوین، مەبەستی بووە کۆنترۆڵی لەسەر دەوڵەت و کڵێساش هەبێت، پلانەکانی دایمبرت برووخێنێت، تا بتوانێت مەملەکەتێکی بەهێز دامەزرێنێت.

بلدوین لەناو هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر دایمبرت، دەیویست شەرعیەتیان پێ بدات، دایمبرت ململانێیەکانی دژ بە بلدوین دەکات، چونکە کڵێسای دوولەت کردووە، هەڵوێستی پاتریکی پێشوو ئارنولف و

---

[333] _ Fulcher of Charter p 177.

[334] _ William or Tyre p 467.

[335] _ فوشیة ئان دایمبرت لە رێگای چوونە ئورشەلیم دەمرێت. رورخت دەڵێت باتریک لەکاتی گەڕانەوەی لە رۆما بۆ ئورشەلیم لە رۆژی ١٦ی یونیوی ساڵی ١١٠٧ی زاینی لە مسینا دەمرێت.

جەماعەتەکەی دژ بە دایمبرت، کاردانەوەی هەبوو لەسەر ململانێیەکانی بلدوینی یەکەم لەسەر ئەو.

پاش مردنی دایمبرت بلدوینی یەکەم، کێشە و تەنگاویی لەلایەن کڵێساوە رووبەڕووی نابێتەوە، سەرۆکایەتی کڵێساش لەبن دەستی باتریاکێکی گەنجی وەک ئیڤرمار (١١٠٣_ ١١٠٧ی زاینی) بوو.[336]

ئیڤرمار لەگەڵ کەسایەتی دایمبرت جیاواز بوو، زۆر هەستی بە ژینگەی چواردەورەی نەدەکرد، بۆیەش لە پۆستەکەی دووردەخرێتەوە، لەبەر تەقوا و ئیمانە قووڵەکەی و کەسایەتییە سادەکەی، کڵێسای قیساریە کە پۆستەکەی ڤالا بوو رادەست دەکرێت.[337]

جبلین سابران سەرۆکی ئەسقفەکانی ئایرل Gibelino Archiepiscipo Arelaternsi بە کۆدەنگی پیاوانی ئاینی، ماوەی چوار ساڵ دەبێتە پاتریکی کڵێساکە، لەو ماوەیەدا، هیچ ئاماژەیەک نییە کە ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان پاشا و کڵێسا روویدا بێت.[338]

ئارنولف مالکورن لەپاش جبلین دەبێتە پاتریک، ئەو زووتر لەلایەن داینمرت لەو پۆستە دەرکرابوو، ئەوەش دووەمجارە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو پۆستە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ پاشا هاوسۆز دەبن، چونکە ئەو کۆشش دەکات، لەیەک تێگەیشتن و یارمەتییەکانی لەگەڵ پاشا باش بێت.[339]

---

336_ئاییرمار یان ئایڤرمار، قەشەیەکی ئەبرشیەی تورین بوو، لەگەڵ هەڵمەتەکە دەگاتە خۆرهەڵات، پیاوێکی بەتەمەنی ئیماندار بوو، ئەگەرچی هاونیشتمانی ئارنولف بوو، بەڵام بەشداری پلانەکانی نەدەکرد، هەموولایەک خۆشیاندەویست. لە کۆبونەوەی ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی کاردینال رۆبرت نوێنەری پاپا و کۆی رهبانەکان و هاوڵاتیان دەبێتە باتریک، ئینجا وەلیم سوری بە کەسێکی شەرعی ئەو پۆستەی نازانێت، چونکە کۆنە باتریکەکە لە ژیاندا مابوو.

337_ لە کۆڕێک بەسەرپەرشتی جبلین سەرۆکی ئەسقفەکانی ئابرک نوێنەری پاپا، لە مانگی ئوگستی ساڵی ١١٠٧ی زاینی ئایڤرمار دووردەخاتەوە.

338_ William ... p 468.

339_ عمر کمال توفیق: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

ئەو هاوسۆزەیە بۆ مەلیک باش بوو، ئەو دەیویست و پەرۆشی ئەوە بوو، گۆشە و رەوشی مەملەکەتەکەی توند و پتەو بکات، دەسەڵاتی تەواوی لەسەر مەملەکەت و کڵێساکە هەبێت، کەسی تریش هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان بەسەر کڵێسا و دەوڵەتەوە نەبێت. جرموند بیکوینیGormound de Picqiny (١١١٨_ ١١٢٨ی زاینی)[340] لەپاش ئارنولف دەبێتە پاتریک، سەرەڕای فراوانی سنووری مەملەکەتەکە، لە پەیوەندییەکانی نێوان کڵێسا و مەلیک هیچ جۆرە ئاژاوەیەک روونادات.

ستیڤن ئەسقفی سان جونSteven bishop saint John (١١٢٨_ ١١٣٠ی زاینی)، دەبێتە پاتریکی ئورشەلیم، لە سەردەمی ئەودا ململانێیەکانی کڵێسا و مەلیک گەرم دەبێت. ئەو داوای فەرمانڕەوای شاری یافای دەکرد، پاش داگیرکردنی عەسقەلانیش[341] داوای ئورشەلیمیشی دەکرد. ستیڤن دەیویست کۆنە داوا و ئامانجەکانی پێشووی دایمبرت دووبارە بکاتەوە، بەڵام لەودەمانە داواکانی واقیعی نەبوون، نەدەکرا مەلیک بۆیان جێبەجێ بکات، هەموویان پشتگوێ دەخات و ململانێیەکانیش بە مردنی ستیڤنی لەناکاو کۆتایی دێت.[342]

ئەگەر کێشە و ململانێیەکان لەنێوان کڵێسا و مەلیک بەردەوامیش بووبێت، ئەوان زۆر لە پیاوانی ئاینی کەسانی گوێڕایەل و دڵسۆزی مەلیکەکان بوون.[343]

دوایی بۆمان رووندەبێتەوە کە کڵێسای لاتینی، ئەو دەزگایە گەورەیەی ناو مەملەکەتی ئورشەلیم کە لەلایەن پاپاوە سەرپەرشتی دەکرا، رۆڵی

---

[340]_ جرموند، یان جرمون، جیرمون، فرموند لە بیکوینی لەدایک بووە.

[341]_ Richard, Le Royaum, p 94, Prawer... p 160.

[342]_ وەلیم سوری ئەگەرچی بەڵگەشی نییە دەیەوێ بڵێت ستیڤن ژەهرخواردوو کرابوو، لەسەر سەرینی مردن بووە پاشا سەری لێداوە، ئەویش پێی وتووە: گەورەم من لە رەوشێکی وام، تۆ ئەوەت بۆم دەخواست.

[343]_ Prawer.. p 161.

سەرەکییان نەبووە لە پێشهاتەکان. کۆمەڵگە خاچپەرستییەکان بە زەبر و شیری پیاوانی سکۆلار دادەمەزرێن، بەردەوامیش بەرگری لێ دەکەن، بۆیەش، بوار نەدەدرا کڵێسا لەو رەوشە و لەو ناوچانە رۆڵی کاریگەرییان هەبێت.

لەودەمانەی پاپایەت کۆششی دەکرد، داواکانیان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا شکۆدار بێت، دەرکەوت لە مەملەکەتی ئورشەلیمی پیرۆز، کێشە و بەربەستە جوگرافی و مێژووییەکان، بوارساز و زۆر دەبن، پاپا وەک چۆن لە خۆرئاوای ئەوروپا دەسەڵاتدار و شکۆمەند بوو، لەسەر خاکی خۆرهەڵاتی عەرەبی، ئەوەیان بۆ مەیسەر نابێت. بۆیەش لەو ناوچەیە کڵێسا پاشکۆی دەوڵەت بووە، پیاوەکانی کڵێسا بەڕووی تاج و عەرەشدا، کەسانی پابەند و بێدەسەڵات بوون.

پاتریک یان نوێنەری پاپا و کڵێسا لە خۆرهەڵات، لە مەملەکەتەکە و لە ئورشەلیم ناتوانێت رۆڵی پێشەوایەتی بگێڕێت، دایمبرت لە پێشخستنی کڵێسا لەو مەملەکەتە نوێیەدا هەرەس دەهێنێت، بەڵام بۆ رازیکردنی دەسەڵاتە رۆحییەکە لە ئورشەلیم، دەسەڵاتێکی باش دەدەنە پاتریک لەناو ئاوایی پاتریکی.

ئەو ئاواییە لە دەروازەی خۆرئاوا دەرگای داودەوە، تا بورجی تانکردی باکووری خۆرئاوا، لە خۆرهەڵاتیش، تا دەروازەی قەیدس ئەستفیان بوو، ئەو گەڕەکە یەکێک بووە لە گەڕەکە بایەخدارەکانی شارەکە و شوێنە پیرۆزەکانیش لەو سنوورەدا بوون، لەوێ کۆشکەکەی پاتریک دەبێتە مەڵبەند و بارەگای بەڕێوەبردن، کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای کڵێسای قیامە، کۆشکەکە کۆن بوو، لەلایەن ئیمپراتۆر ئایدوکیا لە سەدەی پێنجەمی زاینی دروستکرابوو، دیارە لە سەدەی دوازدەهەم ئەو کۆشکە نامینێت.

نامینێت، چونکە پاتریک بارەگەکانی دەگوازێتەوە بەشی سەرووی هۆلە سەرەکییەکەی کڵێسای مەزاری پیرۆز Routenda، لەوێش ناتوانن کاروبارەکانی کڵێسا بەڕێوەبەرن، بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی زاینی کۆشکێکی نایاب دروست دەکەن، ئەوەش لەودەمانە بووە، کە گەشە بە کڵێسا و دەزگاکانی دێرەکەکانی نزیک ئەو، دەدەن.[344]

مەسەلەکە هەر چۆنێک بووبێت، کڵێسای لاتینی لەسەر سنوور و لەناو بەشە پیرۆزەکان، چالاکانە وەک دەستەیەکی ئاینی رۆڵی دەگێڕا و هەموو کۆنتاکتەکانی بە رێکخراوە مەدەنی و جەنگییەکان دەبەستێت و کارەکانی بەباشی ئەنجام دەدات.

## رێکخراوە ئاینییە جەنگییەکان

رێکخراوی ئەسبتارییەکان Hospitallers، یان سوارەکانی قەدیس یوحنا یەکەمین رێکخراو بوو،[345] دەسەڵاتدارانی ئورشەلیم بە کردەوە و چالاکی خێرخوازی و سەرپەرشتیکردنی نەخۆش و حەجییەکان خۆشحاڵ بوون، مەلیکەکانی فەرەنگ، پارچە زەوی زۆر گەورەیان پێ دەبەخشن، لە سەرەتای سالانی دەسەڵاتەکەیان، سامان و دامودەزگای زۆریان پێ دەبەخشن.[346]

دیارە هەڵوێسی پاتریک و پیاوانی ئاینی لەسەر رێکخراوەکانی ئەودەمانە جیاواز و ناکۆک نەبووە، رێکخراوی ئەسبتاری رەزامەندی پاتریک و پیاوانی ئاینی وەرگرتبوو، لە ساڵی ١١١٢ی زاینی پاتریکی

---

[344] _ Boas, Adrian J Jerusalem in The Time of Crusade London 2001, p 83, 84.

[345] _ ئەسبتارییە لەسەر دەستی دەستەیەک بازرگانی ئامافی نزیک کڵێسای قیامەی ئورشەلیم، بۆ کاروباری خێر و حەجییەکان لە ساڵی ١٠٧٠ی زاینی دامەزراوە،

[346] _ حسن حبشی: سەرچاوەی پێشوو... ل ٩٦.

ئورشەلیم و سەرۆکی ئەسقفەکانی قیساریە، بڕیار دەدەن رێکخراوەکە لە باجی دەیەی بۆ کڵێسا ببوورن و باجیان لێ وەرنەگرن.[347]

بەڵام ئەو هاوئاهەنگییەی نێوان رێکخراوەکە و کڵێسا بەردەوام نابێت، لە ساڵی١١١٣ی زاینی، رێکخراوەکە رەزامەندی پاپا بۆ ناسین و دانپێدانان بەدەستدەهێنێت، ئەوەش مانای ئەوە بوو، کە رێکخراوەکە لە هەژموونی پاپایەت دەربازی دەبێت، مافی ئەوەی دەبێت سەروەت و سامانەکانی لە شام و ئەوروپا، لە هەموو باجەکان بپارێزێت و هیچ باجێک نەگرێتەوە.[348]

ئیتر بەو بڕیارە، رێکخراوەکە دەبێتە خاوەن قەوارە و سیستەمی تایبەتی ناوخۆیی. بە موڵک و سامانەی لە ئەوروپا خۆرئاوا بەتایبەتی لە ئیتاڵیا و ئەسپانیا و فەرەنسا و وڵاتانی تر دەیانبێت، دەبێتە رێکخراوێکی چەسپاو و جێگیر و زۆریش دەوڵەمەند.[349]

لەگەڵ چاودێریکردنی نەخۆش و کاروباری حەج، سیستەمی ئەسبتاریە دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوانە بەشداری کاروبارەکانی جەنگ و سوپاش دەکەن. بەڵام رۆژی ئەو گۆڕان و وەچەرخانە لە سیستەمی کاری رێکخراوەکە دیار نییە، بەڵام کاری دیار و بەرچاویان لە ساڵی ١١٣٦ی زاینی دەبێت، کە پاشا قەڵاتی بیت جبلین Beth Gibelin دەداتە ئەندامەکانی بۆ پاراستنی رێگای نێوان خەلیل و عەسقەلان.[350]

---

[347]_محمود محمد الحویری: الاوضاع الحضاریة فی بلاد الشام فی القرنین ٢١و ٢٣ ، دار المعارف ،القاهرة، ١٩٧٩م، ل ٥٨.

[348]_ پاپا باسکال بە بەڵگەنامەی رۆژی ١٥ی فبرایەری ساڵی ١١١٣ی زاینی، دان بە ئەسبتارییە دەنێت. بۆ زۆرتر زانیاری سەیری: محمود الحویری: سەرچاوەی پێشوو... ل ٥٨ بکە.

[349]_ سعید عاشور: الحرکة الصلیبیة، بەرگی ١، ل ٤٨٧.

[350]_ Bernard Hamilton p 80.

که ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەچنە مەیدانەکانی جەنگ و بەشداری شەڕەکان دەکەن، هۆکاری خۆیان هەبوو. لەودەمانە چەندین ڕێکخراوی تری ئاینی پەیدا دەبن و دادەمەزرێن، بەشداریکردنیان لە جەنگەکان دەخەنە بەرنامەکانیان، بۆیەش دەبوایە ئەسبتارییەکانیش ئەو بەرنامەیە بگرنەبەر، تا سۆز و لایەنگیری پاپا و سوارە دەرەبەگەکان وەربگرن، ئەوانەی ژیانی ڕەهبانیەتیان پێ گونجاو و شیاو نەبوو.[351]

دەستەی ئەسبتارییەکان ڕۆڵی کاریگەرییان دەبێت لە پاراستنی مەملەکەتەکە، لە چەندین شەڕیش بەشداری دەکەن، هیچ شەڕێکیش نەبووە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بەشداریان نەکردبێت.[352] قەشە ورزبورج Wurzgurg دەڵێت من قەلاّتی تایبەتییم بە ئەسبتارییەکان دیبوو، لەوێ جۆرەها مەشق و پلانی بەرگرییان دەکرد بۆ پاراستنی خاکی کریستیانیەت دژ بە پەلامارەکانی عەرەب.[353]

ئەگەرچی ثیودریک Theoderich بەسەرسامی و حەپەسانەوە، باسی خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوی ئەسبتارییەکانی کردووە، کە بەردەوام و ڕۆژانە خزمەتی حاجی و نەخۆش و هەژارەکانیان کردووە،[354] بەڵام دیارە کە ڕێکخراوەکە دەستبەرداری چالاکیە مرۆیی و

---

[351]_سیستەمی داویە، پشت بە چالاکییە جەنگییەکان دەبەستێت، پاپا و دەرەبەگەکانیش پشتیوانی دەکەن. بەیداخی ڕەش و دوو خاچ و پێنج خاڵەکە دەکەنە دروشمی خۆیان، دەبنە گرووپێکی بەهێز لەناو سوپای مەملەکەتی لاتینی. بۆ زۆرتر زانیاری سەیری: براور: سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٤بکە.

[352]_ R.C. Smail, The Crusaders p 55.

[353]_ Johan of Wurzburg, London 1897, p 44.

[354]_ ثیودریک لەسەر خزمەتگوزارییەکان وتوویەتی: نەدەکرا بزانین چەند نەخۆش لەوێ دەمانەوە، بەڵام ژمارەی قەرەوێڵەکان دەگەیشتە هەزار قەرەوێڵە، هیچ پاشایەکیش نەیدەتوانی ئەو بارە قوورسە هەڵگرێت.

چاکخوازییەکان بووە و زۆرتر رووی لە چالاکییە ئابووری و سیاسییەکان کردووە.[355]

ئەو گۆڕانە باندۆری هەبووە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوەکە و کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم، بۆیە دەرئەنجامی چالاکییە سەربازییەکان و بەرگریکردنی لە مەملەکەتەکە، رێکخراوەکە ئەرک و قوورسایی تری بۆ دژایەتی دەسەڵاتی کڵێسا و پەیوەندییەکەیان توندی و دژواری تێدەکەوێت. ریموند (١١٢٠_ ١١٥٨ی زاینی) سەرۆکی بزاڤە ئەسبتارییەکە، کێشەی گەورە لەگەڵ پاتریک و پیاوانی کڵێساکە، لەسەر دەسەڵاتی ئەبرەشییە[356] و باجی دەیەکە بۆ کڵێسا دروست دەکات.[357]

لە چوارچێوەی رووبەڕووبونەوەی دەسەڵاتەکانی کڵێسا، ئەسبتاریە کاردەکات سزاکانی سەر شار و کڵێسا و قەڵاتەکان جێبەجێ نەکرێن. لەو رەوشەدا هیچ زەنگێک لێنادرێت، قەداسەکان ناکرێن، بەڵام ئەستبارییەکان بە قسەی ولیم سوری ئەوە دەکەن و ناقوسەکان لێ دەدەن و بە دەنگی بەرزتریش لە جاران، خەڵکە کەساس و بەلەنگازەکان دەچنە قەداسەکانیان و هیوادەخوازن پاداشت وەربگرن وەک چۆن لە کڵێساکان پێیان دەبەخشرا.[358]

لەبەرئەوەی ئەسبتارییەکان خۆیان وەک دامەزراوێکی سەربەخۆ دەناساند، بۆیە دەستبەرداری دابونەریتی باوی ناساندنی راهیبەکانیان بۆ ئەسقفەکانی ناوچەکانیان ببوون[359].

---

[355]_ محمود الحویری: سەرچاوەی پێشوو... ل ٦٤.
[356]_ ئەسبتاریە رێزی هەموو خەڵکەکەیان دەگرت، بۆ قەداسەکان بانگیان دوکردن، تا ئەوانەی کڵێساش نەفرەتی دەکردن.
[357]_ William.. p 239.
[358]_ Ibid p 239.
[359]_ Ibid p 239

سەرەبات بە دانی باجی دەیە، بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوون لە سامان و دەسکەوتە تایبەتییەکانیان ئەو باجە بدەن، بۆیەش لە زۆربەی کاتدارئیەکان سکالایان لێ دەکەن، ئەوەش زیانێکی گەورەی لێ دەکەوتەوە.[360]

نەک هەر بەڕووی دەسەڵاتا دەوەستان، ئەسبتارییەکان بەروونی و بێپەردە شەڕی دەسەڵاتی کڵێسایان کردووە، ململانێیەکانیان جۆرەها شێوە و بەرنامەی هەبووە، بۆیە مێژوونووس وەلیم سوری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پاتریک و کڵێسا گلەییان لێ دەکات، بە لووتبەرزی و نەفسبەرزی تاوانباریان دەکات، وادەزانێت ئەوان هەڵەی وایان کردووە، ناکرێ چاوپۆشییان لێ بکرێت و بۆ خۆیان سەکۆیەکی گەورەیان بەڕووی دەرگاکانی کڵێسای قیامە هەڵبەستاوە، بەردەوامیش بەرز و گەورەیان کردووە.[361]

پەیوەندییەکانی ئەسبتارییەکان و کڵێسا ئاڵۆزتر دەبێت، لەکاتی قەداسەکان سووکایەتی زۆر بە پاتریک دەکەن، تا دەنگی پاتریک نەبیسترێت ناقووسی گەورە و بە دەنگی بەرز بەکاردەهێنن، ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی گومان و سکاڵای پاتریک و ناڕەزایی توند، ئەگەرچی زۆریش ئامۆژگاری دەکران و واز لە کردەوانە بهێنن، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، دەستبەرداری لاسارییەکانیان بەرووی پاتریک نەدەبونەوە.[362]

پەیوەندییەکانی نێوان ئەسبتارییەکان و پیاوانی کڵێسا، لەو رەوشە ئاڵۆزەدا دەمینێتەوە، سەرەداو و خاڵی ناکۆکیان زۆر بوو، هەمووش ئاماژە بوون، کە ئەوان لەسەر دەسەڵات و هەژموونەکان ململانێیان

360 _Ibild p 240.
361 _Ibild p 240.
362 _william p 240. Richard p 12.

هەبووە، بێدەسەڵاتی پیاوانی ئاینییش دیار بوو، کە هیچیان پێ ناکرێت و ناتوانن رایانبگرن.[363] دەکرێ ئەوەش بگێڕینەوە سەر ئەوەی ئەسبتارییەکان، هەستیان بەوە کردبێت، ئەوان دەستە و لایەنێکی سەربەخۆن و گرێدراوی دەسەڵاتی پاتریک نین، راستەوخۆ سەر بە پاپان، هەموو رێنماییەکانیان لە پاپا وەردەگرن، چەندین دەسکەوت و تایبەتمەندییان لەو پێ رەوا بینراوە، بۆیەش پاتریک ناتوانێت سزایان بدات و زەویوزارەکانیان دەستبەسەر بکات، سزای لەو جۆرەیان بدات.

دووەم رێکخراوی ئاینی شەڕکەر، گرووپی سوارە داوییەکان بوو، ئەوانە لە ساڵی ١١١٨ی زاینی لەسەر دەستی سوارێکی برجندی بە ناوی هیو باینزی دامەزراوە، مەبەست لە دامەزراندنی پاراستن و دڵنیاکردنی رێگای حەج و دابینکردنی دڵنیایی و ئارامی لە شوێنە پیرۆزەکان لە بەنداوی یافاوە تا ئورشەلیم بەناو رملەوە بووە، چونکە لەو ناوە رێگر و چەتەی خەڵکی ناوچەکەی زۆر بووە و راورووتی حەجییەکانیان کردووە.[364] سەرەتا ئەوانە تەنها هەشت سوار بوون، خۆیان وەک سەربازی مەسیح دەناسێنن، پەیمان بە خودا دەدەن ناسک و گوێرایەڵ و زاهید بن، ناو لە خۆیان دەنێن سەربازە هەژارەکانی مەسیح The Poor Fellow of Jesus Christ.[365]

لەتەنیشت پەرستگای سولێمان، لەناو کۆشکی پاشایەتی مەلیک بلدوینی دووەم (١١١٨_١١٣١ی زاینی)، بارەگایەکیان بۆ تەرخان دەکات، شوێنەکەش مزگەوتی ئەلئەقسایە لەناو قودس، بۆیان ناویان دەنێن

---

[363] _ سەربەخۆیی دەستەی ئەسبتاریە لە دەسەڵاتی باتریک زەبرێکی کوشندە بوو، بەڕووی دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی لە شام. سەیری: نبیلة مقامی: فرق الرهبان فی بلاد الشام فی القرنین ١٢ و ١٣ نامەی ماجستیر، جامعة القاهرة ١٩٧٥، ل ١٠٦بکە.

[364] _ Boase p 84. Miller p 528.

[365] _ محمود الحویری: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٦٦.

خوداپەرستەکان Templars، یان سوارەکانی پەرستگا، هەروەها بە دواییە دەناسرێن، ئەوەش ئاماژەیە بە میحرابی داود.[366]

هەڵوێستی پاتریک لەگەڵ هەڵوێستی مەلیک، لەسەر دواییەکان جیاواز نەبوو، ئەویش پێشوازی گەرمیان لێ دەکات، جرموند پاتریکی ئورشەلیم ئەرکەکانیان پیرۆز دەنرخێنێت، ئەرکەکانیان بە خزمەتی ئاین دەناسێنێت، سوێندیش دەخۆن لەسەر بەردەوامبوونیان لە خزمەتکردنی مەسیح و بەپێی یاسا باوەکانی ناوچەکە و رەوشەکە.[367] پشتیوانی قەدیس برنار کلیرفوی بۆ ئەو رێکخراوە ئاسانکاری دەبێت، تا پاپا لێیان رازی بێت و موبارەکیان بکات.[368]

لەبەر چالاکییەکانیان و بەشداربوونیان لە چەندین نەبەردی سەربازی، خەڵکێکی زۆر روو لە رێکخراوی داوییە دەکەن، هەموو چالاکییەکانیان لەبەر رۆشنایی و فەرماندەیی کڵێسا بووە، بۆیە خەڵکەکە بە پیرۆزیان دەزانن، وادەزانن ئەوە تایبەتە بە خزمەت و شکۆی یەزدان.[369]

بێجگە لە پاراستنی رێگای حاجییەکان، رێکخراوەکە بەشداری چالاکییە جەنگییەکانیشی دەکرد، لە شەڕەکانی مەملەکەتەکە جێگای دیار هەبووە، پاشا و بەگزادەکانیش پشتیان بە ورە و هێزی داوییەکان دەبەست، لە مەیدانەکانا بە ئاڵا سپییەکانیانەوە Balzaus دیار و شکۆداربوون.[370]

---

366_ سەرچاوەی پێشوو.

367_ حسن حبشی: الحرب... ل ٦٦

368_ داوییەکان دەتوانن پشتیوانی پاپا هونوریوسی دووەم (١١٢٤_ ١١٣٠ی زاینی) لە ساڵی ١١٤٦ی زاینی بەدەستبهێنن، دانپێدانانی ئایوجینی سێیەم (١١٤٥_ ١١٥٣ی زاینی) نیشانەی سەرکەوتن و دەسەڵاتە زۆرەکەیان بووە. سەیری: حسن حبشی، ل ٩٩ بکە.

369_ یوشع براور: عالم الصليبين ... ل ١٩٢.

370_ Anonymous Pligrim p 20.

چالاکییەکانی داودییە، لە مەیدانەکاندا بوارساز دەکات ژمارەی سوارەکانی زۆرتر بێت و زۆرترین کەسیش روویان تێ بکەن. لەوەش سەرچاوەی سامان و پارەشیان زۆرتر دەبێت، بۆیە لە هەموو گۆشە و شوێنێکەوە هەڵپەی بەشدارییەکانیان دەکەن، بەوەش داوییەکان لە سەرانسەری ئەوروپا، دەبنە خاوەن موڵک بەتایبەتی لە ئورشەلیم.[371]

بەڵام ئەو رەوشە زۆر ناخایەنێت، ئەندامانی گرووپەکە دەستبەرداری مەبەست و بەرنامەکانیان دەبن، هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەسەڵات و پێگە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانیان بوو، کە روو لە لایەنی پارە و چالاکی ئابووری دەکەنەوە، زەبرێکی کوشندە لە پاکی و خاوێنی و دەستپاکییەکانیان دەدرێت.[372]

لە سەدەی دوازدەهەم، هیچ جۆرە ناکۆکی و ململانێیەک لەنێوان ئەو گرووپە و کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم هەست پێ ناکەین، هاملتون وادەزانێت لەودەمانە پەیوەندییەکانیان باش و رەزامەند بوو، ئەوەش چەند بەڵگە و نیشانەی هەیە، بۆیەش لەسەر داوای ئەسقفەکەیان دەچنە تەرتوس.

تا غەزەیان بۆ چۆڵ نەکەن، روو لەو شارە ناکەن، کە سەر بە پاتریکی ئورشەلیم بوو، بۆ دەسەڵاتی پاتریک لەسەر کڵێساکان هەرگیز رێگر و بەربەست نەبوون، بۆیەش لە زۆر شوێن ئەگەر کڵێسای تێدا نەبووایە ئەوان کڵێسایان بۆ دروستکردون.[373]

---

[371]_ حسن حبشی: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٩٨

[372]_ محمودالحویری: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٦٧ و ٦٨.

[373]_ Hamilton p 109.

دەکرێ بڵێن، لە سەدەی دوازدەهەم لەگەڵ بوونی سەربەخۆییەکی دیار لە دەسەڵاتی پاتریکیەت، داوییەکان، لە سەدەی دوازدەهەمی زاینی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کڵێسا لە ئورشەلیم دروست و گونجاو بوو.[374]

لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوە، هێشتا چەندین گرووپ و ڕێکخراوی تریش هەبوون، وەک سوارەکانی تیوتونییەکان، سوارەکانی قەدیس لازاروس و سوارەکانی قەدیس تۆما، بەڵام پەیوەندییەکانی ئەو ڕێکخراوانە بە کڵێسا لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی سەربازی ئایینی نوێ، بریتی بووە لە هەڵخشانێکی سادەی نێوان سکولار و ئەکلیروسەکان.

## پەیوەندی نێوان کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم و کڵێسایە خۆرهەڵاتییەکان

لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی کڵێسای لاتینی لە مەملەکەتی ئورشەلیم، پەیوەندی بە کڵێساکانی خۆرهەڵاتی پەیدا دەبێت. کە لاتینییەکان لە کۆتایی سەدەی دوازدەهەم دەگەنە خۆرهەڵات، دەبینن کڵێساکانیان لەسەر چوار بەش دابەشبوون، چوار کڵێسای سەرەکی، لەوانە یونانییە ئەرثوزکسەکان، سورییە مەلکانییەکان، یەعقوبییەکانی سەر بە یەعقوب برادیJacob Baradaes و ئەرمەن و ماروونییەکان.[375]

دەکرا پردی پەیوەندییەکانی تێگەیشتن لەنێوان کریستیانەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ببێت، بەڵام لاتینییەکان، بۆ ئەو ئاراستەیە ناچن و دەرفەتەکەیان لە دەست دەچێت، ئەوەش بۆ نیگا و بۆچوونی

---

[374]_ ڕەوشی پەیوەندییەکان دەگۆڕێت و لە سەدەی سێزدەهەمین، داویە وەک ئەسبتاریە، دەبێتە هەرەشە لەسەر دەسەڵاتی کڵێسای سکۆلار لە مەملەکەتی ئورشەلیمی دووەم.

[375]_ Conder, The Latin Kingdom p 218.

کریستیانەکانی لاتین بوو، بۆ کریستیانەکانی خۆرهەڵات، ئینجا ئەوانەی سەر بە کڵێسای ئورثۆزکس بوون، یان ئاینزاە خۆرهەڵاتییەکانی تر.

هەڵوێستی لاتینییەکان سەبارەت بە ئاینزای یونانییەکان، لەبەر ئەوەی بە ژمارە زۆر بوون و پێکهاتە کڵێساییەکەیان پتەو و جێگیر بوو، بۆیە پێگە و بایەخی تایبەتی هەبوو.[376] سروشتیش بوو ئەو هەڵوێستە لەبەر رۆشنایی ژێرخانە مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان رۆما و بیزنتی هەبێت، لە بەشی یەکەمیش باسی ئەو لایەنەمان کردبوو، بۆیەش جێگای رامان و سەرسامی نییە، پەیوەندییەکانی نێوان لاتین و یونانییەکان لەناو چوارچێوەیەکی سنووردار بێت، بەڵام ئاسان نەبوو، لاتینییەکان سەرداری پیاوە ئاینییە خۆرهەڵاتییەکان قبووڵ بکەن، ئاسانیش نەبوو دەسەڵاتێکی یەکگرتووی ئاینی بە هەردوو باڵە خۆرهەڵاتی و لاتینییەکە _لاهوتی_ هاوکار بن.[377]

پاش مردنی نوێنەرەکەی پاپا، ئادهیمار بنچینەی پەیوەندییەکانی لاتین و یونانییەکان دادەرێژرێت،[378] ئەوەش لەسەر دوو بۆچوون دانرابوو، یەکەمیان بەکاسۆلیکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی خۆیان، دووەمیش یونانییەکان بخەنە ژێر دەستیان لەناو بازنەی پاپا لە رۆما.

---

[376]_ لەسەر کڵێسای یونانی سەیری:
Emil Hermans, The Secuslar Church. P 105_ 133.

[377]_ بروار: عالم الصيبلين...، ل ١٠٣.

[378]_ سەبارەت بە هەڵوێستی ئادهیمار لە کڵێسای خۆرهەڵاتییەکان، شێوازێکی دبلۆماسی گرتووتە بەر، پەیوەندی بە سەمعان باتریکی ئورشەلیم دەکات، تا سۆزی بۆ خاچپەرستی یەکەم بنوێنێت، هەروەها یوحنا دەگێڕێتەوە پۆستەکەی لە باتریکیەتی ئانتاکیا. بۆ زۆرتر سەیری: آسحق عبید، روما وبیزنطة... ل ١١٧_ ١١٩.

یەکەم هەنگاو بۆ بەکاسۆلیکردنەکە، نەخشە دادەنێن بۆ ئەسقفیەتێک لە شاری بارەی باشووری خۆرهەڵاتی ئانتاکیا، ئەو پێشهاتەش سەرەتای دانانی کڵێسای لاتینی جێگیر بووە لە وڵاتی شام.[379]

دەستکارییەکانی کڵێسا لاتین لەسەر بەکاسۆلیکردنەکە کاردانەوەی لەسەر ڕەوشەکە دەبێت، بۆیەش نیگەرانی لەناو پیاوانی ئاینی کڵێسای یونانی پەیدا دەکات، لاتینییەکان پاتریکی هەردوو کڵێسا ئانتاکیا و ئورشەلیم دەگۆڕن، برنارد ڤالنزی Bernard of Valence ڕاهیبە لاتینییەکە لەجیاتی یوحنا ئەنتاکی دادەنێن.[380]

پاش گرتنی ئورشەلیم لەلایەن خاچپەرستەکان، لەبەر نەمان و ڤاڵایی کورسی پاتریکی لە سەمعانی دووەمیSymeon II یونانی،[381] لەناو خۆیان پاتریک ئارنولف دادەنێن، بەڵام کڵێسای بیزنتی بەردەوام بوو لەسەر دانانی پاتریکەکان بۆ ئانتاکیا و ئورشەلیم.[382] ئەو کارەش تا ڕادەیەکی زۆر گونجاو بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانانی ئانتاکیا بیزنتی بوون، هەروەها ئیمپراتۆریەتی بیزنتی بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەو ماف و موڵکداریەتی بەسەر ئانتاکیاوە هەیە.[383]

پیاوە ئاینییەکانی هاوشانی سەمعانی دووەم، ئەوانەی ڕەوانەی تاراوگەیان دەکردن، وایاندەزانی دانانی هەر یەکێک لەوانە بە پاتریک لە تاراوگە، مەسەلەیەکە کەمتر نییە، لە دانانی پاتریکێک لە دەرەوە هاتبێت،

---

379_ هەمان سەرچاوە... ل ١٢٥.
380_ عادل زیتون: العلاقات ... ، ل ٢٦٠.
381_ بەهەڵە گوترابوو کە سەمعانی دووەم، لەکاتی هاتنی فاتیمییەکان بۆ ئورشەلیم، ئەو بۆ قوبرس ڕایکردووە، بەڵام ئەو دەچێتە قوستەنتینییە.
382 _Ibid. P 235. Prawer p 221.
383 _Prawer p 73.

سەرچاوەی ئەوەش ئەوە بوو، ئەوان، لاتین و کڵێساکەیان بە داگیرکەر و زۆردار دەزانی و مافی ئەوەیان لەو وڵاتە نییە.[384]

کڵێسای یونانی، هەر چ مەبەست و رامانێکیان لەسەر دانانی پاتریکی دەرەوە و هاوردە بۆ ئانتاکیا و ئورشەلیم هەبووبێت، بایەخنەدان و خۆهەڵخەڵەتاندن بوو، کە دوو پاتریک لەیەک کڵێسا دابنێن، ئەوەش هەڵە بووە و لە سەردەمە سەرەتاییەکانی کریستیانیەتەوە قبووڵ نەبووە و نەفرەت لێی کراوە.[385]

لاتینییەکان بەردەوام بوون لەسەر بەکاسۆلیکردنی خۆرهەڵات، پاش دانانی پاتریکێکی لاتینی بۆ ئورشەلیم، بەپەلە دەست دەکەن بە دانان نەخشەسازییەکانی ئەسقفیەتی لاتین، لە هەموو کڵێساکانی سەر بە خۆیان.[386] پاش ئەوەش گۆڕانکاری و کردەوەی وا دەکەن پەیوەندییەکانی نێوان لاتین و یونانییەکان زۆرتر شپرزە و ناڕێکتر دەکەن، هەروەها هەستی ناو یونانییەکان زۆر دەژاکێنن.

لاتینییەکان داوایان لێ دەکەن دان بە ئەسقفە نوێیەکان دابنێن و ملکەچیان بن و جەختیان لەوەش دەکردەوە، لەبەر رۆشنایی بڕواکانیان هەڵسوکەوت و ژیان بکەن.[387] ئەو مەسەلەیەش لەلایەن یونانییەکان و لەسەر ئاستی هەموو پلە ئاینییەکانیان رەفز دەکرایەوە، بێجگە لە خەڵکی توێژەکانی ژێرەوە، ئەوان ناچاربوون ملکەچی فەرمانە شکۆدارەکان بن، بەدرۆش رەزامەندی بۆ لاتینییەکان دەربڕن، ئەوەش لە ئورشەلیم زۆرتر لە ئانتاکیا دیار بوو.[388]

---

384 _ Runciman The Eastern p 41.

385 _ Prawer p 14.

386 _ عادل زیتون: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٣٦٣.

387 _ Runciman p 14.

388 _ Samil R. C Crusading Warfare p 50 _51. Conder p 194. Prawer P 37.

ئەوەی شایانی باسە، دەسەڵاتە ئاینییەکانی لاتین تەنها بەسەر لاتینییەکان و کەسە بڕوادارەکانیان بۆ سرووتە ئاینییەکانیان قبووڵ بوو، ئەوەش کاردانەوەی هەبوو، موسڵمانەکان پاشان بتوانن خاکەکەیان بگرنەوە و خاچپەرستەکان دەربکەن، بە ڕۆیشتنی ئەوانیش کڵێسا لاتینییەکە نامینێت.[389]

بڵاوبونەوە و زۆربوونی کڵێسا لاتینییەکان، کاردانەوەی زۆری بەسەر نەفسیەتی بیزنتییەکان هەبوو. چونکە ئەو پێشهاتە دەبێتە مایەی لەناوچوون و دارمانی زۆری کڵێسا یونانییەکان. ئەوەش باندۆری لەسەر پێکهاتەی کڵێسایی یونانی و سەروسامان و موڵکەکانی یونانییەکان دەبێت.

مەسەلەکەش وا دەکەوتەوە، کە لاتینییەکان میراتگری یونانییەکان دەبن، ئەوەش لەناو شارەکان زۆرتر لە گوندەکان دەردەکەوت.[390] بەکاسۆلیکردنی کڵێسا خۆرهەڵاتییەکان، لە شار و ئەمارەتە خاچپەرستەکانی وڵاتی شام بەگشتی و مەملەکەتی ئورشەلیم بەتایبەتی، سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنابوو، دیار بوو کە لە کڵێسای ئانتاکیا و کڵێسای ئورشەلیم و ئەسقفییەکانی سەر بەوانە، دروشم و سرووتەکانیان ببوونە لاتینی.[391]

وەک چۆن لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا دیارە، هەموو کردەوەکان ڕەنگدانەوەی خەون و هیواکانی پاپاکان بوون، بۆ گەیشتن بە پێشڕەویی جیهانی و شکۆدار و سەڵتەنەت، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئەوان کۆششیان بۆ ئەو مەبەستە دەکرد.

---

389_ Richard p 236.

390_ بروار: سەرچاوەی پێشوو ... ل ١٠٤.

391_ عادل زیتون ... ل ٣٦٧.

ڕەوشی یونانییە ئەرثوزکسەکانی ناو دێرەکان، زۆر جیاواز بوو، لەگەڵ کڵێساکان، دێرەکان هەر بە دەستی ڕەهبانە ئەرثوزکسەکانەوە مابوو، فاکتەرەکەش ئەوە بوو، دێرەکان دوورەدەست بوون و ئاسان نەبوو کاریان لەسەر بکرێت و بیانگۆڕن.[392] بۆیەش دێرەکان وەک نوایەکی ئارام و هەوارێکی گونجاو، وەک ئەو ڕەهبانانەی دەیانویست و چاویان لەوە بوو، دوور لە خەڵک و ئاوەدانییەکانی بژین، ئەدەبی کڵێسایی ئەرثوزکسی گەشە دەکات و لەبەر سێبەری حوکمی خاچپەرستەکان ئەو دێرانە دەمینێنەوە.[393]

ڕەوشی یونانییە ئەرثوزکسەکان هەر چۆن بووبێت، دیارە کە ژمارەیان لە مەملەکەتەکە لە چاو ئەمارەتە خاچپەرستەکانی تر کەمتر بوو.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان خاچپەرستەکان و هەوادارانی کڵێسای سووری، دیارە ڕەوشەکەیان لەگەڵ ڕۆمە ئەرثوزکسەکان جیاواز بوو. سورییەکان بڕواداری عەقیدەی ئەرثوزکسی بوون، بەدرێژایی مێژووش لەسەر ئەو هەڵوێستە دەمینێنەوە، هەروەها سرووتە ئاینییەکانیان و قەداسەکانیان بە زمانی یونانی دەمینێتەوە، ئەگەرچی ڕۆژانە زمانی عەرەبییان بەکارهێناوە.[394]

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ژمارەی دانیشوانی ئەرثوزکس لە سوریا، یان لە یونان، لەگەڵ هاتنی خاچپەرستەکان و دوودڵی و گومانی موسڵمانەکان بە گوێرایەڵییان کەم دەبێتەوە. کار دەکەن دووریانبەخەنەوە، نەوەک لە پشتەوە شیریان لێ بدەن.[395]

---

[392] _ Prawer p 14.

[393] _ براور: عالم الصيبلين... ، ل ١٠٤، ل ٧٥.

[394] _ Prawer p 218.

[395] _ محمود الحويري: سەرچاوەی پێشوو ... ل ٩٥_ ٩٦.

که فەرەنگییەکان دەست بەسەر ئورشەلیم دادەگرن، دەست دەکەن بە هێنانی دەستە دەستە لە کریستیانە سوریانییەکانی پشتی رووباری ئوردن، بلدوین، بۆ کەمی رێژەی دانیشتوانان، ئەوە بە چارەسەرییەکی گونجاو دەزانێت، کە پاش دەرچوونی موسڵمانەکان و کۆمەڵکوژییەکان دووچاری مەملەکەتەکە ببوو.[396]

مەسەلەکە هەر چۆنێک بووبێت، کریستیانە خۆرهەڵاتییەکان، باوەڕدارانی کڵێسای ئەرثوزکسی لە سورییەکان یان لە یونانییەکان جێگەی گومانی خاچپەرستەکان دەبن. سەرچاوەی مەترسییەکەش لەوە بوو، نەوەک لەگەڵ بیزنتییەکان دژ بەوان یەکبگرن و بەرژەوەندییەکانی بهەژێنن، بەڵام خاچپەرستەکان دەریان ناکەن و سوود لە کارامەیی و پیشەوەرییەکان دەبینن، کە خۆیان دەسەڵاتیان بەو ئیش و کارانە نەدەشکا.[397]

ئاڵۆزیی و بەدحاڵییەکی زۆر، لەنێوانیان گەشە دەکات، سورییەکان زۆرتر بەرگری دەکەن و نایەوێ ببتە داردەست و باوەڕداری ئەوان، بە هەموو شێوەیەک رەفزی لاتینییەکان دەکەن، قبوڵ ناکەن سامان و موڵکەکانیان زەفت بکەن.[398]

دەمارگیری و زۆردارییە ئاینییەکەیان، وا لە ئەرثوزکسەکان دەکەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لاتینییەکان ئاڵۆز و ناکۆک بێت، هەست ناکەن هیچ تروسکایەک بۆ لەیەکگەیشتن و دانوستان و خۆشەویستییان بۆ خاچپەرستەکان هەیە. ئەوەش زۆرتر و توندتر دەبێت، کە پاتریک ئارنولف

---

[396] _Smail. P 49_50.
[397] _ سعید عاشور: الحركة ... ج ١ ص ٤٨٠.
[398] _conder p 144, 223, Smail p 50_51. Zernoz p 105.

سورییەکان ناچار دەکات خاچی لە خاچدانەکە، یان خاچە مەزنەکە ببەستن و دیاریش بێت.[399]

کە خاچەکەیان لەژێر دەروازەکەی رووبەرووی مەزارە پیرۆزەکە دادەنرا. دایمبرت لەسەر هەمان بەرنامە و ئاراستە دەڕوات، قبووڵ ناکات ئەرثوزکسییەکان قەداسیان لە کڵێسای مەزارە پیرۆزە بکەن. متی ئەلرهاوی گوتبووی کە دایمبرت شکۆمەندی خۆرهەڵاتی دەشکێنێت، کە ژنە راهیبە بۆ خزمەت مەزارە پیرۆزەکە دەهێنێتە ناو کڵێساکە. ئەوەش بە بۆچوونی ئەو وایە کە ئاگر پیرۆزەکە ناتوانێت، باش مەزارە پیرۆزەکە رووناک بکاتەوە.[400]

کە سەڵاحەدینی ئەیوبی لە ساڵی ١١٨٧ی زاینی ئورشەلیم دەگرێتەوە، سوریاییەکان رقیان زۆرتر لەسەر خاچپەرستەکان ئەستوورتر دەکەن. ئەوان هەموو بڕوایەکیان بەوان هەبوو، بتوانن مەزارەکە بپارێزن. ئەوان یەکەمین کەس و لایەن بوون، سوودیان لە دەرکردنی خاچپەرستەکان بینیبوو، دووبارە دەسەڵات و هەیبەتیان بۆ دەگەڕێتەوە.[401]

خاچپەرستەکان، بیزنتی و سورییە ئەرثوزکسەکانیان بە لادەر و ترازاو زانیوە و ئاینزاە کریستیانییەکانیشیان بە بەدعەکی ئاینی ناسیوە.[402] لەو ئاینزانەی لە ئورشەلیم هەبوون، کە ژمارەیان کەم بوو، ئاینزای یەعقوبییەکان بوو، ئەوانە بڕوایان بە سروشتی یەکبوونی مەسیحی گەورە هەبووە و بە زمانی عەرەبی قسەیان کردووە.[403]

---

399_ سعيد عاشور: الحركة ... ج ١، ص ٢٤٥.

400_ Mayer p 66.

401_ سعید عاشور: سەرچاوەی پێشوو ج ٢ ل ٧٩٤.

402_ بروار: سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٦.

403_ علية الخنزورى: امارة الرها الصليبية، عين شمس، ل ٣٦٠.

یەعقوبییەکان، ڕەزامەندی خاچپەرستەکانیان بەدەست هێنابوو، تا رادەیەکیش مامەلەی باشیان لەگەڵ کردوون، ئەگەرچی لەرووی جەنگییەوە بایەخێکی شیاویان نەبوو، هەروەها قوورساییەکی سیاسییشیان نەبوو، مەسەلەکەش دەگەڕایەوە سەر ئەوەی یەعقوبییەکان دژایەتی کڵێسای ئەرثوزکسیان کردووە، بۆیەش لەناو دێر و کڵێساکانیان دەمینێنەوە، لە شارە گەورەکانی مەملەکەتی خاچپەرستەکان ئارام دەژین.[404]

لەڕاستییدا هەڵوێستی نامۆ لەلایەن یەعقوبییەکان بەرووی هەموو داگیرکەرەکانی خاکی شام هەبووە، ئینجا سەرەتا موسڵمانە پێشەنگەکان، ئینجا تورکە سەلجوقییەکان، تا خاچپەرستەکانیش. بە بۆچوونی یەعقوبییەکان، ئەوانە لە بوونی بیزنتی باشترە. لەگەڵ بوون و دەسەڵاتی سەلجوقییەکان، یەعقوبییەکان لە زەبر و هەژموونی بیزنتییەکان دەربازیان دەبێت. مەسەلەکەش لەبەر سێبەری خاچپەرستەکان بەو شێوەیە بووە، ئەوان ئارام لەناو دێر و کڵێساکانیان ماونەتەوە.[405]

سەبارەت بە ئاینزای ئەرمەن، ئەوەی بۆمان روون و ئاشکرا بوو، کە پەیوەندی ئەرمەن و خاچپەرستەکان زۆر پتەو و گەرم بوو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەرمەنەکان بەر لە هەموو لایەنەکانی تر پێشوازی گەرمیان لە هەڵمەتی خاچپەرستەکان کردووە، چونکە ئەرمەن و کڵێساکەیان، جەوری زۆریان بە دەستی بیزنتییەکان دیبوو، بۆیە ئارەزوومەندانە خۆیان بە دۆستی فەرەنگییەکان دەزانن. ئەوانیش لە سەدەی سیازدەهەمی زاینی لە ئانتاکیا فاکتەری سەرەکی دەبن لە پەیوەندییەکانی بیزنتی و خاچپەرستەکان.[406]

---

[404] _ Smail p 76.
[405] _ Prawer p 68, 69.
[406] _ Ibid, p 76.

ئەرمەن بە گرووپی زۆر زۆر لە هەرێمی ئانتاکیا دەژیان، زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی ئەلرها بوون، بەڵام لە ئورشەلیم ژمارەیان کەم بوون، ئەگەرچی خاچپەرستەکان لەبەر سوارچاکی و ئازایەتییەکانیان هۆگریان ببوون. بەگشتی ئەرمەنەکان لە هەرێمەکانی خاچپەرستەکان و بە شێوەیەکی تایبەتی لە مەملکەتی ئورشەلیم، بە ئارامی ژیاون.[407]

مەقدەسی ئەرمەنەکان ئورشەلیم قەدیس جیمس St. James بوو، کاتدرائیییەکەی ئەرمەنەکان لە گەڕەکی ئەرمەنەکان گەورەترین کڵێسای ئورشەلیم بوو. کڵێساکە لە سەدەی حەوتەمی زاینی یان زووتریش دروستکرابوو. لە سەردەمی حوکمی خاچپەرستەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەمی زاینی دووبارە نۆژەنکراوەتەوە، کڵێسا هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە تا ئیمڕۆ ماوە، ئەرکە خزمەتگوزارییەکانی بێ پچران و بەردەوام پێشکەش بە ئەرمەنییەکان دەکات.[408]

ئاینزای تری کریستیانەکانی خۆرهەڵات کە لە ئورشەلیمی لاتینی هەبوون، ئاینزای مارۆنی بوو. سەرچاوەکان کۆک و هاوبیر نین، لەسەر رەچەڵەک و بنچینەی ناوەکەیان، ئەوانیش زێدی رەسەنیان وڵاتی شام بووە.[409]

مارۆنییەکان دەرئەنجام ژیان و کۆمەڵگەکەیان دەکەوێتە ناو چیای لوبنان، بەتایبەتی بەشە باشوورەکەی، هۆکاری ئەویش خۆیان لە دەست زەبر و ئەشکەنجەکانی یەعقوبییەکان دەرباز کردووە.[410]

---

[407]_ لەسەر رەوشی ئەرمەنەکان لە ئەلرها و شام سەیری: علية الجنزوری: سەرچاوەی پێشوو ل ٣٦٥بکە.

[408]_ Theodrich p 21, 22. Prawer p 68.

[409]_ دەڵێن ئاینزای ئەرمەنەکان ئەو سورییانە زوو بونەتە کریستیان، قەدیس مارون دەبێتە شەفیع و باوکیان. یەکەم باتریکیان یوحنا مارون (٦٥٨_ ٧٠٧ی زاینی) بووە.

[410]_ Prwaer p 65.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی مارۆنی و خاچپەرستەکان، ئەوان لە هەموو ئاینزاکانی تر لە خاچپەرستەکان نزیک ببون، هیچ ئاینزای تر وەک ئەوان نەدەکرا ئەوەندە زۆر لەوان نزیک و هاسۆز بووبێت.[411]

مارۆنییەکان لە ساڵی ١١٨٢ی زاینی قبوڵی سەروەری کورسی ئەسقفیەتی ڕۆمانەکان دەکەن، ئەوەش دەسکەوتێکی مەزن بوو بۆ کڵێسای کاسۆلیک. هەروەها پێشهاتێکی گرنگ و باڵکێشیش بوو لە مێژووی لوبنان، ئەگەر لە مێژووی هەموو کڵێساش نەبێت. ئەوان پارێزگاری پاپا بەدەستدەهێنن، دەکرێ بڵێن ئەوان دەستبەرداری عەقیدە تایبەتییەکەی خۆیان دەبن.[412]

سەردەمی شەڕەکانی خاچپەرستان، بۆ مارونییەکان سەردەمی زێڕین بوو، لەودەمانە هەیبەت و شکۆ و پایەداری کڵێسا و قوتابخانەیان زۆرتر دەبێت، هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی زۆرتر دەکەن، بوارەکانی ژیان و ڕەزقیان زۆرتر بۆ دەرەخسێت، لەناو دەست و ئامێزی لاتینییەکان هاوسۆزی و پشتیوانیان دەست دەکەوێت، دەبنە پێشەنگی هەموو ئاینزاە کرێستیانەکان.[413] ئەوەی شایانی باسە هەندێ لە ئاینزاکانی وەک نەساتەرە و جۆرجی و قوبتییەکان، ناتوانن بگەنە ئەو پلەیە و لەناو لاتینییەکان جێگای شیاو بدۆزنەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە لە مەملەکەتی لاتینییەکە ژمارەیان کەم بوو.

بێجگە لە هەردوو ئاینزای ئەرمن و مارۆنییەکان، کرێستیانە خۆرهەڵاتییەکان بەگشتی لەناو کێشە و ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان دەژین. ئەوانە شەیدای ئازادییەکانی بیروڕا دەبن، کە کڵێسای لاتینی مەبەستی

---

[411] __ براور: سەرچاوەی پێشوو ... ل ١١١.

[412] __ بواردەدەن مارونییەکان خزمەتی قەداس لاتینی بکەن، پیاوە ئاینییەکانیان پۆشاکی لاتینی لەبەر دەکەن. زۆرتر سەیری محمود الحویری: سەرچاوەی پێشوو... ل ٩١بکە.

[413] __ محمود الحویری: سەرچاوەی پێشوو... ، ل ٩١.

بوو بەرەو مەیدان و بازنەکانی خۆی رایانبکێشێت، ئەوەش باندۆری لەسەر پەیوەندییەکان دەبێت.

سیاسەتی پیاوە ئاینییەکانی کاسۆلیک لە ئورشەلیم ئەوە نیشان دەدەن، کە دەسەلاتی خاچپەرستەکان لە سەرەتاوە خراپ و نامەعقوڵ بووە، سەردەمی قەڵەمڕەویی ئەوان، بۆ هەموو ئاینزاکانی خۆرهەلات ژان و دەردەسەری و کەساسی بووە.

# بەشی چوارەم
# کڵێسا و ئەرکەکانی لە مەملەکەتی ئورشەلیم

- ڕێکخستنی کڵێسا لە ئورشەلیم.
- دەزگاکانی کڵێسا.
- سامان و سەرچاوەکانی کڵێسا.
- ڕۆڵی کڵێسا لە شەڕەکان.
- ئەرکە بەرپرسیاریەتییەکان:

➢ کاروباری حەج و سەرپەرشتی حەجییەکان.
➢ جەژنەکان.
➢ عیمادکردن.
➢ چاکسازییەکانی کڵێسا.

# بەشی چوارەم
# کڵێسا و ئەرکەکانی لە مەملەکەتی ئورشەلیم

پێش هاتنی خاچپەرستەکان بۆ فەلەستین و دامەزراندنی مەملەکەتی ئورشەلیم، لەو ناوچانە هیچ ئاماژە و دروشمێکی ئاینی لاتینی لەسەر ئەو خاکەدا نەبوو، تەنها نەخۆشخانەی قەدیس یوحنا لە ئورشەلیم هەبوو، کە خزمەتگوزاریان پێشکەش بە حاجییەکان دەکرد. لەگەڵ هاتنی خاچپەرستەکان بۆ ئورشەلیم، دامەزراندنی دەسەڵاتەکەیان، فراوانبوونی دەسەڵاتەکەیان لەسەر ئەو خاکەی دایگیری دەکەن، کڵێسای لاتینی هەنگاو بە هەنگاو لەو سنوورە دادەمەزرێنێن.

رێکخستنی کڵێسا، سەرەتا لە دامەزراندنی پاتریکەوە دەستی پێکردبوو، کارەکەش زۆر لۆژیکی بوو، چونکە لەگەڵ هاتنی خاچپەرستەکان پاتریکە ئەرثوزکسییەکە رادەکات، شارەکە جێدەهێڵێت و کڵێساکەش بێ پاتریک دەمینێتەوە، لەودەمانەش لاتینییەکان لە شارەکە زۆرینە بوون،[414] رێکخستنی کاروباری کڵێسا لاتینییەکە لە ئورشەلیم هاوکات بوو لەگەڵ پەلامار و کردنەوە و فراوانبوونی زۆری دەسەڵاتەکە، پەیوەندی نێوان پاتریک و مەلیک باندۆری لەسەر شێوەی رێکخستنەکە هەبوو.

دایمبرت لە یەکەمین حاکمی ئورشەلیم جودفری بوایونی، چارەگی شاری یافا بەدیاری وەردەگرێت، بەڵێنیشی دەداتێ پاش فراوانبوونی

[414] J. Richard, The Political and Ecclesiastical Organization _ of the Crusader States p 235.

سنووری مەملەکەتەکەیان، یان ئەگەر بێ نەوە و میرات مرد، یافا و قودسی پێشکەش دەکات،[415] بەڵام دەرئەنجامی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوانیان لە سەردەمی بلدوین، هیچ دەستکەوتێکی بۆ قازانجی کڵێسا دەست ناکەوێت. لە سەردەمی پاتریکیەتی ئایڤرمار (١١٠٢_ ١١٠٨ی زاینی)، مەسەلەکە هیچ گۆڕانێکی بەسەر دانایێت، چونکە ئەو توانای ئەوەی نەبوو پۆستەکەی بەدروستی بەڕێوە ببات.[416]

بەڵام ئەوەی لەدوای ئەو دێت جنلین (١١٠٨_ ١١١٢ی زاینی)، پاتریکێکی بەتوانا و بە جەبەرووت بوو، دەتوانێت کاروبارەکانی کڵێسای لاتینی ساز بکات و کەسیش بەرهەڵستی ناکات، دەتوانێت هەمووڵایەک پیاوانی ئاین و مەلیکیش رازی بکات.

جبلین لە ساڵی ١١٠٨ی زاینی دەگاتە سەر کورسی پاتریکیەت، لەودەمانە تەنها دوو ئەسقفیەت سەر بە کڵێساکە هەبوون، یەکەمیان لەگەڵ پەلامار و هێرشەکانی خاچپەرستەکان لە ساڵی ١٠٩٩ی زاینی لە رملەی بەرامبەر ئۆرشەلیم دروستکرابوو.[417] دووەمیان لە قیساریە دروست دەکرێت، کە بلدوین لە ساڵی ١٠١١ی زاینی داگیری دەکات، هەمان ساڵ ئەسقفێکی لاتینی لەسەر دادەنێت.[418] بۆیەش مێژوونووسێکی وەک ریتشارد وتوویەتی کە رێکخستنی کڵێساکە بە رەمەکی بێ توێژینەوە بووە.[419]

دەبوایە جبلین کڵێساکە بە شێوەیەکی لۆژیکی ساز و ئامادە بکاتەوە، بەرنامەی یەکەمی کارسازی بوو، بۆ دابینکردنی خزمەتی کڵێسا بە

---

415_ William p 403.

416_ William p 407.

417_ هاملتۆن دەڵێت ئەسقفیەتی رملة و لود، قەشەیەکی نورمانی بەناوی روبرت روینی بۆ دادەنێن.

418_ بەکۆی دەنگ قەشە بلدوین بە سەرۆکی ئەسقفەکان دادەنێن.

419_ Richard p 239.

مەرجێک لەگەڵ قودسیەتی شوێنەکان بگونجێت، وەک بیت لەحم کە ئەسقفیەکەی بەرز دەکاتەوە، ئەگەرچی لادانیش بوو لە سیستەمی کڵێسەیی ئورثوزکسی جاران، ئەوەش چەندین جار لە مەملەکەتی ئورشەلیم دووبارە دەبێتەوە.

چەندین هۆکار و فاکتەر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە بیت لەحم هەبوو، کڵێساکەی مەهد پیرۆزییەکی تایبەتی هەبوو، لەوێ بلدوینی یەکەم وەک مەلیک تتویج دەکرێت، هەروەها بلدوینی یەکەم ویستی پلەکەی بۆ ئەسقفیەت بەرزبکاتەوە، هەندێ گۆڕانکاری تێدا دەکات، ئەگەرچی سەر بە عەسقەلان بوو، بەپێی رێکخستنی کڵێسای ئورثوزکسی و پاپاش لەوە ئاگادار دەکاتەوە.

جبلین بەر لەوەی بێتە ئورشەلیم، دەیزانی بلدوین مەبەستی چی هەیە، چونکە پاپا باسکالی دووەم هەندێ رێنمایی و سەرەداوی بابەتەکانی پێ راگەیاندبوو، بە بڕیاری پاتریک و رەزامەندی پاشا و پیاوانی ئاینی ئاشیتنوس Aschetinus وەک یەکەم ئەسقفی لاتینی لە بیت لەحم دانرا، تا ساڵی ١١٥٣ی زاینی خاچپەرستەکان عەسقەلانیان نەگرتبوو، بەڵێن دەدەن ئەو شارەش بخەنە سەر بیت لەحم.[420]

جبلین ئەسقفێکی لاتینی بۆ کڵێسای ناسرەش دادەنێت، کە چەندین شوێنی پیرۆزی دەگرتەوە، لەوانە کڵێساکەی بشارەش،[421] ئەوەی جبلین دەیکرد پێچەوانەی سیستەمی ئورثوزکسی کۆن نەبوو، شارەکە ئەسقفێکی هەبوو راستەوخۆ سەر بە پاتریک بوو، بەڵام بەرپرسی جبل تابووری

---

420_ لە ساڵی ١١١٠ی زاینی بیت لەحم پێشوازی لە یەکەم ئەسقف دەکەن.

421_ کڵێسای بشارە، یان گەورە مەلائیکەتەکانی جبرائیل دەکەوێتە دەروازەی شاری ناسرە، هەروەها کڵێسای قەدیس یوسفیش.

لاتینی ناڕەزایی هەبوو.[422] ئەو بانگەشەی ئەسقفی شوێنەکەی دەکرد، بیانووەکەشی ئەوە بوو، لەلایەن پاپا باسکالی دووەم لەساڵی ١١٠٧ی زاینییەوە پسپۆرییەکەی وەرگرتبوو.[423]

وەک لە بەڵگەنامەکاندا دیارە، یەکەم ئەسقفی لاتینی لە شاری ناسرە پایەکەی لە ساڵی ١١٠٩ی زاینی وەرگرتووە، دەسەڵاتەکەی دەگاتە سەر خەلیلیش.[424] دەکرێ لێکدانەوەیەک بۆ بایەخدانی جبلین بە بیت لەحم و ناسرە لەبەر رۆشنایی هەستی خاچپەرستەکان بەوە بکەین، لە شوێنەکە مەزاری گەورەی کریستیانەکانی ناو پێکهاتەی کڵێساکە تێدایە، ئەگەرنا شوێنەکان ئەوەندە بایەخدار نەدەبوون.

جبلین ویستبووی سیستەمی ئوگستینی[425] بڵاوبکاتەوە، ئەسقفیەتی لاتینیش لە شارە کەنارییەکانی سەر بە مەملەکەتەکە دادەمەزرێنێت، لە ساڵی ١١٠٤ی زاینی[426] شاری عەکا لەبن دەستی خاچپەرستەکان بوو، ئەگەرچی شارێکی گرنگیش بوو، بەڵام بۆ ئاستی ئەسقفیەت بەرزناکرێتەوە. لە ساڵی ١١١٠ی زاینی هەردوو شاری بەیروت و سەیداش[427] دەگیرێن، ئەو دوو شارە، بەشێک بوون لەناو چوارچێوەی هەرێمی سوور کە بەگوێرەی سیستەمی ئورثوزکسیی کۆن، سەر بە

---

[422]_ پاش ساڵێک لە گرتنی ئەو شارە، تانکرد دێرەکە لە ناسرە، واتە لە ساڵی ١١٠٠ی زاینی لەسەر بەرزاییەکی تەخت دروست دەکات، ژمارەیەک رەهبانی لاتینی ژیانی خۆیان بۆ خزمەتی ئەو دێرە تەرخان دەکەن.

[423]_ Hamilton p 60.

[424]_ Prawer p 164.

[425]_ سیستەمی ئوگستینی بەناوی ئوگستین بووە، ئەو لە نومیدیا لەدایکبووە، لە باکووری ئەفریقیا ژیاوە، دەبێتە ئەسقفی شاری هیبو، تا مردنی لە ساڵی ٤٣٠ی زاینی لەوێ دەژیت، ئەو رامانی لەسەر لاهوت و میتافیزیقیا هەبووە، ئەوەش دەبێتە بنچینەی لاهوتی کاسۆلیکی ناسراو بە سیستەمی ئوگستی. بۆ زۆرتر: برتراند راسل: حكمة الغرب، ل ٢٤٥_ ٢٤٩.

[426]_ بلدوینی یەکەم یارمەتی ئەستوولی ژەنیوی لە ساڵی ١١٠٤ی زاینی داوە بۆ گرتنی شاری عەکا.

[427]_ Fulcher p 196.

پاتریکیەتی ئانتاکیا بوون، بەڵام جبلین و بە ڕەزامەندی و پشتیوانی پاشا بلدوین، هەردوو بەنداوەکە دەخاتە بن دەسەڵاتی کڵێساکەی. بلدوین مەبەستی بوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بخاتە ناو پاتریکەکەی، بیانووی جبلین بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو شارە، بۆ ئەوەیە کە پێنج سەدەیە ئیسلام لەوێ بوونی هەبووە، ئەوەش بوارساز دەکات، لە دابەشکردنە کڵێساییە کۆنەکە ئاژاوە و کێشە سەرهەڵبدات.[428]

سەرەتا پاپا لایەنگیری و هاوسۆزی ئورشەلیم دەکات، پاپا باسکالی دووەم بەپێویستی دەزانێت، هەموو ئەو شوێنانەی لەلایەن بلدوینی یەکەمەوە دەگیرێن، بخرێتە سەر پاتریکی ئورشەلیم. لەبەر ناڕەزایی توندی پاتریکی ئانتاکیا و ترسان لە ونبوونی بەیروت، هەموو هەرێمی سوور لەبن عەرشەکەی، پاپا لە بڕیارەکەی پاشگەز دەبێتەوە.[429] لەسەر ئەو بابەت و دانوستانە چەند نامەی نێوان پاپا و پاتریکیەتی ئورشەلیم و ئانتاکیامان لەبەر دەستە.[430] لەو نامانەدا دیارە هەردوولا جەخت لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی سوور دەکەنەوە.

هەرێمی سوور، شیاوی ئەو ململانێ و کۆششە بووە، هەرێمی سوور مەترانیەتی هەموو فینقنییەکان بووە، ئەوەی بەردەوام لەناو هەرێمەکانی سوریادا لەپێشەوە بووە، ئینجا لەبەر دەوڵەمەندی و زۆری وەسفەکانی یان لەبەر سەرژمێرە زۆرەکەی بووە.[431] پاش مردنی بلدوینیش کێشەکە بە هەڵپەستراوەیی دەمینێتەوە، ئەوەش هیچ پارسەنگی ئەو کەم ناکاتەوە،

---

[428] _سعید عاشور: الحركة ... ج ١، ص ٣٢٥.

[429] _ Rowe, J, G The Papacy and Ecclesiastical Province of Tryre 1100_ 1180, The John Ryland,s vol, 43, Manchester 1960 p 172.

[430] _ Fulcher of Charter p 269_ 270.

[431] _ William of Tyre p 172_ 173. R.Rohricht p 4.

چونکە شوێنەواری ئەو کاردانەوەی زۆری هەبووە لەسەر رێکخستنەوەی کڵێسایی لە هەرێمەکە.

لە سەردەمی پاتریکیەتی ئارنولف (١١١٢_ ١١١٨ی زاینی) و پاش مردن پاشا بلدوینی یەکەم، پێشکەوتنێک لە کاروباری رێکخستنەکانی کڵێسایی نابێت، ئارنولف بە یارمەتی بلدوینی یەکەم، دەتوانێت سیستەمی ئوگستنی لەسەر رەهبانە کڵێساییەکانی مەزاری پیرۆز بچەسپێنێت.[432]

لە سەردەمی جرموند (١١١٨_ ١١٢٨ی زاینی) کەمێک دەستکاریی لە کاروباری کڵێسایی دەکرێت. بۆیەش لە سەردەمی ئەودا کڵێسا بەتەواوی دەمینێتەوە. بەڵام دەتوانێت سیستەمی ئوگستینی لە خەلیل پاش دۆزینەوەی گۆڕ و مەزاری ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب سلاوی خودایان لێ بێت لەژێر شوورەی کڵێساکەی لەساڵی ١١١٩ی زاینی، بچەسپێنێت.[433] بەڵام سستی جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانی جرموند، وا دەکات نەتوانێت سیستەمە کڵێساییەکە تەواو بکات. بەڵێنی دابوو هاوشانی گەڕانەوەی تەرمی هەر سێ پێغمبەرەکە بکات بۆ ناو کڵێساکە، بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێ ناکات.[434]

ململانێیەکان لەسەر سور لە سەردەمی جرموند بەردەوام دەبێت، ئەگەرچی شارەکە لەبن دەستی موسڵمانەکانیش بوو، لە ساڵی ١١٢٢ی زاینی، ئودو، وەک سەرۆک ئەسقفەکانی بۆ دادەمەزرێنن. ئەوەش

---

[432] _ وەلیم سوری دەڵێت: پاش ئەوەی جودڤری دەبێتە حاکمی ئورشەلیم، خزمەتی رەهبانەکان دەکات و شوێنی باشیان بۆ دابین دەکات.

[433] _ یوحنا قەشەی ورزبورگ دەڵێت خەلیل، بە شاری چوارەکة ناسراوە، چونکە چوار پێغمبەری تێدا نێژراوە، ئادم، ئیبراهیم، ئیسحاق  یەعقوب: هەروەها بە حبرون دەناسرێت، پاش ئەو حەزرەتی ئیبراهیم لە میزپۆتامیاوە گەیشتووتە ئەو شارە، لەبەر رەوشتی بەرزی خەڵکەکە خۆشیان ویستووە، بۆیەش عەرەب پێیان وتووە خلیل. سەیری: احمد رمضان احمد، ندوة التاريخ الاسلامی و الوسیط، قاسم عبدة قاسم، رآفت عبدالحمید، م ١، القاهرة ١٩٨٢، ل ٤٧ _ ٧٤، ل ٧١بکە.

[434] _ Hamilton p 243.

ئاماژەیەک بوو، کە ئەو دەیەوێت دەسەڵاتی بە سەر هەرێمەکە هەبێت. بەڵام ئودو دەمرێت و ناوچەکە وەرناگرێت. جرموند تا ساڵی ١١٢٧ی زاینی کەسی تری بۆ دانانێت، ولیم کە لەوێ بەرپرسی مەزارەکە بوو کارەکانیان رادەپەڕێنێت، جرموند سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە پاپا قبووڵ دەکات سور ببێتە پاتریکیەتێکی سەر بە ئورشەلیم.[435] لە سەردەمی جرموندیش پلەکەی لە ئەسقفیەتی ناسرە بۆ سەرۆکایەتی ئەسقفیەت بەرز دەکرێتەوە، لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتییەکەی، واتە لە سڵی ١١٢٨ی زاینی دەبێتە مەترانیەتی خەلیل.[436]

لە سەردەمی پاتریکیەتی ستیڤن شارتری (١١٢٨_١١٣٠ی زاینی) کەمێک پێشکەوتن بەدی دەکرێت، لەبەر بوونی مەزاری قەدیس یوحنا معمدان دەتوانن لە سبستیە ئەسقفیەتێک دروست بکەن، ئەگەرچی سەرژمێرییەکەی کەمیش بوو. ئەو ئەسقفیەیە سەر بە سەرۆکایەتی ئەسقفییەکانی قیساریە بوو، کە لە نزیکەی ساڵی ١١٢٩ی زاینی دروستکرابوو.[437]

دیارە ئەوەش بە هەڤاڵبەندی و ڕەزامەندی هەردوولا، پاتریک ستیڤن و مەلیک بلدوین بووە، بەڵام ڕێکەوتنەکەی نێوانیان زۆر ناخایەنێت و دووبارە و بلەز ناکۆکی دەکەوێتەوە نێوان، ناتوانن کاروانی ڕێکخستنەوەی کڵێساکە تەواو بکەن.

لە سەردەمی پاتریکی وەلیمی یەکەم (١١٣٠_ ١١٤٥ی زاینی)، هەست دەکەین ڕەوشی ئەسقفییەکان و شارەکانی سەر کەنارەکە لە ساڵی ١١٣٣ی زاینی ساز دەبێتەوە، ئەسقف بلدوین لەناو کڵێسای بەیروت

---

[435] _ Ibid p 67. Richrad, The Political Ecclesiastical p240.

[436] _ Richard p 243.

[437] _ بلدوین یەکەم ئەسقفی سبتایە بووە:
Hamilton p 68.

دەکرێتەوە، ئەسقفێکی لاتینی بۆ سەیدا دادەنێن، عەکاش لە ساڵی ١١٣٥ی زاینی پێشوازی لە یەکەم ئەسقف دەکات، ئەگەرچی شارەکە لە ساڵی ١١٠٤ی زاینییەوە لەلایەن خاچپەرستەکان داگیر کرابوو.[438]

دەکرێ بوترێت، ڕێکخستنی کڵێسای لاتینی لەسەرخۆ و نەرم بووە و پابەندیش بووە، بە پەلامار و سەرکەوتنەکانی مەملەکەتە و فراوانبوونی دەسەڵاتەکەیان، ڕێکخستنەکە بەر لە هەموو شتێک کارێکی سیاسی بووە، نەک سەرپەرشتی و چاودێری.

دە ساڵ بەر لە داگیرکردنەوەی مەملەکەتەکە لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی لە ساڵی ١١٨٧ی زاینی، ڕێکخستنەکان جێگیر و دامەزراو نەبوون، نەدەکرا دوا شێواز بگرنەخۆ. بەترا، سێیەم کڵێسای مەترانی سەر بە ئورشەلیم بوو لە سیستەمی ئەرثوزکسی کۆن، ئامالریک Amalric پاتریکی ئورشەلیم جویرکوسGuerricus کە یەکێک بوو، لە ڕاهیبەکانی خودا دەبێتە ئەسقفی بەترا، هەروەها ڕینالدی کوڕی خوشکی پاتریک فوشیە پاتریکی ئورشەلیم دەکەنە ئەسقفی خەلیل.[439]

ڕێکخستنەوەی کڵێسایی شێوازە کۆتاییەکەی لەسەر چوار ناوچەی نیشتەجێی وەردەگرێت، پاتریکی ئورشەلیم لە سەروویان دەبێت و ئەسقفییەکانی لود و ڕملە و ئەسقفیەتی بیت لەحم و ئەسقفیەتی خەلیلی لەگەڵ دەبێت.

بڵاوبونەوەی زۆری ئەبرەشییەکانی باوەڕدار، بە دروشمە لاتینییەکانی لە سەرانسەری مەملەکەتەکە پشتیوانی پێکهاتەی دوایی کڵێساکە دەکەن. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەبرەشییانە، کڵێسا دەتوانێت کارە چاودێری و

[438] Prawer p 166_

[439] Hamilton ... p 77._

فەرمانەکانی راپەڕێنێت. بەڵام خەڵکە زۆرەکەی خاچپەرستەکان لەناو شوورەی شار و قەڵاتەکان ژیانیان بەسەردەبرد.[440]

سنووری ئەبرەشییەکان وەک سنوورە رەسمی ئەسقفییەکان نەبوو، کە لە شار و گوندەکان بڵاوببونەوە. قەبارەی شار و ژمارەی دانیشتوانی کاریگەری لەسەر پێگەی ئەبرەشیە و بایەخەکانی هەبوو، بەگشتی ئەبرەشی گوندەکان و شوێنە دوورەکان لە ئەبرەشیەکانی شارەکان بایەخیان کەمتربوو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە گوندەکان و ناوچەکان سەرژمێریان کەم بوو، هەروەها لەو ناوچانە هاوشانی لاتینییەکان موسڵمان و کریستیانی خۆرهەڵاتی تێدا دەژیا.[441]

ئەو ئەبرەشییانە بەپێی دروشمە ئاینییەکان لە خزمەتی لاتینییەکان بوو، ئەوەی شایانی باسە، ئەبرەشییەکان تەنها شوێنی خوداپەرستی نەبوو، بەڵکو هەموو جۆرە خزمەت و پێویستییەکانی کریستیانە لاتینییەکانی وەک عیمادکردن و هاوسەرگیری و خزمەتی تریان پێشکەش دەکرد.[442] کڵێسا گەورەکان و کاتدرائیەی شارەکان و ئەبرەشیەی شارۆچکەکان و گوندەکان، وێنەی سیستەمی کڵێسایی لاتینی خۆرئاوایی بوون لەسەر خاکی خۆرهەڵاتا.

لە هەموو قۆناخەکاندا رێکخستنی کڵێسایی بایەخی زۆری بە دروستکردنی کڵێسا داوە، کۆششی کردووە، کڵێسا کۆنەکانیش نۆژەن بکاتەوە. ئەگەرچی لەسەر خاکی مەملەکەتی ئورشەلیم کڵێسا زۆر هەبووە، خاچپەرستەکان بایەخی زۆر دەدەن، بە دروستکردنی زۆرترین کڵێسا، ئەوەش جێگای رامان و سەرسامی بوو، ئەوەش نیشانەی ئەوە

---

Prawer... p 167. _ [440]
Richard... p 243._ [441]
[442] _ Hamilton... p 87

بوو کە ئەورووپا بە ڕەوشێکی ئاینی وشکدا گوزەری کردووە، ئەو جۆشەش لەگەڵ خاچپەرستەکان دەگاتە ناوچەکەش، چونکە هەندێ لە کڵێسا بە چەندین هۆکارەوە ڕووبەڕووی داڕمان و ڕووخان دەبونەوە.[443]

ئاسایی بوو فەرەنگییەکان بایەخی زۆر بە کڵێسای مەزارە پیرۆزەکە بدەن، چونکە گەورەترین و پیرۆزترین کڵێسا بووە لە ئورشەلیم. کە خاچپەرستەکان دەگەنە ناوچەکە، دەبینن بەشی خۆرهەڵاتی کڵێساکە ڕووخاوە، بۆیە دەست دەکەن بە نۆژەنکردنەوەی، بۆیەش دەبێتە کاتدرائیەی پاتریکی لاتینی و ژمارەیەک ڕەهبانی کڵێسایی بۆ دەهێنن. وەلیم سوری دەبێژێت، لاتینییەکان کڵێسایە کۆنەکە گەورە دەکەن.[444] لەگەڵ کڵێسایەک چەند بەشی بۆ زیاد دەکەن و نۆژەنکردنەوەی بەشە سەرەکییە لاکێشەییەکە Routunda دەکەن و دەدرێتە بەشی کۆراڵ. نۆژەنکردنەوەکانیش لەسەر شێوازی ڕۆمانی خۆرئاوایی بووە. نۆژەنکردنەوەکە پەنجا ساڵ دەخایەنێت، لە ڕۆژی ١٥ی مانگی یونیوی ساڵی ١١٤٩ی زاینی لە یادی پەنجا ساڵەی دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی خاچپەرستەکان بۆ سەر ئورشەلیم دەکرێتەوە.[445]

یوحنا وورزبرگ باس لە تەواوبوون و چۆنیەتی سەردان و خزمەتگوزارییەکان و پاسەوانییەکانی کردووە: بریتییە لە بینایەکی بازنەیی بە فیسیفسا نەخشێندراو، لە دەروازەکەی خۆرهەڵاتی ژوورێکی چاوەڕوانی هەیە، خەڵک دەتوانن بە دوو دەرگا بچنە ناو مەزارەکە، لەوێش بێنەوە دەرەوە.

---

[443] _ Smail.. p 124
[444] _ William... p 344
[445] _ Smail... p 130

هەروەها لەو ژوورە پاسەوانەکانی مەزارەکە تێدایە، دەرگایەکی تری بچووکیش دەگاتە بەشی کۆراڵەکە. لە دەرەوەی بیناکە، واتە لە سەرووی مەزارەکە، قوربانییەکە لەسەر چەترێکی چوارگۆشەی سێ دیواری ئاسن بە شێوازێکی جوان دانراوە. قوربانییەکە بەناوی قوربانی پیرۆزەکە دەناسرێت.[446] بنفیستی ئاماژە بەوە دەدات، کە هێڵە گشتییەکانی کڵێساکە تا ئیمڕۆش ماوە.[447]

فەرەنگییەکان لە زۆر لە شارەکان مزگەوتەکان دەکەنە کڵێسا، ئەوەش ئاماژەیەکی روونی دەمارگیرییە. لە شاری ئورشەلیم مزگەوتەکەی قوبەی ئەلسەخرە دەکەنە کڵێسا، لەلای باکووری دێرێک دروست دەکەن و ناوی دەنێت پەرستگای خوداTemplum Domini، خاچپەرستەکان ئیشی بۆ دەکەن شوێنەوارەکانی مزگەوتەکە بگۆڕن و بیشێوێنن.

دەکرێ ئاماژەیەک بە پێناسەکەی ثیودریک بۆ پەیکەرەکە بکەین، هەیکەلەکە لەسەر شێوازی هەشتپاڵۆیی بووە لە بەشەکەی خوارەوە، ئەو بەشەی، تا نیوەکەی بە مەرمەڕی نازدار نەخشینکراوە، لە ناوەڕاستییەوە، تا کەنارەکەی بە کاری فسیفسا رەنگینکراوە، لەناو ئەو کەنارەش و لە چواردەورەی هەیکەلەکە هەمووی بەڕووی خۆرهەڵاتەوە، تا خۆرئاوا لەگەڵ رووی خۆردا نووسینی نەخشینی لەسەرە وەک: (ئاشتی تا ئەبەد بۆ ئەو ماڵە دەبێت، لە باوکە نەمرەکەوە)، بە بەشی دووەمیشی نووسراوە: (مەقدەسی هەیکەلی خودا)، ئیتر بەو جۆرە ثیودریک لەسەر باسی نەخشەکان بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە لایەنی هەشتەمی لەوێ نووسراوە: ماڵی خودا لەسەر کەڤرێکی جێگیر باش دروستکراوە.[448]

---

446 _John of Wurzgurg... p 36.

447 _Benvenisti ... p 68.

448 _ بۆ زۆرتر زانیاری:
Theodrich S Description p 25_ 26.

فەرەنگییەکان چەندین قوربانییەکە دروست دەکەن، دیارە لەبەر هەیکەلەکە چەندین کاری خزمەتگوزاری وەک عیمادکردنیش کراوە. لە حەوشەکەش شوێنی تەعمیدیان کردبوو،[449] لە سەرووی گومبەتی مزگەوتەکە خاچێکی گەورەیان دانابوو، دیارە ئەو زیادکردن و شتە نوێیانە بە فەرمانی سولتان سەلاحەدینی ئەیوبی لەگەڵ هاتنەژوورەوەی موسڵمانەکان لادراون.[450]

لەناو ئورشەلیم چەندین کڵێسای دروستکرا، لەوانە کڵێسای قەدیسە مریەمی لاتینی لە ساڵی ١١٠٣ی زاینی، کڵێسای قەدیسە مریەمی مەزن لە ساڵی ١١٤٠ی زاینی، هەمان ساڵیش کڵێسای قەدیسە ئان بە یارمەتی بنەماڵەی پاشایەتی دروستکراوە، ئیڤیتی کیژی بلدونی دووەم و خوشکی شاژن ملیسندMelisende ژنە راهیبەیەک بووە لە راهیبەکانی دێرە پیرۆزەکە تا ساڵی ١١٤٤ی زاینی.[451]

دروستکردن و ئاوەدانییەکانی بێ وەستان و بەردەوام لە دەرەوەی ئورشەلیم هەبووە، لەوێ و لە شارەکانی سەر بە مەملەکەتەکە، لە شاری بیت لەحم، خاچپەرستەکان دەست دەکەن بە دروستکردنی دێرێک بەپێی سیستەمی ئوگستینی و ئاستی پلەی کڵێساکەی بیت لەحم، بۆ ئاستی کاتدرائیە بەرز دەکەنەوە. ئاساییە لەو کارانە ئاستی جوانکاری و نەخشەکان، بە شێوازی فیسفیسا هێشتا بە دیوارەکانی حەوشەی کڵێساکە و بەشەکانی ساڵی ١١٦٠ی زاینی ماوە.[452] کارەکان

---

449 _Benvenisti ... p 70.

450 _ العماد الاصفهانی: الفتح القسی فی الفتح القدسی (٥١٩_ ٥٩٧م) تحقیق و شرح و تقدیم: محمد محمود صبیح، القاهرة ١٩٦٥م، ل ٣٧.

451 _Conderm The Latin Kingdom , p 187. Benvenisit, p 71.

452 _Benvenisiti. P 160.

کاردانەوەی هونەری بیزنتییان لەسەر بووە، ئەوەش لە ساڵی ١١٦٠ی زاینی بووە.[453]

لەڕاستییدا، سیاسەتی خاچپەرستەکان لە بواری گۆڕینی مزگەوتەکان بەردەوام بووە، لە شاری خەلیل شاری پێغمبەرەکان، خاچپەرستەکان پاس داگیرکردنی ئورشەلیم، مزگەوتەکەی ئیبراهیمی دەکەنە کڵێسا.[454]

لەگەڵ ئەوەی ئەسبتارییەکان ژمارەیەکی زۆری کڵێسا لە شاری نابلس دروست دەکەن، مزگەوتی نەسر دەخەنە پاڵ مەزارە پیرۆزەکە. لەو کڵێسانەی لەوێ دروستکرابوون، کڵێسای ژانەکان و هەڵسانەوە The passiom and Resurrection بوو، ئەوە لە ساڵی ١١٦٨ی زاینی دروستکراوە، بە رەزامەندی مەلیک عموری لەلایەن رەهبانی مەزارە پیرۆزە دروستکراوە. هەروەها فەرەنگییەکان دەست دەکەن بە نۆژەنکردنەوەی کڵێسای بیزنتییە کۆنەکە، چەند لایەنێکی نوێیشی بۆ زیاد دەکەن.[455]

لە شاری ناسرە خاچپەرستەکان، پاش ئەوەی کڵێساکە بۆ سەرۆکایەتی ئەسقفیەت بەرزدەکرێتەوە، لە ساڵی ١١٢٨ی زاینی دووبارە کڵێساکەی بشارە نۆژەندەکەنەوە، دیارە نۆژەنکردنەوەکەش بۆ مەبەستی ئەوە بووە کڵێساکە بگاتە ئاستە مێژوویی و رێکخستنەکەی. هەروەها

---

[453] _Smail. P 124.

[454] _ خاچپەرستەکان لە ساڵی ١٠٩٩ی زاینی شاری خەلیل داگیر دەکەن، جیر هارداقین دەبێتە حاکمی شارەکە و حەرەمەکە دەروخێنێت و لەسەر کەلاوەکەی قەڵات و دێر و کڵێسایەکی بچووک لەسەر شێوازی قوتی دروست دەکات، هێشتا پاشماوەی بازیلیکا کڵێساکە و گومبەتە بەرزەکەی لەناو سەحنەکە ماوە، کە مەزاری گۆڕی ئیسحاق و ژنەکەیەتی. بەڵام بینا و پاشماوەکانی حەرەمەکە ماوە و دەستیان لێ نەدراوە. سەیری: احمد رمضان احمد: بیت المقدس و الخلیل... ل ٦٧ بکە.

[455] _Benvenisti... p 165.

خاچپەرستەکان کڵێسای لود نۆژەندەکەنەوە، چونکە پێشتر رووخابوو، لەگەڵ نوێکردنەوەکەی دێرێکی بۆ زیاد دەکەن.[456]

له سەرانسەری مەملەکەتەکە کڵێسای زۆر دروست دەکەن، بۆ زۆریان ژیانی تێدا دەگێڕنەوە، ئەگەر دوو کڵێسا نەبێت زۆر هاوشێوە بن، بەڵام خاچپەرستەکان له نۆژەنکردنەوەیان کۆشش دەکەن چەند دیمەنی هاوشێوەیان پێ ببەخشن.

کڵێسای خاچپەرستەکان لەناوەوە، لەسەر شێوازی مەلەکی بازیلکی Basilican دروست دەکەن، تێدا سەحەنە سەرەکییەکەی، له دوولاوە بە بەشە کڵێساییەکە دەبەستنەوە. بەڵام ئەو شێوەیە له هەردوو کڵێساکە ئورشەلیم و بیت لەحم جێبەجێ نەکراوە، ئەگەرچی کڵێساکەی بیت لەحم لەسەر شێوازی بازیلکی بووە، هەردوو بەشەکەی لەسەر هەردوولای سەحەنی کڵێساکە بوو.[457]

کاتدرائییەکان بەختیارتر بوون، له خۆراگری و ماندا، بۆیەش لەبەر پتەوی بیناکان تا ئێستاش ماونەتەوە، بەڵام کڵێسا بچووک و ئەبرەشییەکان بەرگەیان نەگرتووە و رماون و لەناوچوون، سمایل Smail لیستێکی بۆ ئامادە کردووین لەسەر چارەنووسی کاتدارئیەکان، ئەوانەی بەرگەیان گرتووە و ماون، لەوانە جبیل و مەزارە پیرۆزەکە یەکێک لەو کڵێسایانە بوون.[458]

فەرەنگییەکان رۆڵیان لەسەر نەخشاندن و نیگارەکانی کڵێساکان هەبووە، چەندین تابلۆی گەچکاری و فسیفیسایان داناوە، بایەخیان بە پەیکەری قەوارە ئاسایی بۆ مەسیح و قەدیسەکان داناوە، نووسینی

---

456 _ Daniel, Pilgrimage of the Ryssian Abbot Daniel p 71.

457 _ Smail... p 132.

458 _ Smail... p136.

ئەنجیلیان نەخشاندووە،[459] دیارە فەرەنگییەکان بە هونەری بیزنتییەکان سەرسام بوون، یان رەنگە بۆ ئەو جوانکارییانە پشتیان بە هونەرمەندەکانی بیزنتی بەستووە.[460]

دیارە و ئاساییە لە پشت رێکخستنەکانی کڵێسایی و بزاڤەکانی دروستکردن و نوێکردنەوە و نۆژەنکردنەوەکانی ناو سنووری مەملەکەتی لاتینی سەرچاوەیەکی دارایی هەبووە، پێویست بووە زۆرتر لە یەک سەرچاوە بۆ پەیداکردنی پارەی پێویست دابینکراوە.

سەرەتای چارەسەرکردنی کێشەکان بەوە بووە، موڵکایەتی ناوچەکانیان داوە بە ئەسقفییەکان، وەک چۆن لە ئەسقفیەتی لود کرابوو، کە ئەسقف رۆبرت روینیRobert of Rouen لەساڵی ١٠٩٩ی زاینی دەکەنە ئەسقفی ئەو ناوچەیە، هەردوو شاری لود و رملە و ناوچەکانی چواردەورەیان بەناو دەکەن.[461] سەرچاوەی دووەمیش بۆ تەواوکردنی کارەکان، گواستنەوەی موڵکە وەقفەکانی ئەرثوزکسییەکان بووە بۆ ئەسقفیەی لاتینییەکانی، کە لەسەر شوێنی ئەوان دروست دەکران.

بەڵام ئەو کردەیە، جێبەجێکردنی ئاسان نەبوو، دەبوایە دروست و باش بزانن موڵکە وەقفەکان لە کوێیە و دەستنیشانیان بکەن. لە شاری ئورشەلیم مەسەلەکە ئاسان نەبوو، پاتریکە ئەرثوزکسییەکە و رەهبانە هاورێیەکانی، هەشت ساڵ بوو لەوێ باریان کردبوو و نەمابوون، ئەویش بەر لە داگیرکردنی شارەکە لەلایەن خاچپەرستەکان. لەو ئەسقفیانەی دوایی دروستکران، مەسەلەکان بۆ لاتینییەکان ئاسان نەبوو. بۆیەش لەو

[459] _ لەسەر کڵێساکانی ئورشەلیم سەیری:
Johans Phocas, A Brief Description, p 17_35.
[460] _ Conder... p 137.
[461] _ Hamilton ... p 137.

ڕەوشەدا، دەبوایە شازادەکانی فەرەنگ موڵکی تریان بۆ وەقف بکەن، لەوانە وەک نمونە ئەسقفییەکەی بیت لەحم، پاشا بلدوینی یەکەم چەند موڵکیان لەنزیک خۆیان و لە شاری عەکا و عەسقەلان پێ دەبەخشێت.[462]

دیارییەکانی پێشکەشی کڵێسا دەکران، باشترین سەرچاوەی دارایی بوون، چونکە زۆر لە کڵێسا و دێرەکان ناوی زۆریان هەبووە، بەشی خەڵات و دیارییەکانیان لەوانی تر زۆرتر بوو. لەو بارەیەوە کڵێسای مەزارە موقەدەسەکە، گرنگترین و دەوڵەمەندترین کڵێسا بووە، لەسەر خاک و لەناو سنووری مەملەکەتەکە و هەموو ئەمارەتی خاچپەرستەکانی تریش، نەک لەوێ لە سەرانسەری هەموو ئەوروپای خۆرئاواش.[463]

ئەگەر بیت لەحم و مەزارە پیرۆزەکە، بەشی شێریان لە دیارییەکاندا هەبووبێت، بەڵام کاتدرائییەکانی تر لە دەرەوەی سنوور ئەسقفییەکانی هیچی تری زیادیان نەبووە. ناسرە، ئەویش یەکێکە لە مەزارە پیرۆز و گرنگەکان تەنها چەند ئاواییەکی کەمی خۆرهەڵاتی جەلیلیان هەبووە، ئەوەش بۆ کاتدرائییەکانی تریش وابوو، بێجگە لە ئەسقفییەکانی خۆیان موڵکی تریان نەبوو.[464]

کڵێسای سوور، لەوێ چەند موڵکێکیان هەبوو، کڵێساکانی تریش وەک دیاری چەند ئاواییەکیان لە دەرەوەی کڵێساکەیان وەرگرتبوو. پرسە و خەمی کڵێسای لاتینی لە مەملەکەتی ئورشەلیم لەدەستدانی شاری ئورشەلیم نییە، ئەوەندەی لەدەستدانی دیارییەکان کە لە عەکا و ناوچە نوێیەکانی لە قوبرس و تا پۆڵۆنیاش دەستیان دەکەوت.

---

[462] _ Ibid p 138_140.

[463] _ Conder ... p 199. Smail ... p 131.

[464] _ Conder ... p 194.

هەر چۆنێک بوبێت، دیارییەکان بە شێوەیەکی گشتی زۆر بوون، بێجگە لە زەویوزار، شتی تریش بوو، وەک زەیتون و مەشروب و روون و چرا و فانووس، ئەوانە و میراتی خەڵکە مردووەکان کە وەسیەتیان دەکرد بدرێنە کڵێساکان، وەک قەرەبوویێک لە بەرامبەر نوێژ و نزاکان.[465]

یەکێک لە نیشانە و مەرجەکانی حەجیش پێشکەشکردنی دیاریی بوو، ئەوەش سەرچاوەیەکی باش بوو بۆ کڵێساکە، سەرچاوەیەکی دارایی باشیش بوو بۆ مەملەکەتەکەش، سالآنە لە خۆرئاوا و خۆرهەلآتەوە بۆ بەشداریکردن لە جەژن و ئاهەنگە ئاینییەکان دەهاتنە ئورشەلیم و پارەیەکی زۆریان بۆ ئەو کاروانە تەرخان دەکرد، ئەوەش دەبووە سەرمایەکی باش بۆ مەملەکەتەکە و داراییەکەی.[466]

ئەگەر سەلاوات و نزا و دوعا و تەقواکان هاندەری دیاری و قوربانی و خەلآتەکانی کڵێساکان بوون، سەبارەت بە دیارییەکان دیارە کە گەندەڵی و بەدرفتاری هەندێک لە پیاوانی کڵێسای تێدەکەوێت. وەک چۆن بڕیاری لەسەر درابوو، دەبوایە داهاتەکانی هەموو کڵێسایەک لەنێوان ئەسقف و ئەندامانی کڵێساکە دابەشبکرێت، بەڵام لەو رووەوە هەندێ دەستدرێژیی و گەندەڵی تێدا دەکرێت، لە پایزی ساڵی ١١٠١ی زاینی پاتریک دایمبرت دیاری لە رۆجری ئەمیری ئەبولیا کە بریتی بووە لە هەزار بیزنت وەردەگرێت، بە مەرجێک پارەکە بکرێتە سێ بەش، بەشێکیان بۆ گۆڕە پیرۆزەکە تەرخان بکرێت، بەشێکی بۆ نەخۆشخانەکە و بەشی سێیەمی بۆ پاشا بێت، تا یەکە سەربازییەکانی پێ ساز و مەشق بکات، بەڵام دایمبرت

465 _Ibid p 169.
466 _Smail... p 125. Pawer... p 167.

هەموو پارەکە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، بەوەش غەدرێک لە خێرکەرەکە دەکرێت و بەناڕەوا پارەکە سەرف دەکرێت.[467]

ئەو رەوشتە ناشیرینە، کاردانەوەیەکی خراپی لەلایەن هاولاّتییانەوە بۆ بەرپرسەکان دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئارنولف زۆرتر بایەخی بە ژیانی تایبەتی و خێزانەکەی دەدا، پارەکانی کلّێسای لەو مەرامە سەرف دەکرد، بۆیە ناو و کەسایەتی سەنگینی جارانی نامینێت. ئیمای Emma کیژە خوشکەکەی دەداتە لۆردی قیساریە و سەیدا یوستاک جارنیر، لەو زەماوەندا شاری ئەریحا کە موڵکی کلّێسای ئورشەلیم بوو، دەکاتە دیاری بووکەکە.[468]

قسە و هەواڵی زۆر لەسەر گەندڵییەکانی کلّێسا بۆ سوودوەرگرتن لە دیاری و سامانەکانی دەگێڕنەوە، ئەوەش وێنایەکی شەرمەزاری تژییە لە مەستی و گەندەڵییە و داروخان و کاری ریسوایی.[469]

بێجگە لەو سەرچاوە داراییانەی کلّێسا، سەرچاوەی تریشی هەبوو، ئەویش باجی دەیەیە.[470] باجی دەیە بڕێک پارەیە لەسەر هەموو داهاتێک لە هاولاّتیان وەردەگیرا، ئەوەش لەسەر بازرگان و پیشەوەر و ئەوانەی دەسکەوتی تایبەتیان لە چالاکییەکان دەست دەکەوێت. سەرچاوەی سەرەکی و بەردەوامی باجی دەیە لە داهاتە کشتوکاڵییەکان بووە، خاوەنی موڵکەکە بەرپرس بووە لەوەی پارەکە بدات، ئەوەش لە کریستیانە

467_ رنسيمان: تاريخ الحروب الصليبية، ج ٢، ض ١٣٤.

468_ Hamilton.. p 63.

469_ Conder ... p 191.

470_ شارلمانی یەکەم باجی دەیە بۆ کلّێسا دەکاتە ئیجباری. سەیری: آسحق عبيد، الامبراطورية الرومانية... ل ٢٣١بکە.

لاتینییەکان وەردەگیرا، باجەکەیان لە کریستیانە خۆرهەڵاتییەکانیان وەرنەگرتووە، چونکە ئەو جۆرە باجە لە ناوچەکانیان نەبووە.[471]

کڵێسای لاتینی لە ئورشەلیم لەسەر ئەو باجە چەندین کێشە و گرفتی رووبەڕوو دەبێتەوە، یەکێک لە کێشەکان ئەوە بوو، ئەسقف باجی دەیە لەو موڵکانە وەرناگرێت، کە موڵکی کڵێسان، لە دەرەوەی ناوچەی ئەسقفیەکەیەتی، کە شاژن میلسند رازی دەبێت، بە گۆڕینەوە موڵکەکانی پاتریک و رەهبانەکانی مەزارە پیرۆزەکەی ناوچەی کفر تقوع Thecua بە موڵکەکانی بیثانی Bethan، ئەوان ناچار دەبن باجی دەیە لەسەر ئەرزەکانی بیثانی بدەنە ئەسقفیەتی بیت لەحم، کە لەودەمانە باجی دەیەی لە بڕی موڵکەکانی کفر تقوع نەدەدا.[472]

کڵێسا باجی دەیە لە هەندێ لە گرووپ و لایەنە ئاینییەکانی ناوچەکانی ئورشەلیم وەرنەدەگرت. برنارد ئەسقفی ناسرە لە ساڵی ١١٢٥ی زاینی  هەمان شت دەکات، چەند دەسکەوتی هاوشێوەی ئەسقفییەکەی خۆیان دەداتە ئەسبتارییەکان. هەروەها هەندێک لە دێرەکان لە چەند باجێک و بە شێوەیەکی سنووردار وەرناگرێت.[473]

ئەگەرچی باجی دەیە لە پێکهاتەی کڵێسای لاتینی زۆر گرنگ و پیرۆزیش بوو، بەڵام کڵێسا بۆ پشتیوانی هەندێ لە لایەن و گرووپی ئاینی لەسەر خاکی مەملەکەتەکەی لەو باجە دەبوورێت، چاوپۆشی سنووردariyan لێ دەکات، باشترین نمونەیەش ئەوەیە کە دەستە و لایەنێکی ئاینی ویستوویانە لەسەر زەوی خۆیان کڵێسایەک دروست بکەن، پارەکەش بەخۆیان بدەن، باجی دەیەیان بۆ زیندووکردنەتەوە، پێیان راگەیاندون ئایا

---

471 _ عومەر کەمال توفیق نووسیویەتی کە باجی دقیە، لەلایەن پاشاوە لە ئورشەلیم دانراوە. سەیری: عمر كمال توفقي: مملكة بيت المقدس، ل ٩٧ بکە.

472 _ Hamilton p 147.

473 _ Ibid p147.

باجەکە دەدەن بە ئەسقف، یان بە کڵێسا نوێیەکەی خۆتان، زۆرجار بژارەکەیان بۆ کڵێسای خۆیان بووە.[474]

کڵێساکەی مەملەکەتی ئورشەلیم، کە دەوڵەمەندترین خاوەن زەویوازی ناو خاکە پیرۆزە بووە، دەیتوانی کێ مەبەستیەتی لە پارە و باجەکان لێبووردنی بۆ دەربکات.[475]

لەگەڵ زۆری دەسکەوت و ئیمتیازە زۆرەکانی کڵێسا، مانای ئەوە نەبوو موڵکەکانی بە تەواوی بەرامبەر دەوڵەت چاوی لێ پۆشراوە و باجی نەداوە، چونکە مەملەکەتەکە، هەر چواردەورەی بە دوژمن گیرابوو، بەردەوامیش هەڕەشەی شەڕی گەورەی لەسەر بووە و جەنگەکانی بەردەوام بووە. براور بە سوود وەرگرتن لە کتێبەکانی کۆتایی سەدەی دوازدە، لیستی ناوی ئەو کەسانەی بڵاوکردیتەوە، کە کڵێسا بۆ خزمەتی تاجەی پاشایەتی تەرخانی کردوون.[476]

کڵێسا بەدروستی بەشداری شەڕەکانی مەملەکەتەکەی کردووە، ئەویش سەربازی یەدەگی بۆ خزمەتکردن لەکاتی پێویست سازکردووە، بەڵام لەبەر مەسرەفی زۆری سوارەکان، ئەوانەی بۆ ئەو نەبەردییە دانەناوە. پاتریک و رەهبانەکانی کڵێسایی لە کڵێسای قیامەت، دەبوایە پێنج سەد سەرباز و ئەسقفیەتی بیت لەحم دوو سەد سەرباز و سەرۆکی ئەسقفەکانی سوور سەد و پەنجا سەرباز بۆ مەملەکەتەکەیان ئامادە بکەن، هەروەها هەندێ لە دێرەکانیش، وەک دێری قەدیسە ماری یوشیفات و دێری چیای سەهیون، ئەوانیش سەربازیان بۆ ئامادە کردووە.[477]

---

[474] _ hamilton... p 147.

[475] _ ارنست باركر: الحروب... ل ٨١.

[476] _ Prawer p 163.

[477] _ رنسيمان: تاريخ الحروب ... ج١، ل ٤٩٨.

ئەگەرچی مەسرەفی سازییەکانی سوارەکان زۆریش بوو، مانای ئەوە نییە کڵێساکان ئەوانیان بۆ خزمەتی مەملەکەتەکە تەرخان و ساز نەکردووە، هەردوو کڵێسای (لود و رەملە) و ناسرە ئەو خزمەتەیان کردووە، ئەسقفیەتی لود و رەملە، کڵێسا دەبوایە دە سوار بۆ خزمەتی تاج ئامادە بکات، هەروەها ئەسقفیەتی ناسرەش ناچار بووە، شەش سوار بۆ مەلیک تەرخان بکات، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەردوو ئەسقفییەکە خەسڵەت و دەسکەوتی تایبەتییان هەبووە، هەردووکیان وەک زووتر ئاماژەمان پێی داوە موڵک و دەرەبەگایەتییان هەبووە.[478]

بەشدارییەکانی کڵێسا لە شەڕەکانی مەملەکەتەکە لەوە نەوەستاوە، پاتریکەکان، خۆیان راستەوخۆ لە شەڕەکان بەشداربوون و چالاکانە رۆڵیان گێڕاوە، لە ئوردوگا و گەمارۆدانەکانا هاوشانی سوپاکە دەبوون، هەندێکیان نەبەردی گەورەشیان لە مەیدانەکانا نواندووە، بەشداری هەندێکیان وەک ناویش کاردانەوەی زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ورە و ئاستی کوشتاری جەنگاوەرەکان هەبووە.

مێژوونووسێکی نەناسراو بۆی نووسیوین، کە پاتریکەکان لە سازییەکانی شەڕەکان، لە ئامادەکردنی سەربازەکان و ناردنیان بۆ مەیدانەکانی پێش شەڕەکەی عەسقەلان و ئەوەی لە رۆژی ١٢ی مانگی ئوگستی ساڵی ١٠٩٩ی زاینی قەوماوە دەڵێت: کە ئێوارە دادێت، پاتریک بانگی هەموویان دەکات و پێیان دەڵێت زۆر پێویستە بۆ شەڕەکانی بەیانی باش ئامادە بن، هەروەها بڕیاری بێبەشبوون دەردەکات بۆ ئەو کەسانەی بیر لەوە دەکەنەوە تالآن و دەسکەوتەکان پێش کۆتایی شەڕەکان کۆبکەنەوە.[479]

---

[478] Hamilton... p 136._

[479] Anonymous ... p 94_95._

پیاوانی ئاینی، لە کۆبونەوەکانی دانوستانی کاروباری شەرەکان و لە شەرەکانیش بەشدار دەبوون، یەکێک لە ئامادەبووانی ناو کۆبونەوەکان دەگێڕێتەوە: پاتریک و ئەسقفەکان و هەندێک لە سەرکردەکانی لەسەر کەناری رووبارەکەی نزیک عەسقەلان کۆدبنەوە، لەوێ ژمارەیەک ئاژەڵ و گا و گۆلک و حوشتر و مەڕ و بزن و تالانی ترمان دەستکەوت.[480]

کڵێسا هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە لە ئورشەلیم، بۆ بەردەوامی و سەرکەوتنی شەڕەکان سوار و شەڕکەری ئامادە کردووە، بەڵام لە سەردەمی دایمبرت، هەندێ لادان و لاسارییش کراون. بلدوینی یەکەم مەلیکی ئەودەمانە، بە ئاماژەیەک داوای هەندێک لە دەسکەوت و دیاری ئیماندارەکان دەکات، بۆ بەخێوکردنی سوارەکان و دانان و مەشقکردنی چەند تیمی سەربازی تر، لە شەڕەکەی دژ بە سوپای میسر لە یولیوی ساڵی ١١٠١ی زاینی، لەگەڵ پێویستی زۆری مەلیک بۆ پارە، پاتریک تەنها دوو مارکی زیوی پێ بەخشیبوو، سوێندیشی خواردبوو ئەوان لەناو گەنجینەکانیان تەنها ئەوەندە پارەیە هەیە و بەس.[481]

دیارە کە سوێندەکە راست نەبووە، چونکە خزمەتکارەکانی دایمبرت پاش رۆیشتنی ئەو بۆ ئانتاکیا، گەنجینەیەک دەردەهێنن، بیست هەزار بیزنتی زێڕی تێدا بووە. کە پارەکە لەبەر دەست مەلیک دادەنێن، ئەویش لەناو سەربازەکانی بەشیان دەکات، هانیان دەدات تا بتوانن هێرشە نوێیەکان دژ بە فاتیمییەکان بکەن.[482]

دەکرێ ئاماژە بەوە بدرێت: ئەو پاتریکەی پشتیوانی بلدوینی یەکەمی نەکردووە، کە دەیتوانی یارمەتییەکەی بدات، ئەوەی کردووە چونکە لەگەڵ

---

480 _ لێرە مەبەست لە باتریک ئورنولفە لە ماوەی یەکەم باتریکییدا.

481 _Grousset... p 290.

482 _Ibid, p 292.

مەلیک ناکۆکییان هەبووە، بۆیە سوێندی بەدرۆی بۆ خواردووە کە پارەی نییە بۆ یارمەتیدانی سوپاکەی. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەو بەشداری ئەمیری ئانتاکیا و پاتریکەکەی برنارد ڤالنسی کردووە، لە شەڕەکانی حەرانی ساڵی ١١٠٤ی زاینی، یارمەتی سەرۆک ئەسقفەکانی ئەلرها بندکتی داوە،[483] ئەوەش پەیوەندی بە دۆستایەتی گەرمی نێوانیاندا هەبووە، کە لە ئورشەلیم دەرچووە لەلای خۆی ئەمیرەکەی ئانتاکیا پاراستوە و رایگرتووە.

پاتریکەکان جۆشی شەڕکەر و سەربازەکانیان گەرم کردووە، بەردەوام بۆ ئەو مەبەستە سەردانی سەربازەکانیان کردووە. پاتریکەکان بۆ بەڕێکردنی سەربازەکان بۆ مەیدانەکانی جەنگ، دەست بەخاچەوە لەناویان ئامادە بووە، وێنەیەک ماوە کە پاتریک ئایڤرمار لەکاتی بەڕێکردنی بلدوین بۆ شەڕەکەی دژ بە سوپای میسری لەناویان وەستاوە: پاتریکەکە عەباکەی خۆی لەبەرە و بە هەردوو دەستی خاچەکەی گرتووە، چونکە ئەو لەو بۆنانە، بەردەوام خاچی بەدەستەوە بووە، ناوی سەربازەکانی بە کردەوەکانی مەسیح ناو بردووە، داوای لێ کردوون ئازایانە بەناوی ئەو شەڕەکان بکەن، بۆیەش سەربازەکان بەجۆشەوە بەرەو سەنگەرەکانی شەڕ رۆیشتوون.[484]

پاتریکەکان لە شەڕەکانا، بە پێش سەربازەکان دەکەوتن، پاتریک جبلین ئەگەرچی بەتەمەنیش بوو، دژ بە مودودی ئەتابکی موسڵ بەشداری هەڵمەتەکەی کردووە، لە ساڵی ١١١٠ی زاینی لەگەڵ تیمێکی پاشایەتی بەشدار بووە و لەپێشەوە دەست بە خاچەوە رۆیشتەوە.[485]

---

483 _ Fulcher p 166. William p 450.

484 _ ئەو شەڕە لە کۆتایی مانگی ئوگستی ساڵی ١١٠٥ی زاینی لەنێوان بلدوینی یەکەم و سوپای میسری بووە لە عسقلان.

485 _ Hamilton ... p 61.

پاتریک جرمود لە هەموویان زۆرتر لە شەڕەکانا ئەزموون و شارەزایی هەبووە، کەس بڕوای نەدەکرد، پیاوێکی ئاینی وەک ئەو، ئەوەندە لە بەرەکانی شەڕ و جۆرەکانی شارەزا و بەتوانا بێت. ئەو لەگەڵ مەلیک بەشداری هەڵمەتەکەی بۆ سەر دیمەشق لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتییەکەی بەشداری کردووە.[486]

لەبەر کردەوە و چالاکییەکانی لە سوور، جرموند رۆڵی بینیووە لە گەورەبوون و فراوانی سنووری مەملەکەتی لاتینی، پاتریک و بەگزادەکانی مەملەکەتەکە، لەگەڵ هاولاتیانی ڤینیسیا هەڵمەتەکەی سەر سوور و گەمارۆدانەکەی سازدەکەن. بۆیەش پاتریک و هەموو باوەڕدارەکانی لە گەمارۆدانی سەر سوور لە رۆژی ١٦ی مانگی فبرایەری ساڵی ١١٢٤ی زاینی بەشداری دەکات، لەودەمانە بلدوینی دووەمی مەلیک دیل کرابوو.[487]

گەمارۆکەی سەر شاری سوور درێژەی دەکێشێت، ئیبنی میسر وتوویەتی کە فەرەنگەکان، پاش ئەوەی گەمارۆی شاری سوور دەدەن دەیگرن، مەئمون بۆ یارمەتیدانیان کەمتەرخەم بوو، بەڵام زوهیرەدینی تەگتکینی خاوەنی دیمەشق بەهانیان دێت، دەگاتە بانیاس و نامە بۆ فەرەنگەکان دەنووسێت بۆ رێکەوتن و تەسلیمبوونی شارەکە بێ شەر و بەئارامی.[488]

---

[486] _ Hamilton ... p 65.

[487] _ حاجییەکی نەناسراو وتویەتی باتریک رۆلی زۆر بووە، لە گەمارۆدانی شاری سوور، ڤینیسیاییەکان لە دەریا و وشکایی یارمەتییانداوە، بەوەش شارەکە دەگرێت و مەملەکەتی داود فراوان دەکات. ئەوەی جێگای ئاماژەیە پاشا بلدوین لە سپتەمبەری ساڵی ١١٢٣ی زاینی تا کۆتاییەکانی یونیوی ساڵی ١١٢٤ی زاینی، لەبن دەستی بلک ئەمیری خرتبرت و حران گیرابوو. سعید عاشور: الحركة... ج١ ل ٥٠٩.

[488] _ ابن میسر: اخبار مصر، ج٢، تصحیح هنری ماسیة، المعهد العلمی الفرنسی، القاهرة ١٩١٩م، ل ٦٤.

چالاکییە جەنگییەکانی جرموند زۆر بوون، بەشداری شەڕێک دەکات بۆ گرتنی قەلاٌتێک کە لەلایەن ژمارەیەک لە چەتە و ڕێگر تێدا یاخیببوون لە ناوچەی سەیدا، قەلاٌتەکە ناوی بلتسام Bethasem بوو، لەوەیان دوا بەشداری ئەو دەبێت، لەوێ نەخۆشییەکی کوشندە دەگرێت.[489]

هەروەها وەلیم پاتریکی ئورشەلیم بەشداری گەمارۆدانی بانیاس دەکات، لەوێ ئەو پەرۆشی ئەوە بووە، ئەرکە خزمەتگوزارییەکانی بەدروستی لەکاتی شەڕەکانیش جێبەجێ بکات: خیوەتێکی گەورە هەڵدەدات و دەیکاتە کڵێسایەک و نزاکانی ئاینی لەلایەن شماسەوە تێدا دەکرد، ناو خیوەتەکەشی بە گیا و کا داپۆشیبوو.[490]

دیارە کە پاتریکەکان ناچاربوون خاچە پیرۆزەکانیان هەڵبگرن، چونکە لە شەڕەکاندا وەک زەخیرەیەکی پیرۆز سەیری کراوە. ئەو کارەش نەدەکرا و نەدەبوو پیاوانی ئاینی پلەی نزم ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، ئەگەر پاتریک لەوێ نەبوایە، دەکرا ئەسقفێک ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات، ئیڤرمار ئەوەی کردبوو، لەودەمانە ئەو سەرۆکی ئەسقفەکانی قیساریە بووە، دیارە بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەربازەکانی خاچە راستەقینەییەکەی وەک چۆن ئەو بڕوای پێ کردووە لە شەڕەکەی تل دانیت Tell Danith لە ساڵی ١١١٩ی زاینی بەرزکردوتەوە.[491]

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا، هەردوو پاتریک ئامالریک و هەرقل ئەو کارەیان نەکردووە.[492]

هەندێ لە پیاوانی ئاینی، بەفیعلی لە شەڕەکان بەشداریان کردووە، ئەگەرچی یاساکانی کڵێسا لە خۆرئاوا شەڕکردنی رەهبان و ئەسقفەکانی

---

489 _ William ... p 39.

490 _ اسامة بن منقذ: كتاب الاعتبار، فليب حتي، برنستون ١٩٣٠م، ل ٨٦.

491 _ J. Richard... p102.

492 _ Hamilton p 126 .

قەدەغەکردووە، بەبیانووی ئەوەی ناکرێ دەستیان لە خوێن رشتندا هەبێت، ئەوەش لەلایەن هاملتۆنە جێگای دانوستان و جەدەل بووە. دەبینین ئەسقفەکان بەشداری شەڕەکان دەبوون، هاوشانی سوپاکانیش دەبوون، کە شەڕەکە پێویستی بە بوون و ئامادەیی ئەوان نەکردووە، وەک چۆن بلدوین ئەسقفی قیساریە کردویەتی. جیرارد سەرکردایەتی تابورێکی لە شەڕی رەملە لە ساڵی ١١٠١ی زاینی کردووە.[493]

پیاوانی ئاینی لەسەر هەموو ئاست و پلەکانیان، بایەخیان بە شەڕەکانی مەملەکەتەکەیان داوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کڵێسا بایەخی بە لایەنێکی ژیانی هاوڵاتیانی مەملەکەتی لاتینی داوە، بەتایبەتی وەک ئەرکێک لە ئەرکەکانی کڵێسای لاتینی لە مەملەکەتەکە، کڵێسا ئەوەی لەبیر بووە کە خاچپەرستی یەکێک بووە، لە چالاکییەکانی خۆیان.

لەگەڵ بایەخدانی زۆری کڵێسا بە لایەنە جەنگییەکان، لایەنە رۆحییەکان وەک ئەرک و فەرمانی دروستی خۆیان لەبیرناکەن. کڵێسا شان بەشانی خوداپەرستییەکەیان، بایەخ بە کاروباری حاجییەکان دەدەن. کڵێساکانی مەملەکەتەکە مەزاری پیرۆزی حاجییەکان بووە، زۆر لە حاجییەکانی خۆرئاوای ئەوروپا، ئارەزوویان کردووە زیارەتی بکەن و نوێژی تێدا بکەن، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی مەسیح تێدا لەدایکبووە و ژانەکانی تێدا بەسەربردووە. ئیمان و دینداری هاوڵاتیانی خۆرئاوای ئەوروپا، کاردانەوەی زۆری هەبووە لە زۆربوونی حاجییەکان بەرەو ئورشەلیم.

دیاردەی حەجکردنەکە، تەنها لەلایەن هاوڵاتیانی خۆرئاوای ئەوروپا نەدەکرا، مەملەکەتەکە پێشوازی لە حاجییەکانی خۆرهەڵاتیشی کردووە، ئەرشیفەکانیان تۆماری حەج و ئەزموون و شوێنە پیرۆزەکانی تێدایە،

---

[493] Hamilton ... p 130._

گەشتەکەی ئەسقف دانییل Daniel، یەکێکە لە حاجییە رووسەکان لەنێوان سالآنی (١١٠٦_ ١١٠٧ی زاینی) هاتووتە حەج و باسی شوێنە پیرۆزەکانی کردووە، باسی کەسایەتییەکانی کردووە، ئەوانەش رۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی مەملەکەتەکە.[494]

مەملەکەتەکە، بایەخی بەوە داوە شوێن و ئارامگە بۆ حاجییەکان دابین بکات، کڵێساش ئەو هەڵوێستەی پیرۆز کردووە. چونکە رێگاکەی نێوان بەنداوی یافا، تا ئورشەلیم و لەناو دەشتاییەکانی رەملە ترسناک بووە، بۆیە بەردەوام کاروانی پاراستنی رێگا و هەوارەکان کاریان کردووە.[495]

دیارە بایەخدان بە پاراستن و ئارامی حەجییەکان کاری هەر پیرۆزی کڵێسا بووە، لەسەر ئاستە هەرە بەرزەکانی رێکخستنی کڵێسایی بەشداربوون، کڵێسا و هاولآتیانی ئورشەلیم، بەیەکەوە ببوون بە قەلآیەکی پۆلاینی پتەو، بۆ پاراستنی سەلامەتی حاجییەکانی بە ناوچەی لود و ناوچەی بیت نوبادا رۆیشتوون.[496]

حەجکردن بووە بە حەقیقەتێکی جێگیر، لە ژیانی مەملەکەتی لاتینی، بەهاران ئەوانەی مەبەستیان بووە رۆژوو گەورەکە لە شوێنە پیرۆزەکان بگرن، هاتونەتە مەملەکەتە و وەرزی هاوینیان لەوێ بەسەر بردووە.

بایەخدانی زۆر و چاودێری باشی حەجییەکان لەلایەن مەملەکەتەکە، وایکردووە سالآنە ژمارەیان بەرزببێتەوە و زۆرتر حەجەکانیان بکەن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، حاجییەکان لەو کاروان و لە سەردانانە پارەی زۆر سەرف دەکەن، باجەکان بەدروستی دەدەن، ئەوەش دەبێتە

---

[494] _ The Pilgrimage of the Russian Abbot Daniel in the Holy Land (106_1107) in p.p.T. S vol Iv, London 1895.

[495] _ یوشع براور: عالم الصليبية ... ل ١٩٠.

[496] _ بۆ پاراستنی حاجییەکان لەنێوان یافا و ئورشەلیم، حەوت قەلآت دروستکراوە: محمود الحريري: الاوضاع الحضارية... ل ١٨٦.

سەرچاوەی دارایی باش بۆ مەملەکەتەکە.[497] خاچپەرستەکان کاریان کردووە هەموو پێداویستی حاجییەکان دابین بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕێگا پارەکانیان سەرفکردووە و پارەیان نەماوە، دەبوایە کڵێسا هاوشانی ئەوانە بوەستێت، بۆیەش لەسەر داوای پاتریک باجەکانیان بۆ گێڕاونەتەوە، چونکە زۆر حاجی هەژار و داماو لەبەر دەرگاکانی ئورشەلیم دەبینران.[498]

لە نەخۆشخانەکانا، چارەسەری حاجییە نەخۆشەکان کراوە، سەرپەرشتی و مەسرەفی ئەو نەخۆشخانانە لەسەر ئەرکی مەملەکەتەکە بووە، ناکرێ بڵێن نەخۆشخانەکانی وەک ناو و کارەکانیان نەخۆشخانەی تەواو و دروست بوون، لە مەملەکەتەکە چوار جۆر دەزگای چارەسەری هەبووە، نەخۆشخانەیەک هەبوو بۆ نەخۆشەکانی ئالە ئەوانەی پێستان سپی هەڵدەگەڕا، خانەیان بۆ نەخۆش و داماوەکان هەبوو، میوانخانەی پیر و کەنەفتەکان، شوێنی کەساس و بێسەرپەرشتان دابینکردووە.

لەناو ئورشەلیم چەندین نەخۆشخانە هەبووە،[499] نەخۆشخانەی قەدیس یوحنا Hospital of St. John ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە چاودێری و چارەسەرکردنی حاجییە نەخۆشەکان، بەتایبەتی هەژارەکان، ئەوەی شایانی باسە نەخۆشخانەکان بەر لە هاتنی خاچپەرستەکان، هەمان خزمەت و ئاسانکارییەکانی بۆ حاجییەکان دابینکردووە، ئەوانەی لە دەڤەرەکانی لاتینییەوە دەهاتن، بەڵام بەسەرپەرشتی و چاودێری مەلیکەکان ئەو نەخۆشخانانە گەشە دەکەن و زۆر دەبن، لە هەموو گۆشەیەکی مەملەکەتەکە لق و بەشی تریان بۆ دەکرێتەوە.[500]

---

[497] _Smail. P 125.
[498] _Conder.. p 174.
[499] _Boasm Jerusalem in the Crusade Time p 156.
[500] _Richard p 91.

بەڵام نەخۆشخانە سەرەکییەکەی ناو ئورشەلیم رۆڵی سەرەکی لە مەیدانی خزمەتکردنی حاجییەکان گێڕاوە، یەکێک لە حاجییەکان بەو شێوەیە قسەی کردووە: نەخۆشخانەکەی پاشکۆی کڵێسا قەدیس یوحنا و لەناو ژووره زۆرەکانی، ژمارەیەکی زۆر نەخۆش چارەسەر دەکران، ژن و پیاو، زۆر لە نەخۆشەکانی پێست و گرووەکان چاک دەبونەوە... لەوێ من زانیم کە نەخۆشەکانی ناو ئەو نەخۆشخانەیە دەگەیشتە دوو هەزار.[501]

ئەوەش مانای ئەوە نییە نەخۆشخانەکەی قەدیس یوحنا لەو بوارەدا تاکە نەخۆشخانە بووە، لەتەنیشت ئەویش نەخۆشخانەی تریش هەبووە، خەڵکی ئیماندار و گرووپە ئاینییەکان نەخۆشخانەیان دروستکردووە، لەتەنیشت دێر مار یوشفات و لە شاری عەکاش نەخۆشخانە بۆ خزمەتی حاجییەکان هەبووە،[502] رەهبانەکانی مەزارە پیرۆزەکە نەخۆشخانەیەکیان بۆ خزمەتی حاجییەکان لەتەنیشت مەزارەکە لە ساڵی ١٠٩٩ی زاینی دروستکردووە.[503]

بایەخدان و چارەسەری حاجییەکان و چاودێریکردنی باش، بوارساز دەکات ژمارەی زۆرتری حاجی روو لەو کاروانە بکەن، بەردەوامی بۆنە و سرووتە ئاینییەکانی حەجەکە، هانی زۆری خەڵک دەدات بێنە مەملەکەتی ئورشەلیم. گێڕان و سازکردنی بۆنە و ئاهەنگە ئاینییەکان کاردانەوەی زۆری لەناو دڵی حاجییەکان هەبوو، وەک چۆن لە چیرۆکەکانی ناو ئەنجیل هاتووە، ئاهەنگ و بۆنەکان لەناو سروشت دەکران.[504]

لە مەملەکەتەکە ئاهەنگ و بۆنە و جەژنەکان زۆر بوون، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شارە پیرۆزەکە یادگار و بۆنەی ئاینی زۆری تایبەتیان

---

[501] _ John of Wurzburg ... p 44.
[502] _ Hamliton.. p 362.
[503] _richard... p 92.
[504] _ Prawer... p 176.

هەبوو، لە هەموویان گرنگتر، جەژنی پازدەی یولیو بوو، لەو رۆژەوە مەملەکەتەکە یادی دوو بۆنەی گرنگی گێڕاوە، یەکەمیان یادی داگیرکردنی شارە پیرۆزەکە، دووەمیان دووبارە نۆژەنکردنەوەی کڵێسای مەزارە پیرۆزەکە و سازکردنەوەی بۆ خزمەتکردن، ئەو جەژن و ئاهەنگانە پاش مانەوەی پەنجا ساڵ لە مانەوەی خاچپەرستەکان لەسەر خاکی پیرۆزی ئورشەلیم پەیدا دەبێت، دەبیتە یەکێک لە جەژنەکانی مەملەکەتەکە.[505]

بەرنامەکانی ئاهەنگ و یادەکە لە دەرەوە و لەناو سروشت کراوە، سەرەتا بە کاروانی دەرکەوتن و پێشڕەوایەتی پاتریک دەست پێ دەکات، بەیانی زوو کەژاوەکە لەبەردەم کڵێسای مەزارە پیرۆزەکە رەتدەبێت، دەگاتە پەرستگاکەی خودا، لەبەردەم دەروازەکەی باشوور بۆ نوێژکردن و تەراتیل خوێندنەوە دەوەستێت، ئینجا کەژاوەکە بەرەو شوێنی قوربانییەکانی فەرەنگ رێ دەکات و دەگەنە شوێنی قوربانییەکان.

شوێنەکە دەکەوێتە بەشە باکووری شوورەی شارەکە، لە گۆشەی باکووری خۆرهەڵات، لەوێ خاچێک دانراوە، کە دەکاتە شوێنی تێپەڕبوونی باوەڕدارانی جودڤری بەناو شارەکە. لەو شوێنە بەسەرپەرشتی پاتریک قەداسێک دەکرێت، هەموو پیاوانی ئاینی و خەڵکەکەش بەشداری دەکەن، سەلاواتی شوکر بەو یادە دەکرێت.[506] قەشەی ورزبورگ یوحنا بەشێکی ئاهەنگەکەی کردووە، وێنەی خۆی و قۆناخەکانی کاروانەکە و تۆماری نوێژەکە دیارن.[507]

جەژنە ئاینییەکانی سرووتی تایبەتیان هەبووە، کاردانەوەی گەورەی لەسەر دەروونی ئاهەنگسازان لە حاجی و هاوڵاتیانی مەملەکەتەکە

[505] _ تا کڵێسای مەزاری پیرۆز دانەنرابوو بۆ خزمەتی ئیلاهی، یادی ئەو جەژنە نەکراوەتەوە، واتە پاش پەنجا ساڵ لە داگیرکردنی ئورشەلیم.

[506] _Prawer... p 176.

[507] _ John... p 70_71.

هەبووە، لەگەڵ ئەوانەش جەژنی میلادیش کە لەناو کڵێسای مەهد لە بیت لەحم دەکرێت، هەموو ئاهەنگەکان سەرەتا لەناو کڵێسای مەزارە پیرۆزەکە دەکرێت، لە شوێنی رووداوەکانیش جەژنەکان کۆتایی پێ هاتووە.[508] پاتریک خۆی سەرپەرشتی ئاهەنگ و بۆنەکانی کردووە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە هیچ کاردالێک نەبووە لەو بۆنانەدا نوێنەرایەتی ئەو بکات.[509]

لە کاتی سازبوون و ئاهەنگەکاندا، کاری ناپەسندیشی تێدەکەوت، شەڕ و ململانێی روویان دەدا، هەندێک لە خەڵکەکە لەسەر جۆر و شێوەی یاد و ئاهەنگەکان ساز نەبوون، بۆیە چالاکی ئەسبتارییەکان لەودەمانە بۆ ئەوە بوو کەشەکە ئاڵۆز بکەن، لە ساڵی ١١٥٥ی زاینی لەودەمانەی پاتریک خەریکی هەندێ لە سرووتە ئاینییەکان بووە، دەستەیەک لە سوارەکان تیربارانیان دەکەن، یان دەستیان کردووە بە زەنگ کوتان و ناقووس لێدان، تا کەس گوێی لە دەنگی پاتریک فولشر لەناو کڵێسای قیامەت لە ئورشەلیم نەبێت.[510]

لەگەڵ ئەو ئاژاوانەش، هێشتا جەژنە ئاینییەکان شەوق و شادیی تێدا بووە، ئاهەنگەکان بەردەوام بووە و خۆشی بە خەڵک و حاجییەکان داوە، وەک جەژنی چوارشەممەی خۆڵەمێش، ئەو جەژنە دەکەوێتە یەکەم رۆژی بەرۆژووبونە گەورەکە، پاتریک پێشرەوی ئاهەنگەکە دەکات، سەرەتا پاتریک پێشوازی لە رەهبانەکانی مەزارە پیرۆزەکە و برا سکۆلارەکانی ناو هۆڵی کڵێساکە دەکات، نیوەڕۆکەش ناقووسە گەورەکان بۆ ئامادەبوون لە قەداسی ناو کڵێساکە لێدەدرێت، قەداسەکە لە شوێنی کەللەسەرەکە Calvary دەکەن، ئینجا هەموو بەرەو مەزارە پیرۆزەکە دەچن، لەوێ

[508] _ Prawer... p 177.

[509] _ Hamilton... p 128.

[510] _ نبيلة ابراهيم مقامي: فرق الرهبان في بلاد الشام في القرنين الثاني عشر و الثالث عشر... ل ١٠٦.

پاتریک گوتارەکەی پێشکەش دەکات و پاش وەرگرتنی بەرەکاتەکان، پاتریک دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی خۆڵەمێشەکە بەسەر خەڵکەکە.[511]

فەرەنگییەکان یادی پیرۆزیی پاکیزەییان کردوتەوە، بەرجەستەیی خودایان لە هەیکەلەکە کردووە، ئەو ئاهەنگەش بە کەژاوەیەکی سادە کراوە، سەرەتا لە مەزارە پیرۆزەکەوە دەست پێ دەکات، لەکن هەیکەلی خوداکەش کۆتایی پێ هاتووە، خەڵکەکەی ناو یاد و ئاهەنگەکەش دەست بە چراوە وەستاون.[512]

هەروەها جەژنی یەکشەممەی دارخورماکەش، یەکێکە لە جەژنە گرنگەکان، کە دەکرێ هەموو پیاوانی ناو کڵێسای ئورشەلیم بەشداری تێدا بکەن، سرووتی ئاهەنگەکە وایە، دەبێ هەموو پیاوانی ناو کڵێساکە بەشدار بن. بەر لە خۆرهەڵاتن هەموو پیاوانی کڵێسا و پاتریک لە دووری یەک میل لە ئورشەلیمەوە، کەرەستە پیرۆزەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، لە هەموویان پیرۆزتر خاچەکەیە.

لەودەمانە، خەڵکی شارەکە لەگەڵ راهیبەکانی مەزارەکە لە کڵێسای قیامە کۆدەبونەوە. لەوێ پیرۆزبایی لە لقی دارخورما و زەیتونەکە دەکرا، پیاوانی کڵێساکە پێشڕەویی کەژاوەکەیان بەرەو دەروازەی یوشفات دەکرد، لەوێ دەگەیشتنە ئەو کەژاوەیەی لە بیثانی دەهات کە پاتریک لەگەڵ خاچە پیرۆزەکەی پێشەوایەتی دەکردن.

کاروانەکە بەرجەستەی ئەو رۆژانەی دەکردەوە، کە گەورەمان مەسیح بیثانی جێدەهێڵێت و دەچێتە ناوچەی بیت فاجە Bet Phage، شوێنەکە نیوەی رێگای بیثانی و چیای زەیتونە، ئینجا چیای زەیتون

[511] _ Prawer... p 177.
[512] _ Ibid... p 178

دەبڕێت و دەگاتە ئورشەلیم، لە دەروازەی زێڕینی لەناکاو و لەخۆییەوە دەرگاکەی بۆ دەخرێتە سەرپشت و دەکرێتەوە.[513]

لەگەڵ گەیشتنی کەژاوەکەی پاتریک، بەپێی گێڕانەوەکەی یوحنا قەشەی ورزبورگ بەشکۆوە بەرەو دەروازە زێڕینەکە دەچێت، ئەوەی پاش تێپەڕبوونی حەزرەتی مەسیح دادەخرێتەوە، دەروازەکەی بۆ کەژاوەکە و خەڵکەکە دەکەنەوە، لەوێ پاتریک وتارەکەی لەبەردەم بناری چیای زەیتون پێشکەش دەکات، پاش کۆتایی قەداسەکە دووبارە و بۆ یەک ساڵ دەرگاکە دادەخرێتەوە، تەنها رۆژی شکۆدارکردنی خاچە پیرۆزەکە دەکرێتەوە.[514]

فەرەنگییەکان ویستویانە هەموو یاد و ئاهەنگەکان لە شوێنەکانی خۆیانەوە بگێڕن، ئەوەش لە جەژن و یادەکان کراوە، وەک یادی شووشتنی پێیەکانی ئێوارەی هەینییە ماتەمینەکە، ئەوەش بە یادی ئەوەیە کە مەسیح پێی حورییەکانی شووشتوە، ئاهەنگەکە لە دێری قەدیسە ماری لە چیای سەهیون کراوە.

بەشداربووانی ئەو یادە هەژارەکانیان بە پێش خۆیان داوە، سەرەتا ئەوان پێیان شووشتوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە، نەوەک نەخۆشی پێست و گڕوویان هەبێت، لە کاتی ئاهەنگەکە بڕوایان وابووە ئەگەر ئەوە بکەن نەخۆشییەکە بڵاونابێتەوە. وەک بەرنامەکە دیار بووە، سەرەتا پاتریک قسەی کردووە و دوایی رۆنی موبارەکی بەسەر خەڵکەکە داکردووە، ئینجا دەستشۆر و خاولییەکانیان بە دەستی رەهبانەکانی سەر بە مەزارە

---

[513] _ Theodrich... p 34_ 35.

[514] _ ثیودریک وتوویەتی دەرگا زێڕینەکە، ساڵانە یەکجار کراوەتەوە، ئەویش لە جەژنی دارخورماکە بووە، لە رۆژی شکۆداری خاچەکەش کراوەتەوە.

پیرۆزەکە ئامادە کردووە، سەر و پێی هەژارەکانیان شووشتوە، ئینجا دەستیان ماچکردوون و جلوبەرگ و پێڵاویان بەسەر دابەشکردون.[515]

لەو شوێنەی حەزرەتی مەسیح لە خاچدراوە، لەوێ یادی هەینییە گەورەکە دەکەنەوە، ئاهەنگەکە بەدرێژایی رۆژی هەینی بەردەوام دەبێت، پاتریک و پیاوانی تری کڵێساکە قەداس دەکەن و یادەکە بەرز رادەگرن.[516]

جەژنی ئاگرە پیرۆزەکە، یان رووناکییە پیرۆزەکە یەکێک بووە لە مەزنترین و ناودارترین یاد و ئاهەنگ و جەژنی تایبەتی شارە پیرۆزەکە، کە جەژنی فەسح نزیک دەبێتەوە، چاوەڕوانی رووناکییە پیرۆزەکەیان لە هەموو کڵێسانی ئورشەلیم دەکەن، لاتینییەکان ئەو جەژنە لە یونانییەکان فێربوون و لێیان وەرگرتوون، ئەو جەژنە لە سەردەمی شارلمانەوە کراوە، تێدا ئاگر لە یەکێک لە چراکانی شارە پیرۆزەکە بە ئاگریی خودایی دەکەنەوە، وەک ئەوانەی دیویانە و دەگێڕنەوە.[517]

پاش تەواوبوونی نوێژی خۆرئاوابوونی Holy Fire رۆژی هەینی مەزنەکە Holy Light ئامادەکارییەکان ساز دەکران، مەزارەکەش پاک دەکرایەوە، هەموو چراکانیان خاوێن دەکردەوە و پڕ زەیتی پاکی بێ ئاویان دەکرد. ئینجا چراکانیان هەڵدەواسیوە، بێ ئەوەی دایانبگیرسێنن. هاوکات لە هەموو کڵێساکانی تری شارەکە چراکان پاک دەکرانەوە،[518] دانییل لەسەر باسکردنی سازییەکانی ئاهەنگەکە بەو جۆرە قسەی کردووە، دەڵێن ئەو بلدوینی یەکەمی دیوە، خۆی وەک حاجییەکی

---

515 _ Prawer... p 178.

516 _ Theodrich... p 74.

517 _ چەندین سەربردەمان لەسەر ئاهەنگ و ئامادەیی و سرووتەکان هەیە، سەیری:
Daniel p 75_75, Theodrick... p 99, Fulcher, in Daniel, Appendx, 106_ 108.

518 _ Daniel.. p 74.

ئۆرثۆزکسی ناساندووه، ئەویش بەگەرمی پێشوازی دەکات، قبووڵیش دەکات ئەویش چراکەی لەسەر مەزاری گەورەمان مەسیح دابنێت،[519] رەنگە مەبەستی دانییل لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە، لێبووردەیی باوەڕدارانی کڵێسای لاتینی بێت لەگەڵ کریستیانە ئۆرثۆزکسیە خۆرهەڵاتییەکان.

بەیانی رۆژی شەممەی پیرۆز Holy Saturday کڵێسا قەرەباڵغ دەبێت و خەڵکێکی زۆری هاوڵاتیان و حاجییەکانی لێ کۆدەبێتەوە، لەگەڵ سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، پاتریک و رەهبانییەکان، قەداسەکە لەسەر شێوەی قەداسی لاتینی ساز دەکات، ئینجا ئۆرثۆزکسییە یونانییەکان قەداسە یونانییەکانی خۆیان دەکەن، ئاهەنگەکە تا سەعات نۆ بەردەوام دەبێت. ئەوەش مانای ئەوەیە چرا پیرۆزەکە دوادەکەوێت _ بۆیە یەکێک لە یونانییەکان بە قسە و گێڕانەوەی فوشە شارتری بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، ئەوەش نەریتێکی کۆنە Kyrie Eleosn، مانای ئەوەیە خودایە رەحمەتمان بۆ دابەزێنە Lord have Mercy upon us ئەوە و هەموو دروشمەکان دەڵێنەوە.[520] ئەو دروشمە لەلایەن لاتینییەکان پەیڕەو دەکرێت، کە ئاهەنگەکانیان بەبێ گریکەکان کردووە. گوێمان لە دروشمی نوێی لاتین دەبێت کە هاوار دەکەن، ئەی خودا یارمەتیمان بدە، یان دەیانووت ئەی مەزارە پیرۆزەکە یارمەتیمان بدەن.

لەگەڵ دەنگی پاڕانەوەکان، پاتریک و ئەسقفەکان چاوەڕوانی ئاگرە پیرۆزەکەیان کردووە، لەودەمانەش هەموو پیاوانی ئاینی ئامادە دەبوون، کە خاچەکەیان لە تەختەدارێکی گەورە دەبەستایەوە و وایاندەزانی خاچە رەسەنەکەیە، هەروەها کەرەستەکانی قەدیسەکانیان هەڵدەگرت، هەمووش

---

519 _ Ibid ... p 74_75.
520 _ Fulcher... p 106.

چاوەڕوان دەبوون، تا خودا ڕەحمەتی ڕووناکییەکەیان بۆ بهێنێتە ناو چراکان، هیچ سەعاتێکی دیاریکراو نییە، بۆ دەرکەوتنی ئاگرە پیرۆزەکە، دابونەریتەکەش وابوو، ئاگرەکە بەر لەوەی بگاتە هیچ مرۆڤێک، دەگاتە هەیکەلی خودا، تەنها پاتریک نەبێت کە چراکەی خۆی دادەگیرسێنێت.[521]

ئەو یادە، شکۆمەندترین یادی مەملەکەتەکە بوو، بەڵام یاد و بیرەوەری تریش هەبووە، وەک پێنجشەممەی بەرزبوونەوە Ascdnsionday، ئاهەنگەکە بە چوونی کاروانێک بۆ چیای زەیتون پاش نوێژکردن لە کڵێسای مەزارە پیرۆزەکە دەست پێدەکات، کاروانەکە دەگاتە ئەو کڵێسایەی لەو شوێنە دروستکراوە، گوایە لەوێ مەسیح بۆ ئاسمان بەرزبوویتەوە، شوێنەواری پێیەکانی گەورەمان مەسیح لەوێ ماوە و دیارە.[522]

کریستیانە لاتینییەکان یادێکی تایبەتییان هەیە، بەناوی جەژنی دۆزینەوەی خاچە پیرۆزەکە، ئەو یادە لەناو کڵێسایەک دەکەنەوە، کە لە شوێنی دۆزینەوەی خاچەکە دروستکراوە.

یاد و جەژنە ئاینییەکان زۆر بوون، کڵێسا وەک ئەرکی خۆی سروود و تەراتیل و سرووتە تایبەتییەکانی هەموو جەژنەکانیان کردووە، هەر جەژنێکیش شێوە و بەرنامەی خۆی هەبووە. پاتریک ڕشت بووە لەسەر ئەوەی خۆی سەرپەرشتی ئاهەنگەکان بکات، ئامادەبوونی ئەو و هەموو ئەمیر و بەگزادەکانی مەملەکەتەکە، ڕەنگدانەوەی بایەخی زۆری پیاوانی ئاینیی بە لایەنە ڕۆحییەکە بووە لە ژیانی مەملەکەتی لاتینی، لە شوێنێک کە چەندین بڕوای تری کریستیانیەتی تێدا بووە. ئەوە ڕەنگدانەوەش بووە، بۆ بەستنەوەی هاوڵاتیانی مەملەکەتە نوێیەکە بە ڕەگە کۆنە دێرینەکەیان،

---

521 _ Theodrich... p 14, 15.
522 _ Prawer... p 181.

ئەو سرووتانەش شرۆڤەیەکی باو و پەیڕەوکراو بووە، جەختیش لەوە دەکەنەوە، یادەکان لە شوێنی ڕووداوەکان بکەنەوە و لاسایی هەنگاوە کۆنەکانی ڕووداوەکە بکەنەوە.

دیارە کە کڵێسا تا ڕادەیەکی زۆر لەوەدا سەرکەوتوو بووە، چونکە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر لەو ئاهەنگ و یادانە، لە حاجییەکان و هاوڵاتیانی خۆیان نیشانەی گەرمی و سەرکەوتنی یادەکان بووە.

ئەگەر کڵێسا هەموو ئەرکەکانی سەرشانی بۆ پاراستن و چاودێرییەکان جێبەجێکردبێت، دیارە مەبەستی بووە دیسپلینێک لەناو هاوڵاتیانی کڵێساکەیان، بە هەموو پێگە و پایەکەوە بچەسپێنێت. کڵێسا دادگای سەربەخۆی تایبەتی هەبووە، هەموو دەسەڵاتە قەزاییەکانی لەسەر هەموو پیاوەکان چەسپاندووە، هەروەها لەسەر پیاوە سکۆلارەکانیش، لە حاڵەتی هاوسەرگیری و شەرع و میرات و هەرقەتە ئاینییەکان و لادانە سێکسییەکان.[523]

کڵێسا کۆبونەوەی کردووە بۆ لادانی پاتریک، وەک چۆن بۆ دایمبرت و ئایڤرمار کردویەتی، لەو کۆڕ و کۆبونەوانەدا نوێنەری دەسترۆیشتووی پاپاش ئامادە بووە.[524] ئەو کۆڕانەش تەنها بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردن نەبووە، بەڵکو بۆ ریفۆرمیش کۆبونەتەوە. لە ساڵی ١١٢٠ی زاینی لە نابلس بۆ ریفۆرمی ئەخلاقی کۆبونەتەوە، چونکە لەودەمانە مەملەکەتەکە، سێ ساڵ بوو بە ڕەوشێکی کوشندە تێدەپەڕی، چەندین تەنگژە و کارەساتی سروشتی وەک بومەلەرزە و هێرشی کلۆ و کەمی خۆراک هاتووە، پیاوانی پیاوانی، ئەوانەیان بە تووڕەبوون و ناڕەزایی خودا زانیوە، بۆیە بۆ پێداچوونەوە و ئاشتبوونەوە ڕێنماییان کردووە. وەلیم سوری

---

[523] _ باركر الحروب الصليبية ... ل ٨٠.

[524] _ conder... p 192.

دەگێڕێتەوە کە کۆڕەکەی نابلس داوای کردووە: پێویستە ئاشتەوایی لەگەڵ خودا، بە کاری تەقوا و بەرزکردنەوەی ئاستی رەوشت و پابەندبوون بە سیستەم بکرێت، ئامادەبووان و بە رەزامەندی هەمووان بیست و پێنج بابەتی قەزایی بە هێزی یاساوە دەردەکەن.[525]

کڵێسای لاتینی کە ئورشەلیم کارە چاکسازییە چاودێرییەکان و کاری تریان کردووە، وەک شەڕ و بەڕێوەبردنی وڵات لەکاتی دوورکەوتنەوەی مەلیک، ئەوانەیان بە شێوەی گونجاو کردووە، ئەگەر دەسەڵاتی پاشاکانیان هەبوایە کاری باشتر و گەورەتریان پێ دەکرا، ئەگەر پاشاکانی مەملەکەتەکە ئارەزوویان بکردبوایە، بۆیەش تا رادەیەک پاشاکان ویستوویانە کڵێساکان لەبن دەسەڵات و هەژموونی ئەوان بێت.

**تەواو**

---

[525] ــ جرموند باتریکی ئورشەلیم و بلدوینی دووەم و ئایڤرمار و روجر ئەسقفی لود و جیلیدین بەرپرسی دێری ماری لە دۆڵی یوشفات و پوترسی بەرپرسی جبل تارق... سەیری:
William ... p 536.

## سەرچاوە و ژێدەرەکان:

### یەکەم: سەرچاوەکانی بێگانە:

Anonymous:

The Deeds of the Franks and the other pilgrims to Jerusalem, Trans, Rosalind Hill U.S.A.

Anonymous Pilgrims:

In P.P.S. Vol VI, London 1889.

AOL:

Archives de L Orient Latin, 2 Tomas.(eds. P. Riant et H. Hagenmeyer, Paris 1884.

Dniel:

Pilgrimage of the Russian Abbot Danil in The Holy Land (1106_ 1107A.D.) Annotated by Sir Wilson, in P.P.T.S. Vol IV, London, 1985.

Enhard:

Vita Carolimagni, trand, by Lewis Trope, in Two Lives of Charlemagne, Penguin book 1969.

Fulcher of Charter:

A history of the Expedition to Jerusalem 1095_ 1127, trans, rita Ryan, ed, Harold Fink, U.S.A. 1969.

Gergory III, Pope:

Letter to the Emperor Leo III.

Gergory III, Pope:

_ Excomunicate Iconolasts.

_ Asks Aid of the Franks Ageist the Lombards.

_ Lettwe to Prindes wishing to Reconquer Spain 1037.

_ Calls for a Crusade 1074. Letter to Henry IV, december 1075.

Henry IV:

The Desposition of Gregory VII.

Thatcker O.D. & McNeal E.H.:

A Soure Book for Medieval History, New Yourk, U.S.A. 1905.

John of Wurzburg:

Description pf the Holy Land (1160_1170 A.D.), Trans, by Aubery stewart, In. P.P.T.S, Vol V, London 1896.

Pope, Leo VII:

Grant the Emperor the Choose the Pope and Invest all Bishops.

Letter of the Bishops ro Gergory VII January 23 (1076).


کۆمەڵێک بەڵگەنامە:

Thatcker O.D. & Mcneal E.H.:

A Source Book for Medieval History, Now Yourk, USA 1905.

Phpcas, Johannes:

The Pilgrimage of Johannes Phocas, in the Holy Land 1185AD

Trans by. Aubery stewart, In PPPTS, Vol V, London 1896.

Regesta Regni Hierosolymitani R,Rohircht, Insbruck 1893.

R.O.L:

Reve D Orient Lantin in Vol 1_7 1893.

Theodrich:

Theodrich s Description of the holy Places (circ 1172 AD) trans.

Aubery Stewart, In P.P.T.S, vol V London 1896.

William of Tyre:

A History of the Deeds done Beyond the Sea, transl. And annotated by Wmily Atwter Babcock and A.C. Krery, Colombia University Press 1943.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبی و بەعەرەبیکراوەکان:**

1. الكتاب المقدس، دار الكتاب المقدس.
2. ابن ميسر (محمد بن على بن يوسف، ت١٢٧٨م. كتاب الاعتبار، نشره و حققه فيليب حتى، ط. برنستون ١٩١٩م.
3. آسامه بن منقذ: ابو المظفر بن مرشد بن على بن مقلد بن نصر ت ١٩٣٠م. كتاب الاعتبار، نشره و حققه فيليب حتى، ط، برنستون ١٩٣٠م.
4. عمادالدين الاصفهانى: آبو عبدالله محمد، ت ١٢٠١م. الفتح القسى فى الفتح القسى. تحقيق وشرح و تقديم، محمد محمود صبيح، ط. القاهره ١٩٦٥م.
5. قاسم عبده قاسم، دكتور: الحروب الصليبيه، نصوص ووثائق تاريخيه، العربيه للدراسات والنشر ط. القاهره ١٩٨٥.

**سێیەم: ژێدەرەکانی بێگانە:**

Adrian J. Boas:
Jerusalem in the time of the Crusades, London 2001.
Ault, Warren:
Europe in the middle Ages, Boston U.S.A. (1946)
Baldwin, M. W:
The Medieval papacy, London, 1968
Barraclough, G,:
The Medieval papacy, London, 1968.
Benvenisti, Moron:
The Crusaders in The Holy Land, Jerusalem 1970.
Boase, T.S.R:
Kingdoms and strong holds of The Crusaders, London 1971.
Brehier, L:

L Elise Et L Orient au Moyen Age-Les Croisades, Paris 1928.

Charanis, p ”The west and the Origin of the First Crusade, Byzanitum XIX, 1948-49.

Conder, C, R:

The latin of Jerusalem, London 1897.

Cowdery:

”The GENESIS OF THE CRUSADES”, in The Holy War,.

Ed. Patrick Murphy, U.S.A1974.

Deanesly,Margaret:

A History of Medieval Church, 590-1500, London 1973.

Duggan A:

The Story of the Crusades1097-1291, London1963.

Duncalf, F:

”The Pop s plan for the Crusade” in The Crusaders Motive and Achievement (ed. James Brundidge), Boston U.S.A1964.

Dovrink F:

Constantinople and Rome, in C.M.H VOL 4, pr.2, Cambridge1966.

Flich, A:

La Paupte et Les Origines de La Croisadse, Revue d Histoire Ecclesiastique, Tom .XXXIVParis1938, pp. 762-775.

Fortescue, A:

Orthodox Eastern Churches, London1923.

Grousset, R:

Histoire Des Croisades Et du Royaunme De Jerusalem, Tom, 1, Paris 1943.

Hagenmayer:

Chronologies Dela Premier Croisade, in R.O. L. TOM, 7, Paris 1934.

Halphen, Louis:

The church from Charlemange to Sylvster II, in CMH, V, 2 1966.

Hamilton, Bernard:

The Latin Church in the Crusader States, The Secular. London 1980.

Hayward. F:

A History of the Popes, London 1931.

Herman, S.J:

The Secular church, in CMH V IV London 1962.

Hulm, Edward:

The Middle Ages, London 1936.

Johnas, P:

A History of the Christianity, London 1930.

Kreen, Murice:

A History of Medieval Europe, London 1967.

Krey:

Urban S Crusade success or Failure? In AHR, L III, Jan 1948.

Latrie, L. DeMas: Les Patriarchate Latins de Jersalem, ROL. Tom 1 paris 1092.

Mayer H. E:

The Crusades, Trans. John gillingham, Oxford 1972.

Mayer, William:

Essay On The Litin Orient, Cambridge 1921.

Mills. D, C:

The speech of Pope Urban II, at Clemont, 1095, AHR, Vol XI, 1965.

Notes and Suggestions Did The Emperor Alexius 1 Ask for Aid at The council of Piacenza 1095, AHR. Vol XXXII, 1922.

Painter, Sidney:

A History of The Middle Ages (284_ 1500), New Yourk, 1954.
Pirenne, H:
A History of Europe, Vol 1, Trans. By Bernard Mail, New Yourk 1956.
Prawer, J:
The Latin Kingdom, European colonialism in The Middle Ages, Istael 1972.
Social Class in The Crusader States: The Minorities, Ed. Setton, A History of the Crusades, Vol V USA, 1985.
Richardm J:
Le Royaum Latin De Jerusalem, Paris 1953.
Hospital and Hospital Congergation in the Latin Kingdom.
During The First Period of the Frankish Conquest Crosues, Missionares et Voyageurs, London 1983.
The Political and Ecclesiastical Oraganization of The Crusader Statesm in Setton, A History of the Crusades Vol V, USA 1985.
Rohricht, R:
Regest and Hierosalymitani, Insbruk 1893.
Rowe, John:
The Papacy and the Ecclesiastical Province of Tyre 1100_ 1187, The John Rylands Library, vol 43, Manchester 1960_ 1961.
Runciman, Steven:
The Eastern Schism, A study of the Papacy and The Eastern Churches durong The XIth, And XIIth Centuries, Oxford 1955.
Historic Role of The Christian Arads of Palestine, London 1950.
Smith, J. R:

Crusading Warfare 1097_ 1193, cambridge 1950.

The Crusaders in Syria and The Holy Land, Great Brittan 1974.

Simth, J, R:

What Were The Crusade? New Jersey 1977.

Stephenson, C:

Medieval History, Washington, New Yourk, 1944.

Thatcher, O.D.& McNeal, E.H:

A source Book for Medieval History, New Yourk, USA 1905.

Thomas Asbridge:

The Frist Crusade, A New History. The Roots of conflict between Christianty and Islam, Oxford 2004.

Thompson, J. W:

The History of The Middler Ages, Vol 1, London 1931.

Thorndike, Lynn:

The History of Meddle Europe, USA 1956.

Tout, t.F:

The Empire and The Papacy, Period II 918_1273, London 1924.

Waller, Wilson:

A History of Christian church, USA. 1944.

Zernov, nicolas:

Eastern christiandom, London 1961.

Zeo Olaen Bourg:

The Crusade, Trans, Anne Carter, New Yourk 1966.

## چوارەم: ژێدەرە عەرەبی و وەرگێڕدراوەکان:

• د. احمد رمضان احمد، بيت المقدس، ندوه التاريخ الاسلامى و الوسيط، تحرير: قاسم عبده قاسم، رآفت عبدالحميد، القاهره ١٩٨٤م.

- د. اسحق تاضروس عبيد، روما وبيزنطه ن قطيعه نوتيوس حتى الغزو اللاتينى لمدينه قسطنطين، دار المعارف، القاهره ١٩٧٠م. الامبراطوريه الرومانيه بين الدين و البربريه، دار المعارف القاهره ١٩٧٢م.
- ارنست باركر، الحروب الصليبيه، ترجمه السيد الباز العرينى، القاهره، ١٩٦٠م.
- د. باراكلاف، ج. الدوله والامبراطوريه فى العصور الوسطى، ترجمه و تقديم خوزيف يوسف نسيم، دار المعارف، القاهره ١٩٧٠م.
- د. براور يوشع، عالم الصليبين، ترجمه قاسم عبده قاسم و محمد خليفه القاهره ١٩٨١م.
- جوزيف يوسف نسيم، العرب والروم و اللاتين فى الحروب الصليبيه الاولى، دار المعارف، القاهره، مصر، ١٩٦٧م.
- آنشوده رولان قيمتها التاريخيه، و ما آثير حولها من جدل ونقاش، ندوه التاريخ الاسلامى والوسيط، تحرير: قاسم عبده قاسم، رأفت عبدالحميد، مج ا، القاهره، مصر، ١٩٨٢م.
- حسن حبشى، الحرب الصليبيه الاولى، القاهره ١٩٤٧م.
- دوسن كريستوفر، تكوين آوربا، ترجمه و مراجعه مصطفى زياده، سعتد عاشور، الالف كتاب القاهره ١٩٦٧م.
- راسل برتراند، حكمه الغرب، ج١ ترجمه فواد زكريا، عالم المعرفه، الكويت ١٩٨٣م.
- د. رآفت عبدالحميد، السمو البابوى بين النظريه والتطبيق، ندوه التاريخ الاسلامى والوسيط، مج٢، تحرير: قاسم عبده قاسم، رآفت عبدالحميد، القاهره ١٩٨٥م.
- رنسيمان ستيڤن، الحضاره البيزنطيه، ترجمه عبدالعزيز توفيق جاوى، مراجعه: زكى على القاهره ١٩٦١م.
- تاريخ الحروب الصليبيه، ترجمه السيد الباز العرينى، ثلاثه آجزاء: بيروت ١٩٦٧ــ ١٩٦٩م.
- زينب عبدالحمد عبدالقوى، العلاقات الدينيه والسياسيه بين الامبراطوريه البيزنطيه وغرب اوربا فى الفتره من ١٠٧١ــ ١١٠٤م، رساله ماجستير لم تنشر، آشراف: آ.د. قاسم عبده قاسم، آداب الزقازيق، ١٩٨١م.
- د. سعيد عبدالفتاح عاشور، الحركه الصليبيه، جزاءان، مكتبه الانجلو المصريه، القاهره ١٩٧٥م. آوربا العصور الوسطى، التاريخ السياسى، ج١، ط٢، القاهره ١٩٧٨م.

- د. السيد الباز العرينى، موءرخو الحروب الصليبيه، القاهره ١٩٦٢م. الدوله البيزنطيه ٣٢٣_ ١٠٨١م، دار النهضه القاهره ١٩٦٥م. الشرق الاوسط والحروب الصليبيه، ج١، القاهره ١٩٦٢م.
- د.عادل زيتون، العلاقات السياسيه والكنيسته بين الشرق البيزنطى و الغرب اللاتينى فى العصور الوسطى دار دمشق، ١٩٨٠م.
- د. عليه الجنزورى آماره الرها الصليبيه عين الشمس ١٩٧١م.
- د. عمر كمال توفيق، مملكه بيت المقدس الصليبيه ١٩٧٨م.
- فشر، ه.ا. ل تاريخ آوربا فى العصورر الوسطى، ج١، ترجمه محمد مصطفى زياده، السيد الباز العرينى القاهره ١٩٦٧م.
- د. قاسم عبده قاسم، الخليفه الايدلوجيه للحروب الصليبيه، دراسه عن الحمله الاولى ١٠٩٥_ ١٠٩٩م دار المعارف القاهره ١٩٨٢م.
- الدوافع الاجتماعيه فى الحركه الصليبيه، ندوه التاريخ الاسلامى والوسيط، مج٢، تحرير قاسم عبده قاسم، رآفت عبدالحميد، دار المعارف، القاهره ١٩٨٥م.
- الحروب الصليبيه، نصوص ووثائق، الحمله الصليبيه الاولى ١٠٩٥_ ١٠٩٩م.
- كانتور، نورمان ف. التاريخ الوسيط قه الحضاره: البدايه والنهايه، جزءان، ترجمه وتعليق: قاسم عبده قاسم، دار المعارف، القاهره، ١٩٨١_ ١٩٨٦م.
- د. محمود محمد الحويرى، الاوصاع الحضاريه بى بلاد الشام فى القرنين الثانى عشر والثالث عشر من الميلاد، دار المعارف، القاهره ١٩٧٩م.
- محروس عبدالقدوس، جستيان وسياسه الاسترداد، رساله ماجستير غير منشوره، آشراف قاسم عبده قاسم، آداب الزقاريق ١٩٨٤م.
- موس، سانت ل. ب. ميلاد العصور الوسطى ٣٩٥_ ٨١٤م ترجمه عبدالعزيز توفيق مراجعه السيد الباز العرينى، عالم الكتب، الالف كتاب، القاهره، ١٩٦٧م.
- د. نبيله آبراهيم مقامى، فرق الرهبان الفرسان فى بلاد الشام فى القرنين الثانى عشر و الثالث عشر، رساله ماجستير غير منشوره، آشراف د. حسنين محمد ربيع، جامعه القاهره ١٩٨٧م.
- نقولا امرازى، كنز النفائس فى اتحاد الكنائس، تعريب يوحنا حزبون، القاهره، ١٩٠٤م.
- هسى، ج. م. العالم البيزنطى، ترجمه وتعليق وتقديم: رآفت عبدالحميد، دار المعارف، القاهره، ١٩٨٢م.

**شێرزاد هەینی**

لە دایکبووی: 1955 هەولێر.

دەستپێك: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

1. لەیادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، بە یارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپدراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا، هەولێر، 1985، قەبارە: (24×17) سم، نرخ: (1500) فلس.

2. هەر لەشارەوانیدا، 1994 (12) ژمارەی رۆژنامەی هەولێری دەرکردووە.

3. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر، چاپی یەکەم، 1991.

4. دیوەخانی فلێن، رۆژانەو رێپۆرتاژ، چاپی یەکەم، 1999.

5. هەولێر.... تا دبلن، رێپۆرتاژ، چاپی یەکەمن، بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، چاپی یەکەم، هەولێر، 1996، 88 لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون2، زانکۆی ئازادی بەرلین، 2000.

6. بەغداد.... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، چاپی یەکەم، سوید و سلێمانی، 2000.

7. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2000، 90 لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، 2006، 254 لاپەرە، (20×14)سم، نرخ: (3000)دینار.

8. کاکە ئەبو ئیسماعیل، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2001.

9. گابریل گارسیا مارکیز، بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2001.

10. دە رۆژەکەی هەولێرم، وتار و ریپۆرتاژ، هەولێر گۆڤاری گوڵان، ئوسترالیا رۆژنامەی کورد، 2001.

11. سیڤییەکان 1، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، کۆمەڵە دیدارێکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 2002 _ 2009.

12. سارد یان گەرم، چاپکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ رۆژنامەوانی و راگەیاندن، چاپی یەکەم، 2005، 105 لاپەرە، قەبارە: (22×10.5)سم.

13. نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لە پێناوی ئازادیدا، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، 286 لاپەرە.

14. مەملەکەتی کەلاوەکان، وتار و پێناسەی بیناسازی کوردییە، کتێبی گیرفان، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005، 24 لاپەرە.

15. کۆریا: پێناسە و شارەزابوونـی وڵات و میللەتی کۆریایە، وەرگێران، بڵاوکراوەکانـی دەزگای وەرگێران، چاپـی یـەکـەم، هـەولێر، 2007.

16. ستیفان بروشفیلد، پول ئا. لیڤین، هۆلۆکۆست: ئاگاداری نەوەکانتانی پێبکەنەوە، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.

17. دوو برێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساکۆ، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2008، 176 لاپەرە.

18. مارتن لۆسەر: بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی سەنتەری مەسەلە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008.

19. بیار بیون، بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراك و سارکۆزی و روایال، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_ بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2008، 243 لاپەرە.

20. 955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، هەولێر، 2008، 333 لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، 2015.

21. دۆلار له ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانك له ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، 223 لاپەرە.

22. کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا، سێکس و پۆلەتیك: دیوێکە له ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، وەرگێرانی له عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2008، 224 لاپەرە.

23. مەجبور گێرانەوەی دوێنێی نزیکە!، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی، 2008، 128 لاپەرە، قەبارە: (14.5×20.5)سم.

24. تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن، دۆسیەیەك له گۆڤاری نما، هەولێر، 2008.

25. سارا پالین، ژنێکی دەرچوو له نەریتەکان/ ژیانی هاوولاتییەکی ئەمریکاییە، وەرگێرانی له عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2008، 95 لاپەرە، قەبارە: (12.5×19)سم.

26. کامیلیانە ئەنتفایفر دو فرانسوا نیکۆلۆ و منی لنی، من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم، وەرگێران له عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سێمانی، 2009، 271 لاپەرە، قەبارە: (14×20)سم، نرخ: (3000)دینار.

27. ترێنە خێراکەی رۆژهەلات، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، 136 لاپەرە.

28. کاکە ئەبو خەلیل، سەربردە و ریپۆرتاژ و روداو، له بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2009، 216 لاپەرە، قەبارە: (14.5×22)سم، نرخ: (2500)دینار.

29. خوان ئایریاس، دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ: دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەر و فەیلەسوفی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، وەرگێران له عەرەبییەوە، له بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2009، 271 لاپەرە.

30. سەلام ئەلئیمام، مۆساد، وەرگێران لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، چاپی دووەم، هەولێر، 2010، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2013، 288 لاپەرە، نرخ: (5000) دینار.

31. سەلام ئەلئیمام، حیکایەتەکانی غەدر و خوێن: بەشێك لە گێرانەوەی تیرۆرە گەورەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2009، 286 لاپەرە.

32. غەسان شەربل، نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، ئامادەکردن، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 2009، 94 لاپەرە.

33. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2010.

34. میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە، برادەرە جوانەکە ... رەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010، 136 لاپەرە.

35. کارۆڵین جیسوب، دەربازبوون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010، 120 لاپەرە.

36. سیاسەتی دڵ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010.

37. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010.

38. ئەمال عەوێزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم،

چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010، 155 لاپەرە، ، بایی: (4000) دینار، قەبارە: (19 × 12)سم.

39. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، 2010.

40. سیڤییەکان 2، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، 2011.

41. مهناس کراماشاد، غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011. سێ جار چاپ بووە.

42. بیۆگرافیای ئامووس ئۆز، چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011، 800 لاپەرە.

43. کازیوە ژنەکەی ناو فێسبوك، نۆڤلێت، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر 2011.

44. هینینگ مانکیل، سەگەکان لە رێگا، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011، 304 لاپەرە، قەبارە: (24×17)سم.

45. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011.

46. عەلی بەدر، تووتنەوانەکە: بەسەرهاتی جوولەکەیەکی عێراقییە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011، 415 لاپەرە، نرخ: (6000) دینار.

47. عەلی بەدر، بابا سارتەر، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، 2012، نرخ: (6000)دینار.

48. بودوان بۆلایر و مارك رۆش، دەسەڵاتی دوو ژن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2012، 172 لاپەرە، قەبارە: (23.5×16.5)سم.

49. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2012، نرخ: (6000)دینار.

50. چراکانی ئۆرشەلیم، رۆمان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2013.

51. شۆرشەکانی جیهان، ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2013.

52. هەولێر: ئیبن مستەوفی، رۆمان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، 2012.

53. هەولێر: سێتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2013.

54. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، گێلە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2013.

55. زستانی خێزانەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی 2013.

56. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بلاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013.

57. سیڤییەکان 3، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، 2013.

58. سیڤییەکان 4، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، 2013.

59. رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013.

60. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، 2014.

61. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی حیکمەت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، 2014.

62. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2014.

63. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، بەرگی سێیەم، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2014، 216 لاپەرە، نرخ: (8000)دینار.

64. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2015، 219 لاپەرە، نرخ: (5000)دینار.

65. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2015، 224 لاپەرە، نرخ: (6000)دینار.

66. گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی، هەولێر، 2015.

67. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2016، 228 لاپەرە، نرخ: (5000)دینار.

68. هەولێر: سەفین، رۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2016، 232لاپەرە، نرخ: (7000)دینار.

69. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای رۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2016، 289 لاپەرە، نرخ: (3000)دینار.

70. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2016.

71. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، پەیامەکانی ژێرزەوی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2016، 214 لاپەرە، نرخ: (5000)دینار.

72. خافێیەر سێرکاس، سەربازانی سارا مینا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2017، 222 لاپەرە، نرخ: (6000)دینار.

73. مەلیکە موقەدەم، ژنە یاخیبووەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2017.

74. هەولێر: قەرەچوغ، رۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو: خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی: (77) چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2017، 232 لاپەرە، قەبارە: (23 × 17)سم.

75. ژنێک پرچم رەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧ .

76. ژنە کافرەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2017.

77. ئەبەنووس، رۆمان، لەسەر ئەرکی هێمن زەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، 2018، 127 لاپەرە، نرخ: (3000) دینار، قەبارە: (14×21)سم.

78. هەولێر عەنکاوە، رۆمان رۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی بنەماڵەی شەهید سۆران عەنکاوەیی چاپکراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.

79. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێڕان، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢سم، کتێبخانەی مێخەک سۆران ٢٠١٨

80. هەولێر کوران زانیاری، رۆمان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سم، لەسەر ئەرکی د. محەمەد عوزێری چاپکراوە، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.

81. ژنە خامۆشەکە، نووسینی مەلیکە مەقەدەم، وەرگێڕان، رۆمان، سۆران مێخەک ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.

82. کلاشینکۆف، ڕۆمان، بەهاوبەشی لەگەڵ د. محەمەد عوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.
83. هەولێر رینکەبی ڕۆمان هەولێر ٢٠١٩
84. مافیا دەوڵەتی سامانی و خوێن، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
85. پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
86. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی وەرگێڕان، ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩
87. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
88. بە لیڤل بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە. یادنووس هەولێر ٢٠١٩.
89. سیڤییەکان بەرگی ٥ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
90. دەریاوانە خنکاوەکە مارکیز ڕۆمان چ ٣ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
91. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
92. نەهاتی مێخەکی سەربەرگەکە ببەیتەوە ٧ دەق، وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٩.
93. پایزەساڵ، بیرەوەری ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
94. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئیخوان ئەلموسلین وەرگێڕان، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩.
95. لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، دوو گەشتی کۆن، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.
96. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، ئامادەکردن چ٢ ناوەندی سارا ٢٠١٩.
97. پۆستەی شەو، ڕۆمان هودا بەرەکات، وەرگێڕان ناوەندی سارا ٢٠١٩.
98. سەکۆی مەککە، رۆمان زید عومران وەرگێڕان ناوەندی ئاودێر ٢٠١٩.
99. هەولێر ئەستنبۆل ڕۆمان زانکۆی جیهان ٢٠١٩
100. ڕۆژگاری من دیلان بوب ئاوێر ٢٠٢٠